# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥٤
چوارشەممە
٢٠١٠/١٠/٢٠
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دیناره
www.destur.net


**زمانی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)، زمانی دەستوورییە**

17 «

# شەڕی ڕاگەیاندنی پارتیو ئێران دەستپێکرد

# پارتی: ئێران بە بەرنامە دژایەتیمان دەکات





کاروخ نامیق

چەند هەفتەیەکە پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو حکومەتی ئێران ئاڵۆزی تێکەوتووەو شەڕێکی گەرمی ڕاگەیاندنیان دەستپێکردووە. پارتی ئێران بەشێواندنی مێژووی حیزبەکەیو مستەفا بارزانی تۆمەتبار دەکاتو ئێرانیش پارتی بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا تۆمەتبار دەکات.

ماوەی چەند ڕۆژێکە تۆڕی هەواڵی تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران، زنجیرەیەک بەرنامەی سیاسی لەسەر پارتیو ژیانی مستەفا بارزانی بڵاودەکاتەوەو مەلا مستەفا بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا تۆمەتبار دەکات.

ئەو زنجیرە بەرنامە سیاسییە پارتی تووڕەکردووەو چەند ڕۆژێکە لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە بەتوندی وەڵامی ئێران دەدەنەوەو بەمەترسی بۆ سەر هەرێمو عێراقی دادەنێن.

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی"ئەوەی ئێران دەیکات سیاسەتێکە دژی پارتی کەدەیەوێت مێژووی پارتی بشێوێنێت، ڕاگەیاندن لەئێران ئاراستەدەکرێتو لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدان، بۆیە بەبەرنامە دژایەتیی پارتی دەکەن، دەیانەوێت مێژووی بارزانی بشێوێنن".

بەپێی وتەی محەمەدی مەلا قادر بێت چەندانجار کادرانی ڕاگەیاندنی حیزبەکەی ویستوویانە وەڵامی ئێران بدەنەوە، بەڵام سەرکردایەتیی پارتی ڕێگەی نەداوە. وتی"بەڵام ئەمجارە ڕێگەیان پێدراوە وەڵامبدەنەوە".

لەم ڕۆژانەدا کەناڵی تەلەفزیۆنی شەرقییە لەزاری ڕۆژنامەی زەمانەوە بڵاویکردووەتەوە ئێران لەکەرکوکو هەولێر تەقینەوە ئەنجامدەدات.

بەپێی هەواڵەکەی ئەو ڕۆژنامەیە کۆماری ئیسلامی ئێران چەندان ئەندامی ئەنسارو ئیسلامی لەزیندانەکانیدا ئازادکردووە، بەو مەرجەی لەشارەکانی کەرکوکو هەولێر کاری تەقاندنەوەو ئاژاوەگێڕی ئەنجامبدەن.

زاگرۆس خوسرەوی چاودێری سیاسی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت لەوەتەی حکومەتی هەرێم پێکهاتووە ئێران ویستوویەتی دەسەڵاتی بەرسەردا هەبێت، وتی "بەتایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتی بەعس لەکوردستان نەما، ئێران نیگەرانی هەرێمی کوردستان بوون بەهەرشێوەیەک دەیانەوێت نفوزی خۆیان لەکوردستان زۆربکەنو دەستی بەسەردا بگرن".

خوسرەوی دەڵێت لەبەرئەوەی کوردستان ئێستا ڕووبەڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێتەوە، ڕووی لەدنیایەکی ئازداکردووە، بەرەسمی بانگەکرێن بۆ وڵاتان هەموو ئەوانە ئێرانیان نیگەرانکردووە.

خوسرەوی دەڵێت ئێران بەنیازە تەقینەوەکەی مەهاباد بخاتە ئەتۆی پارتی.

درێژەی ڕاپۆرتەکە
لەلاپەڕە١٦ دا بخوێنەرەوە

## ژنێک ٥ منداڵ لەمێردەکەی دەکڕێتەوە

ڕێبوار جەلال لەهەولێر

ژنێکی دانیشتووی شاری هەولێر، دوای ئەوەی مێردەکەی ژنێکی تر بەدزییەوە دەهێنێتو دواتر داوای منداڵەکانی لێدەکات، ژنەکە ناچار دەبێت هەر پێنج منداڵەکە لەمێردەکەی بکڕێتەوە بەبڕی دوو ملیۆن دینار.

ئەو ژنە کە لەترسی مێردەکەیو براکانی خۆی بەبەهار ناساند، وتی "مێردەکەم دوای ئەوەی بەدزییەوە ژنێکی تری هێنا، کەگەڕایەوە پێیوتم یان دەبێت منداڵەکانم بدەیتێ یان دەبێت ٢ ملیۆن دینارم بدەیتێ، منیش ناچار پارەم لەخزمەکانم کۆکردەوەو منداڵەکانم کڕییەوە".

بەهار کەتەمەنی ٣٩ساڵەو ژنی ماڵەوەیە، لەساڵی ١٩٨٦و لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا شووی بەمحەمەد کردووە، هەردووکیان لەخێزانێکی هەژار پەروەردەبوون.

بەهار دەڵێت هیچ کێشەیەکمان نەبووە، بەڵام محەمەد ٤ مانگ لەمەوبەر بەبیانووی کارکردن سەفەری بەغدادی کردووەو تا ٢ مانگ نەگەڕاوەتەوە ماڵ، دواتر پێیوتووە ژنی تری هێناوە.

لەلاپەڕەی (٧) بەدواداچوونەکە بخوێنەوە.

**د. نوری تاڵەبانی: دەستەکەی هەرێم ڕۆڵێکی نابێت لەسازدانی هەڵبژاردن لەناوچە دابڕاوەکاندا**

3 «

## بۆ فشارخستنەسەر یەکێتیو پارتی، گۆڕان پەنا بۆ ئەمریکا دەبات

فەرمان ڕەشاد لەهەولێر

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەنێو بزووتنەوەی گۆڕان بە دەستووری ڕایگەیاند بۆ فشارخستنە سەر پارتیو یەکێتی لەسەر چۆنیەتیی دروستکردنی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمو بەرتەسکردنەوەی ئازادیی ڕادەبڕین پەیوەندیان بەباڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق کردووە.

سەرچاوەکە دەڵێت وەفدەکەی گۆڕان بەئەمریکیەکانیان ڕاگەیاندووە بارودۆخی سیاسی هەرێم لەژێر سایەی پارتیو یەکێتی بەئاراستەیەکی ترسناک دەڕوات.


بەگوێرەی زانیاریی سەرچاوەکە وەفدەکەی گۆڕان داوایان لەئەمریکییەکان کردووە فشار بخەنە سەر پارتیو یەکێتی، تا دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەتەوافقی سەرجەم لایەنە سیاسیەکان بێت بەبێ موحساسەسەو کەسانی پرۆفیشناڵ بن، هەروەها داوایانکردووە دوو حیزبەکە ناچاربکەن تا پرۆژەی چاکسازی لەهەرێم بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا وەفدەکەی گۆڕان بەباڵیۆزی ئەمریکایان لەعێراق وتووە، ئەگەر دامەزراندی دەستەی هەڵبژاردن بەو شێوەیە بێت کە پارتیو یەکێتی نەخشەیان بۆ کێشاوە، ئەوا سیستمی دیموکراتی لەهەرێم دەپوکێتەوەو هیچ پێویستییەک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەهەرێم نامێنێت.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیەی گۆڕان باڵیۆزی ئەمریکا ڕایگەیاندووە ئەوان زۆر بەتەنگ پاراستنی دیموکراسین لەهەرێمدا، بەڵێنی ئەوەیان بەگۆڕان داوە کە فشار بخەنە پارتیو یەکێتی بۆ ئەوەی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەتەوافقی سەرجەم لایەنەکان دروستبکرێت. بەگوێرەی زانیاری ئەو کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەرەنجامی فشاری ئەمریکییەکان بووە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوەی بزوتنەوەکەیانی لەگەڵ ئەمریکییەکان پشتڕاستکردەوەو لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند "ئێمە کۆبوونەوەی بەردەواممان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەیە، بەڵام داوامان نەکردووە فشار لەسەر پارتیو یەکێتی بکەن لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم".

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتی"ئەمریکییەکان ڕای هەموو لایەکیان پرسیوە لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی ئەو دەستەیەوە، لەو چوارچێوەیەشدا ڕای بزوتنەوەی گۆڕانیان پرسیوەو ئێمەش سەرنجو تێبینەکانی خۆمانمان پێڕاگەیاندوون".



"ئەگەر پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکان تێپەڕێنرێت، لەفراکسیۆنەکەی بەغداد دەکشێینەوە"

16 «



**نەوەی دوای ڕاپەڕین گەیشتە زانکۆ**

13 «

**بە بەڵێنی دەرپەڕاندنی ئەمریکا، مالیکی پشتگیری ئێرانو سوریاو حیزبوڵڵای بەدەستهێناوە**

15 «



## مەحمود محەمەد: گەنجان خۆیان لەبازنەکەی نێچیرڤان بارزانیدا دەبیننەوە

تایبەت بەدەستوور

مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات لەناو پارتیشدا بیربۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام چەتری مەسعود بارزانی کۆی کردوونەتەوە، بڕوایوایە کۆنگرە هاوسەنگی لەنێوان هەر دوو ڕەوتی گەنجان و بەتەمەنەکان دەپارێزێت.

مەحمود محەمەد وتی "ئێمە خۆمان دەڵێین بیروبۆچوونی جیاواز لەناو پارتیدا زۆرە، ئەوانەی کە بەشێوازێک بیردەکەنەوە لەبوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەلسەفیو ئەوانەی دیکەش بەهەمان شێوە بەشێوازێکی دیکە بیر دەکەنەوە، بەڵام چەترێک هەموو ئێمەی کۆکردووەتەوە کە سەرۆک بارزانییە".

مەحمود محەمەد ئاماژەی بۆ ئەو دوو ڕەوتە جیاوازە کرد کە ناو پارتیدا هەن، دەڵێت هەردوو ڕەوتەکە لەهەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی کۆنگرە سەرکەوتوون، وتی "لە زۆر شوێن گەنجە تازە پێگەیشتووەکان سەرکەوتنو دەنگی باشو متمانەی خەڵکیان بەدەستهێناوە".

دەڵێت بەهۆی پشتیوانی نێچیرڤان بارزانی لەگەنجان، هەموو گەنجانیش خۆیان لەو بازنەیەدا دەبیننەوە کە ئەو پشتیوانی لێدەکات.

وتی "هەردوو لایەنە واتە بەتەمەنو خاوەن ئەزموونەکان لەگەڵ لاوو تازە پێگەیشتووان، بەشێوازێکی نوێ دەیانەوێت ئیشبکەن و کۆکن لەگەڵ یەک".



لەبارەی ڕێکەوتننامەی ستراتیژییەوە، مەحمود محەمەد دەڵێت چۆن ئەو کات بەستنی ڕێکەوتننامەکە پێویست بوو، ئێستاش پاراستنو مانەوەی پێویستە. دەڵێت کۆنگرە ناتوانێت ڕێکەوتنامەکە بگۆڕێت یان هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵکو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت. وتی "زۆرینەی هەرە زۆری پارتی لەگەڵ ئەوەیە ڕێکەوتننامە ستراتیژییەکە بمێنێت".

ئاماژەی بەوەشدا کەیەکێتی و پارتی ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی هەر لایەک بەبێ پرس ڕای ئەوی تر ڕێکەوتن لەگەڵ هیچ لایەنێک نەکات. وتی "نابێت نزیکبوونەوەی یەکێتی لەگۆڕان لەسەر حسابی پارتی بێت".

لەبارەی سەپاندنی مەرج بەسەر یەکێتیدا، ناوبراو دەڵێت هەموو ئەو پۆستانەی دابەشکراون بەڕاوێژو ڕەزامەندی هەردوولا بووە، وتیشی "دانەنانی جێگری سەرۆکی هەرێم پەیوەندی بەهەندێک ڕای ناو پارتیو یەکێتییەوە هەیە".

# د. نوری تاڵەبانی: دەستەکەی هەرێم ڕۆڵێکی نابێت لەسازدانی هەڵبژاردن لەناوچە دابڕاوەکاندا

فەرمان ڕەشاد



د. نوری تاڵەبانی پسپۆڕی بواری یاسای دەستووریی، دەڵێت پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم گرنگە، ئەگەر ئەندامانی دەستەکە کەسانی بێلایەنو پرۆفیشناڵ بن، نەک سەر بەحیزبەکان. ڕاشیگەیاند دەستەکە ناتوانێت هەڵبژاردن لەناوچە دابڕاوەکاندا ئەنجامبدات.

د. نوری تاڵەبانی دەڵێت دروستکردنی دەستەکە بەپێچەوانەی دەستووری عێراقو یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق نییە. لەپرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئاماژە بەدامەزراندنی کۆمیسیۆنێک بۆ هەڵبژاردن کراوە.

د. نوری تاڵەبانی وتی "پێویستە دامەزراوەیەکی بێلایەنو پرۆفشناڵ بێتو کارەکانی بەشێوەیەکی شەفافانە ئەنجامبدات، چاکترە ناوی کاندیدکراوەکان لەلایەن لیژنەی پەیوەندیداری ناو پەرلەمانەوە دەستنیشان بکرێن، یان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە لەیاساکەدا دیاریبکرێت، بەو شێوەیە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بەشداری لەدەستنیشانکردنیان دەکەن".

تاڵەبانی دەڵێت باشترە ژمارەی ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە لەحەوت ئەندام زیاتر نەبن، بڕوایوایە زۆربوونی ئەندامان دەبێتەهۆی ئاڵۆزبوونی کارەکانی، دابەشکردنی ئەندامانی بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا دەبێتەهۆی سەرنەکەوتنی کۆمیسیۆنەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا تاڵەبانی پێیوایە هێشتا پەرلەمانی کوردستان یاسای گرنگتری لەبەردەستدایەو دەبوایە پێشتر ئەو یاسایەیان پەسەندبکردایە وتی "پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەمێکە لەلایەن خولی دووەمی پەرلەمانەوە ئامادەکراوە، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە".

د. نوری تاڵەبانی دەڵێت بەشی زۆری یاساکان بەزۆرینەی دەنگ لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەنددەکرێن، بەڵام ئەو یاسایانەی گرنگی تایبەتیان هەیە، چاکترە بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان پەسەندبکرێن. دەستووری عێراق لەچەند ماددەیەکدا مەرجی پەسەندکردنی دوو لەسەر سێ، یان زیاتر لەو ڕێژەیەی داناوە بۆ پەسەندکردنی چەند یاسا یان بڕیارێک، هەرچەندە بۆ پەسەندکردنی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەو مەرجەی تێدا نییە.

لەبارەی لایەنە نێگەتیڤەکانی دەستەکەوە، د. نوری وتی "ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراقو ئەو هەڵبژاردنانەی لەناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا سازدەکرێن، لەلایەن کۆمیسیۆنی عێراقییەوە دەکرێن، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم هیچ ڕۆڵێکی نابێت لەسازدانی ئەو هەڵبژاردنانە".

# یەکگرتوو دوای قەرەبووکردنەوەی لەلایەن پارتییەوە: بکوژەکانمان دەیەوێت

کاوە دۆسکی لەدهۆک



غازی سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

غازی سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەدهۆک، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت قەرەبووکردنەوەی خێزانی قوربانییەکانی ڕووداوەکەی ساڵی ٢٠٠٥ی دهۆک لەلایەن پارتییەوە نابێتە هۆی نزیکبوونەوەی یەکگرتوو لەدەسەڵاتو وتی چونکە هێشتا بکوژەکان ماون.

لەچەند هەفتەی ڕابردوودا، پارتی لەڕێگەی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە قەرەبووی خێزانی قوربانیانی ڕووداوەکەی ٢٠٠٥\١٢\٦ دهۆکی کردەوە، کە لەلایەن لایەنگرانی پارتییەوە هێرشکرایە سەر بنکەو بارەگاکانی ئەو حیزبە.

غازی سەعید لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەدهۆک لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، ئەوەی خستەئەستۆی خۆیو وارسی شەهیدەکانی قەرەبووکردەوە، ئەوە جێگەی سوپاسە بۆ سەرکردایەتی، بەڵام سوڵحی ئەوانو بکوژەکان نەکراوە، لەبەرئەوەی بکوژەکان تا ئێستا ئاشکرا نەبوون بۆ پۆلیسو دادگا".

هەروەها وتی "ئەم قەرەبووکردنەوەیەش نابێتە هۆکارێک کەیەکگرتوو لەحکومەت نزیکبکاتەوە، ئێستا ئێمە گرێدراوین بەئۆپۆزیسیونەوەو ئۆپۆزیسیۆنین، ئەگەر بەرژەوەندی جەماوەر لەگەڵ ئەوە بوو بەشداری حکومەت بکەین، ئەوا سەرکردایەتی ئێمە ئەو بڕیارە دەدات".

wryiahama@yahoo.com
وریا حەمە تاهیر



# کورد دەتوانێت ناوچە دابڕاوەکان بەیاسا بگەڕێنێتەوە

ماوەیەک لەمەوپێش عارف قوربانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ پێشنیازی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کرد بۆ سەرهەرێمی کوردستان بەچەکو دروستکردنی ئەمری واقیعێکی نوێ و مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا کەدێتە ئاراوە.

ڕەنگە زۆربەی سیاسییەکانی کوردستان ئەو بۆچوونە بەبۆچوونێکی "دڵگەرمانە" یان نامەنتیقیو شتی لەو بابەتە بزانن، هەر سەرکێشییەکی لەو جۆرەش ڕەتبکەنەوە کەپێیانوایە دەسەڵاتداریو شکۆمەندی ئێستایان بخاتە مەترسییەوە.

بەڵام ئەگەر کەمێک وردتر بیربکەینەوە، ڕەنگە پێشنیازەکە زۆر عەمەلی بێت، چۆن؟

کاتێک حکومەتی هەرێم یان پەرلەمانی هەرێم یان سەرۆکی هەرێم بڕیارێک دەردەکەن هێزی پێشمەرگە هەموو ئەو ناوچانەی لەهەرێم دابڕاونو دەستووری هەمیشەیی عێراق بەجێی ناکۆکی ناوی بردووە، بخاتەوە سەرهەرێمی کوردستان، لایەنە بەرهەڵستەکانی حکومەتی عێراق، ئێران، تورکیاو سوریان ڕەنگە سعودییەو وڵاتانی تری عەرەبیش تووڕە ببن، بەڵام ئایا کاردانەوەکان چی دەبن.

تورکیا کەوادیارە لەهەموویان تووڕەترە، پێناچێت لەشکرکێشی بکات، چونکە وڵاتەکەی جگە لەوەی گیرۆدەی باری ئابوورییەکی خراپە، دۆزی کوردیش یەخەی گرتووەو تینی بۆ هێناوە، هەروەها ئەو لەساڵی ١٩٩١ بەهۆی لەخۆنەگرتنی کەمتر لەملیۆنێک کوردی عێراقەوە نەتەوەیەکگرتووەکانی هاندا ناوچەی ئارام دروستبکات، ئێستا پێناچێت تاقەتی شەش ملیۆن کوردی هەبێت. کەبێگومان لەشکرکێشییەکەشی تووشی شەڕێکی خوێناوی یەکلاکەرەوەی دەکات.

هەرچی ئێرانو سوریاشە بەهۆی ئەمریکاوە ناتوانن لەشکرکێشی بکەن، حکومەتی عێراقیش هێشتا هێزی ئەوەی نییە بەچەک ململانێکە لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێبهێنێت، جگە لەوەی بوونی ئەمریکا ڕێگە لەدۆخێکی وا دەگرێت.

دەمێنێتەوە ئەمریکا، نازانرێت ئەو چۆن بڕیاردەدات، پێش ناچێت خۆی بکات بەلایەن لەململانێی ناوخۆیی عێراقدا. ئەمە خوێندنەوەیەکی زۆر سادەیەو دڵنیاشم زۆرکەس بەدڵگەرمانەو ڕەنگە نەفامانەی دابنێن. بەڵام من دیسان پێشنیازێکی دیکە بۆسەر ڕاکانی کاک عارف زیاددەکەم، بەو شێوەیە:

وەفدی دانوستاندنکاری کوردستان لەبەغداد بیکەن بەمەرج کەئەگەر حکومەتی عێراق لەماوەی ٦ مانگدا سەرژمێری نەکرد، ئەوا هەموو ناوچە دابڕاوەکان دەکەونە ژێر سەرپەرشتیو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە چ لەڕووی ئیدارییەوە چ لەڕووی جوگرافیەوە، هەروەها بۆئەوەی ماددەکە نەرمتربێت، دەتوانن ئەوەشی بۆ زیادبکەن، کەئەم خستنەسەرو سەرپەرشتییە یەکلاکەرەوە نییە، بەڵکو حکومەتی عێراق دەتوانێت لەماوەی دوو ساڵی دوای ئەو خستنەسەرەدا ماددەی ١٤٠ بەتەواوەتی جێبەجێ بکات، ئەگەرنا خستنەسەرەکە یەکلاکەرەوەو یەکجارەکی دەبێت.

بۆ هۆکاری گرنگی ئەنجامدانی ئەم کارە ئێستا دوو هۆکارن:

یەکەم: کەوا عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک داوای پێکهێنانی هێز دەکەن یان هێزی نێودەوڵەتی یان عێراقی بچێتە کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان، کە لەحاڵەتی وادا ئیتر کورد هیچی پێناکرێت.

دووەم: کۆچکردنی کوردەکانی ناوچەدابڕاوەکان بۆ ناوچەکانی هەرێم، وەک لەدووزخورماتوو، جەلەولا، مەندەلی، قەرەتەپەو ناوچەکانی تر دەیبینین.

بەبڕوای من ئەو بڕگەیە لەکارنامەی حکومەتدا جێی بکرێتەوە، ئەوا سیمایەکی یاسایی دەبەخشێتە ئەو کارەی کەحکومەتی هەرێم بەهێز ناوچە دابڕاوەکان یەکلاییدەکاتەوە، چونکە ئەو ڕێککەوتننامەیە لەپەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێت. ئەوکاتە کوردستان لەبری یەک پاساو کەجێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ ئەوا دوو پاساوی دەبێت.

تکادەکەم کەسیاسییەکان، ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئەم پێشنیازەی کاک عارفو ئەو زیادکردنەی من بکەن بەبابەتی گفتوگۆیەکی جدی، بۆئەوەی بزانین ئاخۆ تا چەند ئێمە دەتوانین کارێکی لەو شێوەیە بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بزانین بەدیلەکانی ترمان چین؟ تەماشای توانا دیپلۆماسییەکان، تێپەڕبوونی کاتو ڕکابەرەکانمان کەپابەندی یاسا نابنو هێز بۆ یەکلاییکردنەوە بەکاردەهێنن، جا بۆ ئێمە بەکاری نەهێنین.

ئاخۆ دەتوانین بەچاوەڕوانیکردنی حکومەتەکانی بەغداد ببینین چۆن زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچانە لەدەستدەدەین.

# داوادەکرێت بزووتنەوەی ئیسلامی بارەگای هەڵەبجە چۆڵبکات

کامەران کەریم لەشارەزوور

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەمەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ڕایگەیاند بۆ جارێکی تر دادگا لەڕێگەی پۆلیسی هەڵەبجەوە داوای لێکۆڵینەوە لەبارەگای مەڵبەندی هەڵەبجەی بزووتنەوەی ئیسلامی دەکات، بەبیانووی ئەوەی ئەو بارەگایە موڵکی وەزارەتی تەندروستییە.

ئەنوەر عەنەبی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "ئەوە یەکەم جار نییە تەبلیغمان بۆ بێت لەبارەی ئەو بارەگایەوە، ئەوانە خەڵکانێکی ناحەزی بزووتنەوەن، دەڵێن کاتی خۆی ئەو بینایە حکومەت کردوویەتییەوە، بەڵام ئێمە وەڵاممان لایەو شایەتمان هەیە کاتی خۆی پارەی ئەرزەکەی ئێمە داومانە".

هەروەها وتی "ئەو قەزیەیە لەپۆلیس چارەسەر نەبووە، ئێمە نوێنەری یاسایی خۆمان دەنێرین بۆ پۆلیس بۆ وەڵامدانەوە".

ماوەیەکە چەند نارەزاییو سکاڵایەک لەدژی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرزدەکرێنەوە لەبارەی ئەو بارەگایەی کەمەڵبەندی حیزبەکەیەتی لەهەڵەبجە، بەبیانووی ئەوەی ئەو بارەگایە موڵکی حکومەتو وەزارەتی تەندروستییە.

گۆران ئەدهەم قایمقامی هەڵەبجە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "ئێمە بیستوومانە ئەوراقێکی وەها جوڵێنراوە زیاتر لەدادگایەو پەیوەندی بەئێمەوە نییە".

عەقید ئەنوەر عومەر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجە ئاماژەی بەوەدا کەدادگا داواکارییەکی پێشکەشکردووە، وەک هەواڵدەر تا بزانرێت ئەو بینایەی کەمەڵبەندی یەکی بزووتنەوەی تیایە، هیی حکومەتە یان نا.

هەروەها وتی "ئێمەش تەبلیغمان بۆ ناردوون ڕۆژی پێنجشەممە ئامادەبوون، بەڵام دادوەر مۆڵەت بوو نەمانتوانی ئیفادەیان لێوەربگرین، چاوەڕوانین هەرکاتێک ئامادەبوون ئەوکات دەزانین دادگا چ بڕیارێک لەسەر چارەنووسی ئەو بینایە دەدات".

عادل کەریم بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی شارەزوور وتی "زیاتر ئەو بابەتە لەدادگایە، داواشکراوە لەئێمە ڕوونکردنەوە بنێرینو نوێنەری خۆمانمان ناردووەو بڕیاری کۆتایی لەدادگایە".

# داوای ئاشکراکردنی لیستی ناوی دامەزراوانی زانکۆو پەیمانگاکان دەکرێت

مەعاز فەرحان

لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان داوادەکەن ناوی لیستی ئەوانەی ئەمساڵ لەلایەن حکومەتەوە دامەزرێنراون، ئاشکرابکرێن، ئاماژە بەوەشدەکەن کەئەمساڵ خەڵکی تەنیا لەسەر بنەمای پشتیوانی حیزبی دامەزرێنراون.

حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ئەمساڵ نزیکەی ١١ هەزار لەدەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان دابمەزرێنێت، ئۆپۆزیسیۆنیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری شێوازی دامەزراندنی ئەو یانزە هەزار دەرچووە نینو بەدواداچوونیشیان بۆ کردووە، بەڵام وەڵامنەدراونەتەوە.

بیلال سلێمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی وتی "نەک هەر یەکسانی نییە، بەڵکو دامەزراندن لەکوردستاندا بەشێوەیەکە کەلایەنی حیزبی ڕەچاودەکرێت، حساب بۆ حەقو ناحەقو ئەولەوییەت ناکرێت، دامەزراندن تائێستا بەتەزکیەی حیزبیەو تەزکیەش پێش هەموو شتێکە".

د. جەعفەر عەلی ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کەهەوڵیانداوە بەدواداچوون بۆ مەسەلەی دامەزراندن بکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک وەڵامنەدراونەتەوە.


د. جەعفەر وتی "ئەوەی من ئاگادارم وەزارەتی پەروەردە موافەقەتی ١٥٠٠ کەسی بۆ کرابوو، لەم ژمارەیە ئێمە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری شێوازی دامەزراندنەکان نین، تەنانەت بەدواداچوونیشمان بۆ کردووە، لەلیژنەی پەروەردەوە بەنووسراوی فەرمی لەمانگی نۆوە داوای لیستی دامەزراندنمان کردووە، بەڵام تائێستا وەڵام نەدراوینەتەوە".

جەعفەر عەلی پێیوایە مەحسوبیەت لەبەرچاودەگیرێت لەمەسەلەی دامەزراندنداو وتی بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین لەوەزارەتی پەروەردەدا خەڵک دامەزراوە کە بەهیچ شێوەیەک مەرجی دامەزراندنی نەبووەو وتی "جگە لەمەحسوبیەتو پشتیوانی حیزبی هیچ شتێکی تری تێدا نەبووە، تائێستا نەئەنجومەنی وەزیرانو نەوەزارەتە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە لیستی دامەزراندنەکان ئاشکرابکەن".

بیلال سلێمان دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی یەکێتیو پارتی درێغیان نەکردووە لەوەی کەخەڵکی خۆیان دابمەزرێنن، لەمەسەلەی دامەزراندندا هاووڵاتی پلەیەکو دوو هەیە لەهەرێمی کوردستاندا.

وتی "بەشێوەی قەزاوقەدەر ڕێکدەکەوێت ئەندامی ئێمەش دابمەزرێت، ئەویش بەوشێوەیەی کەخۆی نەناسێنێت کەکۆمەڵی ئیسلامییە، بەوشێوەیە دادەمەزرێت".

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بەنیازە لەئایندەدا پرۆژە یاساییەک لەسەر مەسەلەی دامەزراندن پێشکەشی پەرلەمان بکات، بیلال وتی "دەمانەوێت دامەزراندن بەشێوەی یاسا بێت".



# بەشێک لەپەرلەمانتاران ژمارەی خۆیان بەهەڵە بڵاودەکەنەوە

## ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ ڕێبەری هاووڵاتیان بڵاویانکردووەتەوە، بەشێکیان هەڵەنو بەشێکی زۆریشیان لەکاردا نین



بەشێک لەپەرلەمانتاران ژمارەکەنیان بەهەڵە بڵاودەکەنەوە

هێمن لەتیفو بورهان حەسەن

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی دەستوور کە لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامیداوە، بۆ بەدواداچوون لەو ژمارە تەلەفۆنانەی کەپەرلەمانتاران بۆ ڕێبەری هاووڵاتیان بڵاویانکردووەتەوە، دەرکەوتووە ژمارەیەک لەپەرلەمانتاران ژمارەی هەڵەی خۆیانداوەو بەشێکیشیان ژمارەکانیان لەکاردا نییە.

ماوەیەک لەمەوپێش پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)، نامیلکەیەکی بەناوی ڕێبەری هاووڵاتیان چاپو بڵاوکردەوە، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیانو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان- خولی سێیەم، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکەی دەستوور دەرکەوتووە، ژمارەیەک لەو تەلەفۆنانە لەکاردانینو ژمارەیەکیشیان داخراون.

ئەوانەی پەیوەندییەکانیان داخرابوون، دەستوور زیاتر لەجارێک پەیوەندی پێوە دەکردن، بەشێکیشیان ژمارەکانیان لەکاردانەبوون، بەڵام بەشی زۆریان ژمارەکانیان کرابوونەوە.

دەستوور لێرەدا لەبەر زۆری ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە (١١١) پەرلەمانتارە، تەنیا ناوی ئەو پەرلەمانتارانە بڵاودەکاتەوە کەئەو ژمارەیەی بۆ ڕێبەرییەکە تەرخانکراوە، داخراون، یاخود ئەوانەی لەکاردانین.

ژمارە داخراوەکان:

١ ـ ئەیوب نیعمەت لەفراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی.
٢ ـ پەریهان قوبلای لەفراکسیۆنی گۆڕان.
٣ـ خورشید ئەحمەد لەفراکسیۆنی کوردستانی، (پارتی).
٤ ـ عەدنان عوسمان سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان.
٥ ـ فازیل حەسەن لەزەحمەتکێشانی کوردستان.
٦ـ فازیل بەشارەتی لەفراکسیۆنی کوردستانی، (پارتی).
٧ـ شەونم محەمەد لەفراکسیۆنی کوردستانی، (یەکێتی).

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی دەستوور، فراکسیۆنی کوردستانی زۆرترینو ژمارەیان داخراوە کەدراوەتە ڕێبەرییەکە، کە (٣) پەرلەمانتارەو لەنێو ئەو فراکسیۆنەش پارتی (٢) پەرلەمانتاریو یەکێتی (١) پەرلەمانتاری داخراوە. فراکسیۆنی گۆڕانیش (٢) ژمارەیان داخراوەو کۆمەڵی ئیسلامیش پەرلەمانتارێکیانو زەحمەتکێشانیش کەتاکە پەرلەمانتارێکیان هەیە، ژمارەکەی داخراوە.

ئەوانەی ژمارەکانیان هەڵەیە:

١ ـ فرسەت ئەحمەد سکرتێری سەرۆکی پەرلەمان، (پارتی).
٢ ـ ڤیان عەبدولڕەحیم لەفراکسیۆنی گۆڕان.
٣ ـ د. شاهۆ سەعید لەفراکسیۆنی گۆڕان.
٤ ـ شێردڵ تەحسین لەفراکسیۆنی تورکمانی هەولێر.
٥ ـ شیلان عەبدولجەبار لەفراکسیۆنی کوردستانی، (یەکێتی).
٦ ـ ئەڤین عومەر لەفراکسیۆنی کوردستانی، (پارتی).
٧ـ دانا سەعید سۆفی لەفراکسیۆنی کوردستانی، (یەکێتی).
٨ـ عەبدوڵڵا حاجی مەحمود لەفراکسیۆنی سۆسیالیست.

ئەوانەی ژمارەکانیشیان هەڵەیە، لەفراکسیۆنی کوردستانی چوار پەرلەمانتارن، دووانیان یەکێتیو دوانی تریان پارتییە، فراکسیۆنی گۆڕانیش دوو ژمارەیان هەڵەیەو پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی تورکمانو پەرلەمانتارێکی سۆسیالیستیش بەهەمان شێوە ژمارەکەیان داخراوە.

---

# وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار بەدوو یاسای جیاواز کاردەکات

فەرمان ڕەشاد لەهەولێر

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار ڕایدەگەیەنێت بەهۆی دەرنەچوونی یاسای تازەی وەزارەت هێشتا وەزارەتی ناوبراو بەدوو یاسای جیاواز کاردەکات، ئەندامێکی پەرلەمانیش هۆکارەکە بۆ کەمتەرخەمی حکومەت دەگێڕێتەوە.

دوای ئەوەی لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بڕیاری تێکەڵکردنەوەی هەردوو وەزارەتی شارەوانیو وەزرارەتی گەشتوگوزار درا، سەرەڕای تێپەڕبوونی چواردە مانگ بەسەر ئەو کابینەیە، هێشتا یاسایەکی تایبەتی لەپەرلەمانی کوردستانەوە بۆ ئەو وەزارەتە دەرنەچووە.

محەمەد عومەر بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "پرۆژەی وەزارەتەکەمان لەپەرلەمانی کوردستانەو بەهۆی سستی کاری پەرلەمانو پشووی هاوینە تائێستا پەرلەمان پەسندی نەکردووە، بەڵام بڕیاروایە بەم زووانە پەسەندبکرێت".

هەروەها ناوبراو لەمەڕ شێوازی کاری ئێستای وەزارەتی ناوبراو وتی "سەرەڕای یەکگرتنی ئەو دوو وەزارەتە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاسای تەیبەت بەم وەزارەتە تائێستا بەدوو یاسای جیاواز کاردەکەن، کەپێشتر لەپەرلەمان بۆ هەریەک لەوەزارەتی شارەوانی بەجیاو وەزارەتی گەشتوگوزار بەجیا دەرچووە".


بیلال سلێمان سەرۆکی لیژنەی شارەوانیو گەشتوگوزاری پەرلەمانی کوردستان، وتی "هۆی دواکەوتنی پەسەنکردنی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزارو شارەوانی کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمە، چونکە پێویستە پرۆژە یاسای وەزارەتەکان لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، جگە لەو وەزارەتە چەند وەزارەتێکی تریش لەفەراغی یاساییدانو حکومەت پرۆژە یاسای بۆ پەرلەمان نەناردووە".

هەروەها وتی "پرۆژەی وەزارەتی ناوبراو لە٨/٢٠ی ئەمساڵ بۆ پەرلەمان نێردراوە لەکاتێکدا کەپەرلەمان لەپشوو بووە، بەڵام دوای دەستپێکردنەوەی خولی تازە، خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایە کراوەو هەریەکە لەلیژنەکانی شارەوانیو یاسایی ڕاپۆرتی خۆمان ئامادەکردووە، لەسەر ناوەڕۆکی یاساکە".

ئاماژەی بەوەشدا کە بەهۆی گرنگی یاساکەو بۆئەوەی چیتر ئەو وەزارەتە لەفەراغی یاساییدا نەبێت، پێدەچێت لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو یاسایە لەپەرلەمان پەسندبکرێت.

---

# ٢٠٠ خێزانی کوردی فەیلی بێ ناسنامەن



پێویستیان بەمەرسومێکی کۆمارییە

زانیار داقوقی لەکەرکوک

٢٠٠ خێزانی کوردی فەیلی دوای ئەوەی لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکاندا عێراقیان بەرەو ئێران بەجێهێشتو لەساڵی ٢٠٠٣دا گەڕاونەتەوە، ناسنامەی عێراقییان نییەو بۆیان دەرناهێنرێت.

جەلیل ئیبراهیم ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند "بەهۆی ئەوەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کەئێستا لەشوێنی خۆیانن داوای ناسنامەی عێراقی دەکەن، ناویان لەسجلی کۆنی بەڕێوەبەرایەتی شارستانی نەماوە لەعێراق، ناسنامەیان بۆ دەرناهێنرێت، کە٢٠٠ خێزانی کوردی فەیلینو بێ بەشدەکرێن لەناسنامەی عێراقی".

جەلیل وتی "ڕێژەیەکی زۆری کوردی فەیلی بەهۆی ئەوەی کەسوکاریان ناسنامەی عێراقیان هەبوو، توانرا ناوەکانیان لەبەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی عێراقی بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەو ٢٠٠ خێزانە ناویان لەسجل نەماوەو دەبێت مەرسوومی کۆماریان بۆ دەربکرێت، تاکو ناسنامەیان بۆ دەربهێنرێت".

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ئاماژەی بەوەدا ئەو خێزانانە ماوەیەکی زۆر لەئێران ماونەتەوە، زۆربەیان ساڵانێکی زۆرە هەر لەئێران ژنیان هێناوەو خێزانیان پێکهێناوە، وتی "دەبێت لەعێراق سجلی نوێیان بۆ دەربکرێت".

---



سێبرە

هەفتانە مەلا ئاریان دەینووسێت

Arian@hetaw.net

# نیوە سێو

ڕاستییەکەی هیچ پەرتبوونو لێک جیابوونەوەیەکی سیاسی لەکوردستان جگە لەپەرچەکرداری دەروونیو کەفوکوڵی هەڵچوونو داچوونو کێشە داراییەکان هیچی تر نییە، هەموو بەندو باڵۆرەکانی جیایی ئایدۆلۆژیاو ناکۆکیی بیرییش لەساتەوەختی جیابوونەوەکان جگە لەرتوشکردنو خۆدزینەوە لەفاکتەرە خودییەکان شتێکی تر نییە، چونکە بەکردەوە ئەوەی لەکوردستان ملی هێزەکانی خستووەتە بەردەم چەقۆی لێک دابەشبوون، بریتییە لەپرۆسەی شەڕکردن لەسەر دابەشکردنی میراتو نەخۆشی کورسیپەرستیو جەنگیی یەکلاییکردنەوە دەروونییەکان.

هەموو پێکەوەبوونێک هەروەک چۆن لەباری سیاسییەوە واتای هەیە، بەم چەشنەش لەسەر ئاستی فکریو دیدگا ئایدۆلۆژییەکان کاردانەوەی خۆی بەجێدێڵێ، چونکە ئەگەر ڕۆژگارێک لەسەر ئەوە ڕاهێنرابین، کەدەبێت لەگەڵ جیابیرەکانی خۆمان شیروتیر لێک بسوین، ئەوە سەرەتای ڕۆژگارێکی تر لەوەرگۆڕینی ئەو دنیابینییە ئێستا بەکردەوە لەپاش تێپەڕینی قۆناغی حیزبی ئایدۆلۆژیو بەسەرچوونی مۆدێلە لینینیەکەی پارتی سیاسی مانایەکی نەماوە.

ڕەنگە دانپیانانەکانی بەڕێز تاڵەبانی لەیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەوەی کەجیابوونەوە لەپارتی هەڵەبووە، ڕێک ئەو وێنەیە بەرجەستە بکات، کەسەراپای ئەو لێک پەرتبوونە سیاسییانەی لەدوای لێکبوونەوەی باڵی جەلالیو مەلایی لەپارتیدا ئەگەر لەرواڵەتیشدا جیاوازبن، ئەوان هەمان مەغزاو نێوەڕۆکیان هەیە، واتا جیابوونەوەی مام جەلالو نەمر ئیبراهیم ئەحمەد لەپارتیو پاشانیش بزووتنەوەی سۆسیالیست لەیەکێتی نشتمانیو دیموکرات لەحیزبی دیموکراتو ڕەوتی نیشتمانیو زەحمەتکێشان لەحیزبی زەحمەتکێشانو تەواوی جیابوونەوەکانی تر، هەڵگری هەمان ئەو فۆڕمە لەدڵڕەقیو دڕدۆنگییە ناوەخۆییانەن کەدواجار لەژێر مانشێتی جیابیرییو ناکۆکی سیاسیی لەقۆناغی خۆیدا جێگایان کراوەتەوە.

دیدارەکەی هەفتەی ڕابردووی (بەدران ئەحمەد حەبیب)و پێچواندنی هەردوو جومگە سەرەکییەکەی هێز لەسلێمانی، یەکێتیو گۆڕان بەسێوی لەتو وەکییەکیان لەبیرکردنەوە، قسەیەکی ڕاستە، چونکە ڕاستییەکەی هەم لەرووی دنیابینی سیاسیو هەم لەرووی ئایدۆلۆژیاو مێژوو و دیدگا سیاسییەکانەوە، یەکێتیو گۆڕان دوو پارچە سێون، کەکوڕی یەک درەختو تەنانەت یەک لقو سێویشن. ئەم پێوانەش ڕێک بۆ تەواوی پەرتبوونە سیاسییەکانی تر ڕاستە، کە بەسۆسیالیست دەستپێدەکاتو بەزەحمەتکێشان لەساڵی ڕابردوودا کۆتاییدێت.

ڕاستییەکەی ژیانی سیاسی لەکوردستان لەدۆخێکی قەیراناویدایە، بەشێکی ئەو قەیرانە پەیوەستە بەئاڵوگۆڕو وەرگۆڕانی فۆڕمی حیزبەوە لەشێوە پارتی داخراوی لینینی بۆ حیزبی سیاسیی بەرواڵەت سەردەمیو بەشەکەی تریشی پابەندی بەڕێوەبەرگەلێکە کە لەقوتابخانە کلاسیکییەکانی سیاسەتەوە ئەزموونو ڕۆشنبیرییان وەرگرتووە، بەو واتایەی گرفتی سیاسیی لەناو پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دوو سەرەیە، سەرێکیان گرێدراوی هەوڵی خۆدەربازکردنە لەفۆڕمی سۆسیالیستانەی پارتی سیاسیو سەرەکەی تریشی بەندە بەو گرێو گۆڵە سایکۆلۆژیانەوە کەنەوەی کۆنی قوتابخانەی شۆڕش ناتوانن لەگەڵ فۆڕمی نوێ خۆیان بگونجێنن.

ئیدی ئەوەشە سەرەنجام لەنێوان دەستاڕی خواستی بەشێک بۆ نوێکردنەوەو پابەندی بەشەکەی تر بەفۆڕمی کۆنەوە، حیزبی گەیاندووەتە بازنەیەکی قەتیسو دواجاریش لێکترازانە سیاسییەکان دەبنە مۆدێلێکی سیاسیو حیزبە سیاسییەکان یەک لەدوای یەک لەژێر هەڕەشەی دووپارچەبوونو زیاتریشدان.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەپاش جیابوونەوەی ریفۆرمخوازانیانەوە باڵانسی هێزیان لاوازو کاریگەریشییان لەدوای دەرکەوتنی گۆڕانەوە گەیشتە ئاستێکی لاوازو ترسناک، زەحمەتکێشانیش لەپاش دوو پارچەبوونییەوە نەک هەر لەگەشە وەستا، بەڵکو لەپرۆسەیەکی پاشەکشەی خۆکوژیدا دەستی هێزەکانیان هێنایە سەر جەستەی خۆیانو دیموکراتیش لەپاش خۆخۆرییە ناوخۆییەکەیان لوولەی تفەنگەکان ڕوو لەئێرانەوە گواستنەوە بۆ سەر سینگی یەکدی. ڕاستییەکەی تەواوی ئەو جیابوونەوانە، تەواوی کەرتکردنی ئەو سێوانە، جگە لەخۆخۆرییەکی ناوخۆییو شەڕێکی دەروونی ترسناک، کەدەرهەق بەخۆیان دەکرێت هیچی تر نییە.

نیوە سێوەکەی یەکێتیو نیوەکەی تری گۆڕان، لەگەڵ تەواوی نیووە سێوەکانی تر ئێستا لەبەردەم دوو ئەگەردان، ئەگەرێک کە لەئێستاشدا دووربێت بریتییە لەپرۆسەی یەکخستنەوەو ڕەوینەوەی کەفو کوڵەکانی تووڕەبوونو ڕق هەڵسانو ڕەتکردنەوەی یەکدیو گەڕانەوە بۆماڵی دایکو تێکەڵکردنەوەی سێوەکە، ئەگەری دووەمیش دوورکەوتنەوەیە لەرەفتاری هەرزەیی سیاسییو وەلانانی دڕدۆنگیو داننان بەوەی کەئەوانە دوو حیزبی جیان. بەو واتایەی ئەگەر یەکێتیو گۆڕان، زەحمەتکێشانو زەحمەتکێشان، دیموکراتو دیموکراتو تەواوی حیزبە لێ پارچەبووەکانی تریش ئەگەر لەئێستاشدا لۆژیکی کەللەڕەقیو دڵڕەقی سیاسی بەسەر لۆژیکی لێبووردەییو یەکتر قبوڵکردن زاڵ بێتو نەتواننماڵەکان یەکبخەنەوە، با وەک هێزگەلی کاملو خەڵکی لێبووردە لەئاکاری شیرو تیر لێک سووین دووربکەونەوەو چیتر لەهەڵمەتی ڕاگەیاندنو ناشیرینکردنی یەکتر بەردەوام نەبن، ئەوان ئەگەر ناتوانن یەک سێو بن، با هیچ نەبێت دوو نیوە سێوی دۆستو دڵنەرمو لێبووردە بن. با دوو حیزبی دۆستو دوو دۆستی ئاسایی بن.

# داوادەکرێت حەشاردەرانی قاسم ئاغاش دادگایی بکرێن

## جگە لەدادگای کۆیە، لەدادگای هەولێریش داوا لەسەر قاسم ئاغا تۆمارکراوە

کاروخ نامیق

وتەبێژی کەمپینی بنەماڵەی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی شاری کۆیە داوادەکات لەگەڵ قاسم ئاغا هەموو ئەو کەسانە بدرێنە دادگا کەرێگەیانداوە بگەڕێتەوە کوردستانو حەشاریان داوە.

هیوا جەمال خۆشناو وتەبێژی کەمپینی بنەماڵەی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی شاری کۆیە دژی هێنانەوەی قاسم ئاغاو حەشاردانی، وتی "ئەوەی داڵدەی تاوانبار بدات، یان رێگە خۆشبکات بۆ راکردنی وەک ئەو تاوانبارە، داوادەکەین ئەوەی کارئاسانی بۆ ئەو تاوانبارە کردووەو کەم تەرخەمبووە، بدرێتە دادگا".

کەمپینی بنەماڵەی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی کۆیە یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسەفەری دەرەوە بوو، تائێستا وەڵامی نەداونەتەوە.

هیوا جەمال رایگەیاند "ناهێڵین ئەو تاوانبارە لەکوردستان بڕواتە دەرەوەو دەیدەین بەدادگا".

هیوا جەمال ئاماژەی بەوەدا داوایانکردووە سەرۆکی حکومەت لەگەڵ کەمپینەکەیان کۆببێتەوەو لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن هێنایانەوەو چۆن رزگاریانکردو رادەستی دادگایان نەکرد.

هیوا جەمال وتی "ئەو تاوانبارە کەسێکی ئاسایی نییە، چۆن هێنرایەوە کوردستان لەگوندی مەلا هۆمەر نیشەجێکرا لەشاری هەولێر خانووی بۆ کڕدرا".

دەڵێت بەپێی دواین زانیارییەکانی ئەوان کە لەخزمێکی قاسم ئاغاوە بەدەستیانگەیشتووە، چەند ئۆتۆمۆبێلێکی "وەنەوشە"ی جام رەش هاتوونو بردویانە بۆ شوێنێکی نادیار، ئەمە جێگەی گومانە، چۆن دەبێت تاوانبارێک بگوازرێتەوەو بیشارنەوەو پارێزگاری لێبکەن.

عەبدول باست فەرهادی وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی دادوەری لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند "تائێستا هیچ سکاڵایەک لەسەر ئەو کەسانە تۆمارنەکراوە کەئاسانکاریانکردووە بۆ راکردنی تۆمەتبار قاسم ئاغای کۆیە".

عەبدولباست وتی "ئێمە پێش رووداوەکان ناکەوین، کەی سکاڵا تۆمارکرا، ئەوکاتە کاری خۆمان دەکەین".

کاروان ساڵح ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێیەکانی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەفەرمی داوامکردووە لیژنەکەمان لەپەرلەمان بەزووترین کات دانیشتنێک ئەنجامبدات بۆ بەدواداچوون لەسەر پرسی قاسم ئاغا، وتی "بۆئەوەی بتوانین هەموو ئەو بەرپرسو لایەنانەی پەیوەندیدارن بەو کێشەیەوە، بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن، بۆئەوەی وەڵامی ئەو گومانانەی خەڵک بدەنەوە چۆن تاوانبارێکیان دەربازکرد".

**لەدادگای هەولێرش سکاڵا تۆمارکراوە**

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور تائێستا لەشاری هەولێر سکاڵایەک لەدژی تۆمەتبار قاسم ئاغا تۆمارکراوە لەلایەن مەریوان عەبدولقادر سالم کەدایکو باوکو پێنج خوشکو دوو برای ئەنفالکراوە خۆی شاهیدی رووداوەکەیە.



لەکۆیە ٤٣ داوا لەدادگای کۆیە لەسەر قاسم ئاغا تۆمارکراوە، ئەو ٤٣ داوایە ٣ داوا ٣ داوا رێکدەخرێنو دەکرێن بە ١٩ قەزیە، واتا ئێستا ١٩ قەزییە لەدادگای باڵای تاوانەکانی هەولێردا هەیە.

هیمدات مەجید سەرۆکی دادگای کۆیە دەڵێت لەساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی ٤٢ داوا لەدادگای کۆیە تۆمارکرا لەدژی قاسم ئاغا، دواتر دۆسییەکان لەرێگەی نووسینگەی سلێمانییەوە رەوانەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کرا.

هیمدات مەجید ئاماژەی بەوەکرد لەساڵی ٢٠٠٣ لەهەولێر داوا لەسەر قاسم ئاغا تۆمارکراوە، وتی "ئەگەر ئێمە کەم تەرخەم بوبێتین، ئەی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر؟".

هیمداد مەجید ئاماژەی بەوەدا فەرمانی دەستگیرکردنی قاسم ئاغایان ئاراستەی لایەنەکان کردووە، وێنەیەک لەفەرمانی دەستگیرکردنەکەیان داوەتە وەزارەتی دادو مافی مرۆڤی سلێمانی بۆئەوەی بتوانن لەرێگەی لیژنەی تەنسیقەوە رادەستی دادگای بکەن.

هیوا جەمال وتی "پارێزگاری هەولێر وتی دادگای کۆیە کەم تەرخەمە لەو دۆسییەیە، ئەی ئێستا کێ کەمتەرخەمە کەدوو برای قاسم ئاغا بەناوەکانی کازمو قاسم لەسنووری شاری هەولێرن لەکاتێکدا هەردووکیان بڕیاری دەستگیرکردنیان هەیە، ئەی بۆ پارێزگار ئەوانە دەستگیر ناکات، یان هەر قسەیەو هاژوهوژە دەیکاتو دەیەوێت خەڵک چەواشەبکات".

دەستوور زۆر هەوڵیدا نەوزاد هادی پارێزگای هەولێر وەربگرێت، بەڵام پەیوەندیەکە دروست نەبوو.

# ناوچەی دووی زانکۆی پارتی لەهەولێر کێشەی تێدەکەوێت

دەستوور لەهەولێر

بەرپرسی ناوچەی دووی زانکۆ هەڕەشەی دوورخستنەوەو گۆڕانکاری لەبەرپرسی رێکخراوو کارگێڕ رێکخراوەکانی سنووری ناوچەکەی دەکات، بەبیانووی ئەوەی لەکاتی بەستنی کۆنفرانسی پارتیدا بۆ ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی پارتی، ئیشیان بۆ نەکردووەو دەنگیان پێنەداوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەکۆبوونەوەکە بەدەستووری راگەیاند دوای ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی کۆنگرەی ١٣ی پارتی تەواوبوو، بەرپرسی لیژنەی دووی زانکۆ ئارام نەجمەدین لەرۆژی ٩٨-١٠دا کۆبوونەوەی بە بەرپرسی رێکخراوو کارگێڕ رێکخراوەکانی سنووری ناوچەکە کردووەو سەرزەنشتی کردوون، هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کەگۆڕانکاری لەهەیکەلیەتی رێکخراوەکاندا دەکات. وتویەتی "رێگەنادات بەو کەسانەی کەدەنگیان پێنەداوە، بچنە ناو بارەگای ناوچەوە"، ئەوەش بووەتەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لەئامادەبوان کۆبوونەوەکە بەجێبهێڵن.

سەرچاوەکە وتی "لەکاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی ١٣ پارتی بەتایبەت لەناوچەی دووی زانکۆدا سەرەڕای ئەوەی کەساختەکاری کراو ئینجا بەرپرسی ناوچەی ٢ی زانکۆ توانیویەتی دەنگی سێیەم بەدەستبهێنێتو ببێت بەئەندامی کۆنگرە".

ئارام نەجمەدین بەرپرسی ناوچەی دووی زانکۆ وتی "من لەکۆنفرانسەکەدا دەنگی دووەمم هێناوە، راستە لقی دوو پێشتر ئەوەی ئاشکراکردووە کەپشتگیری لەبەرپرسی ناوچەکان دەکەن، بەڵام من بەپشتیوانی ئەو کەسانە دەرچووم کەدەنگیان پێداومو تەحەداش دەکەم لەسنووری مندا هیچ ساختەکارییەک کرابێت".

بەرپرسەکەی ناوچەی دووی زانکۆ ئەوەشی وت "راستە کەکۆبوونەوەم بە بەرپرسی رێکخراوەکانو کارگێڕەکان کردووەو داوام لێکردوون بچنەوە سەرکارەکانی خۆیانو بەهیچ شێوەیەکیش ئەوە راست نییە کەمن هەڕەشەم کردبێت، چونکە لەکاتی هەڵبژاردندا هەمیشە بۆچوونی جیاواز هەیەو پارتیش بەسروشتی خۆی رێز لەو جیاوازییانە دەگرێت".

لەسنووری ناوچەی دووی زانکۆدا پارتی ٢٤ رێکخراوی هەیەو هەر رێکخراوێکیش ٢ کارگێڕی هەیە، واتا تەنیا لەو سنوورەدا ٢٤ بەرپرسی رێکخراو و ٤٨ کارگێڕی رێکخراو هەیە.

## "پێمانوایە ئەوان پاساوێکی مەنتیقیو بابەتیو یاساییان نییە"

عومەر نورەدینی ئەندام
پەرلەمانی پارتی لەلیستی کوردستانی



**دەستوور:** بۆچوونێک هەیە کەئەم پرۆژەیە پەیوەندی بەنەخشەی سیاسیی هەرێمەوە هەیە، بۆچی دەتانەوێت تێپەڕاندنی ئەم پرۆژەیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندبکرێت؟

**عومەر نورەدینی:** لەڕاستیدا ئێمە پێمانوایە دیموکراسی حوکمی زۆرینەیە، بەڵام لەگەڵ موراعاتکردنی مافی ئازادیو بەرژەوەندی ئەوان، لەحکومڕانی دیموکراتیدا دوو پایە گرنگە، یەکێکیان زۆرینە ئەویتریان ئۆپۆزیسیۆنە، بۆیە پەیوەندی نێوان هەردووکیان زۆر کاریگەری لەسەر حکومڕانیەتی هەیە، ئێمە لەو دۆخە بابەتیو مەنتیقییەی ئۆپۆزیسیۆن تێدەگەین، بەڵام ئەوانیش نابێت بەکلتووری ماف مامەڵە لەگەڵ زۆرینەدا بکەن، ئەو کاتە ئێمە بەکلتوری واجبات مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا دەکەین، واتا بەرانبەر داواکردنی حەق کۆمەڵێک واجباتیشیان دەکەوێتە سەرشان، یەکێک لەوانە داننانە بەو یاسایانەی کە بەزۆرینە دەردەچن، ئەگەر ئەوانیش دەنگیان پێنەدابن. لەبەرئەوە ئێمە پێمانوانییە ئەمە مانای پاوانکردنو دیکتاتۆریەتی زۆرینە بێت، چەند جارێک مناقەشەمان لەسەر یاساکە دواخستووەو گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبووینەتەوە، واتا دەرگای گفتوگۆو دیموکراسیمان بۆ خستوونەتە سەرپشت.

**دەستوور:** بۆچوونێک هەیە کەدەڵێت فراکسیۆنی کوردستانی کەفراکسیۆنی دەسەڵاتە، دەیانەوێت لەرێگەی ئەم پرۆژە یاسایەوە هەموو پنتەکانی کۆمەڵگە کۆنترۆڵبکەنو دەستوور تێپەڕێنن؟

**عومەر نورەدینی:** نا وانییە لەڕاستیدا لەهەموو کایەکانی دەسەڵاتدا ئۆپۆزیسیۆن ئامادەیی هەیە، لەپەرلەماندا ئامادەییان هەیە، دەرگایان بۆ کرایەوە بۆئەوەی بەشداربن لەحکومەتدا، ئەوان خۆیان نەیانویست، لەبابەتی دەسەڵاتی چوارەمو میدیادا ئەوان ئەوپەڕی بەهرەمەندبوون، لەهەموو جومگە سەرەکییەکانی حکومڕانیو دەسەڵات ئەوان فەرامۆشنەکراون، بەڵکو ئامادەییان هەیەو ئاسانکاریشیان بۆ کراوە، بۆئەوەی بەشداربن تێیدا، لەبەرئەوە هیچ کایەیەکی ژیان لەهەرێمی کوردستاندا ئیحتیکار نەکراوە لەلایەن زۆرینەوە.

**دەستوور:** قسەکە ئەوەیە بۆیە دەتانەوێت ئەم پرۆژەیە تێپەڕێنرێت، دەتانەوێت دەستوور بخرێتە راپرسییەوەو تێپەڕێنرێتو یاری بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بکرێت؟

**عومەر نورەدینی:** ئێمە پێمانوایە پاساوێکی مەنتیقیو بابەتیو یاسایی نییە بۆ داواکردنی ٣/٢، ئەگەر ئەم لیستە دەیانەوێت ئامادەییان هەبێت لەناو ئەم کۆمیسیۆنەدا ئالیەتی تر هەیە زەمانەتی یاساییو سیاسی تر هەیە بۆ بەشداری ئەوانو ئامادەیی ئەوان، ئەم دەرگایەشیان بەرووداکراوەتەوە.

**دەستوور:** ئۆپۆزیسیۆن بڕوایوایە هەرچەندە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرنگە، بەڵام خستنەبەر باسی لەئێستادا ئامانجی سیاسی هەیە؟

**عومەر نورەدینی:** نەخێر ئامانجی سیاسی لەپشت نییە، بەڵکو ئێمە پێمانوایە دامەزراندنی ئەم دەستەیە کەسایەتی یاساییو دەستووری هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکاتو مافێکی رەوای خۆمانەو دەبێتە مایەی بەهێزکردنی دیموکراسی لەهەرێمدا، کێ ناڵێت لەداهاتوودا ئەوان نابن بەزۆرینەو ئێمە نابین بەئۆپۆزیسیۆن.


**دەستوور:** پێتانوایە وروژاندنی ئەو بابەتە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە ئەوان ئامانجی سیاسییان هەبێت؟

**عومەر نورەدینی:** بێگومان بەبۆچوونی من ئەمە داواکردنی پشکی سیاسییەو بەتەشریعکردنی پشکی سیاسییە، کەئەوان دەیانەوێت ٣/٢یان هەبێت، دەیانەوێت پێگەی سیاسیی خۆیان لەناو ئەم کۆمیسیۆنەدا بەهێزبکەن، ئەوان داوای پشکی سیاسیی خۆیان دەکەن لەناو کۆمیسیۆندا، بەڵام لەرێگەی یاساوە، ئەم داواکارییەیان بەیاساییکردنی ئامانجی سیاسیو پشکی سیاسییە.

لەبەرئەوە دەکرێت چەند برگەیەک زیادبکرێت، بەڵام یاساکە بەشێوەی خۆی بڕوات لەدەرەوەی لە٣/٢، دەکرێت ئێمە پێکەوە سازدانێک بکەین، بەڵام ئەگەر ئەوان پێیانوابێت تەنیا لەرێگەی ٣/٢وە پێکەوە سازدان دەبێت، ئەوا داواکارییەکی تەعزیزییە.

## "دەیانەوێت لەو رێگەیەوە یاری بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بکرێت"

ئیسماعیل گەلاڵی ئەندامی
پەرلەمانی کوردستان
لەلیستی گۆڕان



**دەستوور:** ئێوە وەک فراکسیۆنی گۆڕان تێبینیان چییە لەسەر پرۆژە یاساکە بەگشتی؟

**ئیسماعیل گەلاڵی:** ئەم دەزگایە لەحەقیقەتدا لەوڵاتێکی وەکو کوردستان کەهێشتا دامەزراوە دروستنەبووەو تائێستا دەسەڵاتی حیزب لەناو هەموو کایەکانی ژیانی حکومیدا یاریدەکات، دەسەڵاتی حیزبو حکومەت لەیەک جیانەکراوەتەوە. دروستکردنی دەزگایەکی لەم چەشنە وەک چەقۆی دوو دەمی لێدێت، لەبەرئەوە ئەگەر پرۆژەکە بەشێوەیەکی باش دانەڕێژرێت، ئەوا لەجیاتی ئەوەی خزمەت بەدیموکراسی بکات، بەپێچەوانەوە ئازادی دەکوژێت، لەجیاتی ئەوەی کەببێتە دەزگایەک هەموو لایەک لێی سوودمەندبنو سوودی لێببینینو ببێتە دەزگایەکی نیشتمانی، بەپێچەوانەوە دەبێتە وەسیلەیەک بۆ ئەو کەسانەی کەباڵادەستدەبن لەکوردستاندا بۆ لێدانی نەیارەکانیان، لەبەرئەوە ئێمە ئەو دەزگایە بەدەزگایەکی زۆر زۆر گرنگو هەستیار دەزانین، بەڵام هاوڕانین لەگەڵ دەسەڵات کەچۆن ئەم پرۆژەیە رێکدەخەن، لەبەرئەوە ئێمە تێبینی زۆر زۆرمان هەیە لەسەریو بەڕاستی زۆر لێی دەترسین.

**دەستوور:** بۆ نمونە دەسەڵات دەیەوێت چۆن ئەو پرۆژەیە بباتە پێشەوە کەترسی لای ئێوە دروستکردووە؟

**ئیسماعیل گەلاڵی:** زۆرترین ئیشکالیەت لەو دەستەیەدایە کەسەرپەرشتی لیژنەکە دەکات، کە بەپێی پرۆژە یاساکە ٧ کەسنو دواتر لەلیژنەی ناوخۆدا کراون بە ٩ کەس، ئەگەر ئەم ٩ کەسە لەناو حیزبی دەسەڵاتدابن، ئەوا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانن بەئارەزووی خۆیان یاری بەئەنجامی هەڵبژاردن بکەن، بۆیە ئێمە بەدوای ئەوەوەین کەئەم دەزگایە کەفلتەری یاسایی وای بۆ دابنرێت ئەگەر خەڵکانی زۆر پاک نەبێت، نەتوانن لەو دەزگایەدا کاربکەن، ئەمە ئەو ئالیەتانەیە کەئێمە پێداگیری لەسەردەکەین.

**دەستوور:** ئەو ئالیەتانە چین کەئێوە پێشنیازتان کردووە؟

**ئیسماعیل گەلاڵی:** دەبێت کۆدەنگی لەسەر پرۆژە یاساکە دروستببێتو ئەو ٩ کەسە دەبێت متمانەی زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان وەربگرن، چونکە دواجار ئەو ٩ کەسە چارەنووسی خەڵکی کوردستان دیاریدەکەن لەهەڵبژاردنەکاندا، لەبەرئەوە بەبڕوای من ئەو کەسەی دەپاڵێورێت بۆ دەستەکە لانیکەم دەبێت متمانەی لە٨٠٪ی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرێت، ئەوکاتە ئەو کەسەی کەخۆی کاندید دەکات، ئەگەر زۆر نەزیە نەبێت، ناتوانێت متمانەی لە٨٠٪ی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرێت، واتا دەبێت ئێمە هەموو ئەو رێگە یاساییانە بگرینە بەر تابتوانین ئەو دەزگایە پاکژ بکەین.

**دەستوور:** ئێوە پێشتر راتانگەیاندبوو کەنییەتی تر لەپشت پەسەندکردنی پرۆژە یاساکەوە هەیە؟

**ئیسماعیل گەلاڵی:** بەدڵنیاییەوە ئەمە پرۆژەیەکی سیاسییەو ئامانجی سیاسیی هەیە، لەڕاستیدا پێش ئەم پرۆژەیە چەندان پرۆژەی تر هەیە لەپەرلەماندا خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڵام بۆچی ئەم پرۆژەیە لەکۆتایی مانگی ٦دا هاتە پەرلەمانو یەکسەر خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، هەروەها کرا بەیەکەمین پرۆژەی ئەم خولەی دەستپێکردنەوەی کاری پەرلەمانیش، لەبەرئەوە ئەمە بۆ ئێمە جێگەی گومان نییە، بەڵکو ئێمە دڵنیاینو یەقینمان هەیە کەئەمە پرۆژەیەکی سیاسییەو ئامانجی سیاسی لەپشتەوەیەو بەو ئاراستەیەی کەبۆی هاتووە ئاراستەیەکی نیشتمانی نییە، راستە لەشکلدا سیمایەکی نیشتمانی پێدەدەن، بۆیە ئێمە هەرگیز رێگە نادەین بەتێپەڕاندنی پرۆژە یاسایەکی لەو چەشنە.

**دەستوور:** ئەو ئامانجە سیاسییانە چین کەئێوە لێیدەترسن؟

**ئیسماعیل گەلاڵی:** دەیانەوێت کۆی پرۆسەی سیاسی لەکوردستاندا لەرێگەی ئەم دەستەیەوە کەدروستیدەکەن، کۆنترۆڵبکەنو فرەیی نەهێڵنو ئۆپۆزیسیۆن بسڕنەوە، ئامانجێکی تریشی ئەوەیە کەیاری بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بکرێت، هەروەها دەستوور تێپەڕێنرێت.



"لە٩٩,٩٪ی بەرپرسی ڕێکخراوەکان ئەمری واقیع لایان نەبات، لاناچن" 6

# لابردنی پرسیاری نەتەوە، کوردەکان دەترسێنێت

## وەزیرە کوردەکان لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا، ڕووبەڕووی دەمەقاڵێیەکی توند بوونەوە

محەمەد نەجیب

هەوڵێکی وەزیری پلاندانانی عێراقی بۆ لابردنی پرسیاری نەتەوە لەسەرژمێریی گشتیدا، کوردەکان توڕەدەکاتو دوێنێ سێشەممەش لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا دەمەقاڵێیەکی توند لەنێوان وەزیرە کوردەکانو عەلی بابانی وەزیری پلاندانانادا دروستبوو.

کوردەکان رایدەگەیەنن زەرەرمەندی یەکەم لەلابردنی پرسیاری نەتەوە لەسەرژمێریی گشتیدا ئەوانن، بۆیە دەڵێن لابردنی ئەو پرسیارە بەهیچ شێوەیەک قبوڵ نییە، چونکە کاریگەری لەسەر قەبارەی نەتەوەکان دەبێت.

مەحمود عوسمان ئەندامی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانو بەرپرسی جێبەجێکاری سەرژمێریی گشتی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "لابردنی پرسیاری نەتەوە لای ئێمە جێگەی قبوڵ نییە، لەبەرئەوە حکومەتی هەرێمو لیژنەی سەرژمێری دانیشتووانی هەرێم وەڵامدانەوەیەکی بەهێزی دەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە".

رۆژی دووشەممە لەبەیاننامەیەکدا عەلی بابان وەزیری پلاندانانی عێراقی رایگەیاند وەزارەتەکەیان سەرقاڵی لابردنی خانەی نەتەوەی هاووڵاتیانی عێراقن لەفۆرمی سەرژمێریدا.

دوای ئەو بەیاننامەیە پارێزگاری موسڵ خۆشحاڵی خۆی بەو سیستمە نوێیەی وەزارەتی پلاندانان دەربڕی، بەڵام بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لابردنی برگەی نەتەوە، بەهەوڵێکی تر بۆ هەوڵدان لەپێناو نەزانینی ڕێژەی راستەقینەی نەتەوەی کورد دەربڕی.

لەیاسای ٤٠ی سەرژمێریی گشتی دانیشتووانی عێراقیدا هاتووە کەدەبێت بواری ئازادی هەبێت بۆ هەموو تاکێک کەسەر بەچ نەتەوەیەکە.

مەحمود عوسمان ئەندامی دەستەی ئاماری هەرێم، وتی "لەهەموو جیهاندا کەسەرژمێری دەکرێت ئەو پرسیارە لەهەموو تاکێک دەکرێت کەسەر بەچ نەتەوەیەکە، لەبەرئەوە ئەم حاڵەتانە بۆ ئەوەیە کەتووشی کێشەمان بکەن، ئەمەش رای کەسێکە، چونکە پرس بەدەستەی باڵای سەرژمێریی گشتی عێراقو ژووری عەمەلیاتو حکومەتی هەرێم نەکراوە".

ڕێبوار تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور لەگەڵ ئاماژەدان بەخراپی کاریگەری لابردنی پرسیاری نەتەوە بۆ زانینی ڕێژەی کورد، وتی "کاریگەری خراپ دەکاتە سەر ستراتیژیەتی پلاندانان لەعێراقدا، چونکە ئێستا هاوکێشەیەکی سیاسی هەیە کەهەمووی نادیارو ناڕوونە، لەبەرئەوە هەموو کەسێک خۆی بەخاوەنی عێراق دەزانێت، بەڵام لەهەمانکاتدا کەسێک جورئەتی ئەوەی نییە کەبڵێت ڕێژەی من چەندە لەم عێراقەدا".

ئەو وتی "رژێمی پێشوو بەکەیفی خۆی ئەگەر ئارەزووی لێبوایە نەتەوەی زیاددەکرد، ئەگەر ئارەزووی لێنەبووایە، ئەوا نەتەوەی لادەبرد، لەبەرئەوە لەهەموو سیستمە جیهانییەکانو کتێبە پیرۆزەکان هەموویان تەئکید لەوە دەکەن کەمرۆڤ ئازادی بۆچوونی هەبێت".

ڕێبوار پێیوایە ئەو هەوڵەش پلانێکی ترە نەک دژی کورد، بەڵکو دژی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی عێراق، وتی "چونکە شیعە دەڵێت ئێمە زۆرینەین، سوننە بەهەمان شێوە، کورد دەڵێت ئێمە لەو ڕێژەی زیاترین کەبۆمان دیاریکراوە، لەبەرئەوە تەنیا هەبوونی وشەی نەتەوە دەتوانێت ئەم معادەلەیە یەکلاییبکاتەوە".

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە نەتەوەی کورد بەردەوام لەمەسەلە گرنگەکاندا لەوانەی بەشە بودجەو هەڵبژاردنەکاندا کێشەی بۆ دروستبووە، بەهۆی ئەنجامنەدانی سەرژمێرییەوە پشت بەفۆرمی خۆراک دەبەسترا، لەو حاڵەتەشدا کوردەکان بەهۆی ئەوەی زۆریان فۆرمی خۆراکیان نەبووە، لەڕووی نەتەوەوە لەسێ پارێزگاکەی هەرێم بە بەراورد بەپارێزگاکانی تری عێراق بەرێژە بەکەمتر ئەژماردەکران.

تاڵەبانی دەڵێت ئەو حاڵەتە زیانی بۆ کورد زۆر دەبێت، وتی "ئەوە مافی سەرەکی هەموو نەتەوەکانە، بزانن ڕێژەیان چەندە". ئەو پێیوایە ناحەزانی عێراقو کورد ئەو حاڵەتانە دەوروژێنن.

دوێنێ سێشەممە دەمەقاڵێی توند لەنێوان وەزیرە کوردەکانو عەلی بابان دروستبوو لەسەر هەمان مەسەلە، کاتێک عەلی بابان جارێکی تر رایگەیاند کەپرسیاری نەتەوە لادەبات.

نەرمین عوسمان وەزیری ژینگەی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا، دەمەقاڵێیەکی توند لەنێوان وەزیرە کوردەکانو عەلی بابان روویداوە، بەهۆی ئەوەی عەلی بابان لەڕاگەیاندنەکانەوە وتوویەتی پرسیاری دیاریکردنی نەتەوە لەفۆرمی سەرژمێریدا لادەبەین".

نەرمین وتی وەزیرە کوردەکان بەعەلی بابانیان وت بۆی نییە هەر لەخۆیەوە ئەو بریارەبدات.

لەکۆبوونەوەکەدا عەلی بابان هەڕەشەی کشانەوەی کرد، ئەگەر پرسیاری نەتەوە لەفۆڕمی سەرژمێریدا لانەبرێت.

دوای ئەوە دەمەقاڵێیە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاندووە ئەو پرسە دادگای فیدراڵی عێراق یەکلاییدەکاتەوەو چاوەڕوانی وەڵامی ئەو دادگایەن.

لەلایەکی ترەوە تاریق چیمەنی بەڕێوەبەری ئاماری کەرکوک، کەسەرپەرشتی سەرژمێریی کەرکوک دەکات، ئاماژەی بەوەدا کەئەو پێشنیازەیان پێگەیشتووە کەوەزارەتی پلاندانانی عێراقی کردوویەتی، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی پرسی نەتەوە لەسەر فۆڕمی سەرژمێری.

تاریق وتی ئەو داوایە نەتەوەی عەرەبو تورکمان کردوویانە بۆ وەزارەتی ناوبراو بۆ هەڵوەشاندنەوەی پرسی نەتەوە.

هەروەها وتی "ئێمە وەک لایەنی کوردی ئەو داوایەی وەزارەتی پلاندانان رەتدەکەینەوەو رەزامەندی لەسەر نادەین، ئەوە کاریگەری خراپی لەسەر ئایندەی کەرکوک دەبێت".





# وەبەرهێنەرەکان لەکەرکوک دەکشێنەوە

## دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری وەستێنراوەو چەندان کۆمپانیای وەبەرهێن بەهۆی بوونی کێشەی موڵکدارییەوە ئامادەنین لەکەرکوک وەبەرهێنان بکەن

ئازادو کاروخ

کۆمپانیا وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان بەهۆی یەکلایینەکردنەوەی موڵکدارێتی کەرکوک، لەشاری کەرکوک دەکشێنەوە، دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاریش بەهۆی یەکلایینەکردنەوەی کێشەی موڵکدارێتییەوە لەو شارەدا راوەستێنراوە.

بەرپرسانی شاری کەرکوک رایدەگەیەنن یەکلایینەبوونەوەی کێشەی موڵکدارێتی کێشەی بۆ دروستکردوون، چونکە لەلایەک وەبەرهێنەرەکان لەشارەکە کشاونەتەوەو لەلایەکی تر دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری راوەستێنراوە.

**کێشەی موڵکداری**

لەساڵی ٢٠٠٤ بەفەرمانی پۆڵ برێمەر دەستەیەکی تایبەت بەچارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی دروستبوو، ئەو دەستەیە ئێستا زیاتر لە ٣٥ هەزار داوای موڵکایەتی کەرکوکی لایە، کە لەدوو جۆر داوا پێکدێت، بەشێکیان زەوی کشتوکاڵینو خراونەتە سەر وەزارەتەکان، هەندێکی تریان موڵکی تایبەتە.

لەچەند هەفتەی رابردوودا وەفدێکی پارێزگای کەرکوک سەردانی کەرکوکیان کرد بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی موڵکدارێتی شارەکە، بەڵام تائێستا کەمترین کێشەی موڵکدارێتی یەکلاییکراوەتەوە.

ئاوات محەمەد ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند کێشەی موڵکایەتی شێوازێکی زۆر ئاڵۆزی بۆ چارەسەرکردن هەیە، دەبێت دادگای تایبەت یەکلاییبکاتەوە، دوای ئەوە مافی پێداچوونەوەی هەیە، مافی تانەدان هەیە، ئەمە وایکردووە زۆر بەکەمی کێشەی موڵکایەتی چارەسەربکرێت.

ئاوات وتی "تائێستا لە١٠٪ی کۆی کێشەی موڵکایەتی چارەسەرکراوە لە٩٠٪ی بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە".

دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری راگیراوە

چارەسەرنەکردنی کێشەی موڵکدارێتی لەکەرکوک کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە، چونکە ناتوانرێن زەوی بۆ ئەو پرۆژانە تەرخانبکرێت کەپێویستیان بەزەوییە.

لەسەرەتای ئەمساڵدا حکومەتی ناوەندی بڕیاریدا ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەکەرکوک دروستبکات، بەڵام ئەو بڕیارە بەهۆی نەبوونی زەوی پێویستەوە راگیراوە.

جەمال شکور سەرۆکی شارەوانی کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی نوێنەکردنەوەی نەخشەی بنەڕەتی شاری کەرکوک یەکێکە لەو هۆکارانەی کەرێگرە لەبەردەم کارەکانی ئەواندا. بەهۆی یەکلایینەکردنەوەی کێشەی موڵکداریش ناتوانن نەخشەی بنەڕەتی شار نوێبکەنەوە.

ئەو وتی "نوێنەکردنەوەی نەخشەی بنەڕەتی شاری کەرکوک کاردانەوەی بۆ سەر کەرتی کشتوکاڵو پیشەسازیو شوێنەوارەکانو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانو ناوچە گەشتیارەییەکان هەیە".

لەو پرۆژانەی کە بەهۆی کێشەی موڵکدارێتییەوە راگیراون، پاڵاوگەی نەوت، دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی، فراوانکردنی بیناکانی تایبەت بەخوێندنی باڵا، پرۆژەی دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونو چەند پرۆژەیەکی تر.

**وەبەرهێنەرەکان لەکەرکوک دەکشێنەوە**

فەلاح عەبدولڕەحمان سەرۆکی دەزگای وەبەرهێنانی کەرکوک لەلێداونێکیدا بۆ دەستوور وتی کۆمپانیایەکی زۆری ناوخۆیو دەرەکی هەیە دەیانەوێت کاری وەبەرهێنان لەکەرکوک بکەن، بەڵام لەشاری کەرکوک کێشەی موڵکداری رێگرە لەئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان.

فەلاح وتی "ناتوانین وەک پێویست زەوییان بۆ دابین بکەین، لەبەرئەوەی زۆرینەی زەویی کەرکوک کێشەی لەسەرە، بەم زووانەش ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت".

دەستەی وەبەرهێنانی کەرکوک تائێستا ٥ مۆڵەتی وەبەرهێنانیان داوەتە وەبەرهێنەرەکان، بۆ ئەوانەی کێشەی زەوییان نەبوو، چونکە زەوییەکان کێشەیان لەسەر نەبووە.

بەوتەی ئەندامانی دەستەی وەبەرهێنان مانگانە دەیان کۆمپانیای بیانی سەردانی کەرکوک دەکەن، بەمەبەستی وەگەڕخستنی سەرمایەی خۆیانو ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی جۆراوجۆر، بەڵام دواتر دەکشێنەوە.

عەدنان زەنگنە ئەندامی دەستەی باڵای وەبەرهێنانی کەرکوک دەڵێت تەنیا موڵکدارێتی کێشە نییە، بەڵکو پێدانی مۆڵەتی کارکردنیش کێشەیە کە لەلایەن وەزارەتەکانی عێراقەوە کێشەیان بۆ دروستدەکرێت.

زەنگنە وتی "بەهۆی کێشەی موڵکدارێتییەوە لەبواری وەبەرهێناندا زۆرترین کێشەمان بۆ دروستدەبێت".

بەڵام سەرۆکی شارەوانی کەرکوک رەخنەی لەبەشێک لەکۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانیش گرت کەدوای ئەوەی زەویشیان بۆ دابیندەکرێت، دەکشێنەوە.

شکور وتی "بەشێک لەکۆمپانیاکان بەتایبەتی ئەوانەی دێنە کەرکوک دواتر دەگەڕێنەوە خودی خۆیان کەمتەرخەمبوون، چونکە ئێمە وەک شارەوانی کەرکوک بەهاوکاری ئیدارەی کەرکوک لەسێ بواردا پرۆژەو زەوی پێویستمان بۆ ئامادەکردوون، بەڵام ئەوان خۆیان نایانەوێت لەو بوارانەدا کاربکەن".

دەستەی وەبەرهێنانی کەرکوک هیچ ئامارێکیان لەبارەی ئەو کۆمپانیایانەوە ئاشکرانەکرد، بەڵام دەڵێن دەیان کۆمپانیا کشاونەتەوە.

ئاوات محەمەد دەڵێت ئەو کۆمپانیا وەبەرهێنانەی کەدێن یەکەم کێشەکە رووبەڕوویاندەبێتەوە، دەبێت ئەوە یەکلاییبکەنەوە ئایا ئەو زەوییەی پرۆژەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت کێشەی موڵکایەتی لەسەرە یان نا.

بەبڕوای ئاوات محەمەد کێشەی موڵکدارێتی هۆکارێکی سەرەکییە، زۆر کۆمپانیا ناتوانن پرۆژەی وەبەرهێنان لەکەرکوکدا بکەن.



موڵکدارێتی... کێشە بەردەوامەکەی کەرکوک

# لەهەولێر، ژنێک پێنج منداڵ لەمێردەکەی دەکڕێتەوە

## پیاوێک دوای ئەوەی ژنێکی عەرەب دەهێنێت، لەپێناو دەستبەرداربوون لەمنداڵەکانی پارە لەژنەکەی دەسێنێت

ڕێبوار جەلال لەهەولێر

دوای ٢٤ ساڵ لەتەمەنی هاوسەرگیریو پێکەوە ژیانیان لەهەولێر، ژنێک پێنج منداڵی خۆی لەمێردەکەی دەکڕێتەوە، دوای ئەوەی مێردەکەی بەدزییەوە ژنێکی تر دەهێنێت.

ئەو ژنە کە لەترسی مێردەکەیو براکانی خۆی بە بەهار ناساند، وتی «مێردەکەم دوای ئەوەی بەدزییەوە ژنێکی تری هێنا، کەگەڕایەوە پێیووتم یان دەبێت منداڵەکانم بدەیتێ یان دەبێت ٢ ملیۆن دینارم بدەیتێ».

**بەهار لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا شوودەکات**

بەهار کەتەمەنی ٣٩ ساڵەو ژنی ماڵەوەیە، لەساڵی ١٩٨٦و لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا شووی بەمحەمەد کردووە، هەردووکیان لەخێزانێکی هەژار پەروەردەبوون.

بەهار لەپێناو محەمەددا ئامادەبوو هەموو قۆناغەکانی گرانیو دەردەسەری لەگەڵدا ببڕێت، بەڵام دوای ٢٤ ساڵ، محەمەد کۆتایی بەو ژیانە هاوبەشەی نێوانیان دەهێنێتو ژنێکی تر دەهێنێت.

بەهار وتی «محەمەد لەخێزانێکی هەژارو کەمدەرامەت بوو، هەموو قۆناغە گرانەکانی ژیانمان بەیەکەوە تێپەڕاند، وەک هەر خێزانێکی ئاسایی بووین بەخاوەنی ٥ منداڵ».

بەهار ئەو ٢٤ ساڵە لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووە، ڕۆژێک بەبێ ترس لەنێو خانووی خۆیدا بژی، بەڵام دوای ئەوەی چەند مانگێک بەشێک لەو ئاواتەی دێتەدی، محەمەدی مێردی ژنی تری بەسەردا دەهێنێت.

بەهار وتی «خۆشبەختبووم کە لەماوەی ٢٤ ساڵی تەمەنی هاوسەرگیریمدا توانیمان سلفەی عەقار وەربگرینو خانوویەکی ئاسایی دروستبکەین، هێشتا خانووەکەمان تەواو نەبووە، بەڵام بۆئەوەی کرێی خانوو نەدەین لەگەڵ منداڵەکان چووینە ناویو تێیدا دەژین».

**محەمەد بەبیانووی ئیشەوە ماڵی بەجێهێشت، بەڵام ژنی دووەمی بەدزییەوە هێنا**

ئەو خێزانە ٥ منداڵیان هەیە، دووانیان کوڕو سیانیان کچن، وەک بەهار دەڵێت بەبێ کێشە ژیانیان بەڕێکردووە، بەڵام ونبوونی مێردەکەی چەند مانگێک کۆتایی بەو ژیانە هاوبەشەی نێوانیان دەهێنێت.

بەهار دەڵێت هیچ کێشەیەکمان نەبووە، بەڵام محەمەد ٤ مانگ لەمەوبەر بەبیانووی کارکردن سەفەری بەغدادی کردووەو تا ٢ مانگ نەگەڕاوەتەوە ماڵ.

بەهار وتی «هەفتەیەک پێش جەژنی ڕەمەزان کەهاتەوە زۆر ئاسایی بوو، باسی هیچ شتێکی نەکرد، تەنیا هەفتەیەک مایەوەو بڕی ٢٠٠ هەزار دیناری بۆ جەژن پێدام، منیش لەو بڕە پارەیە، دەستە جلێکی کوردیم بۆ کڕی بۆئەوەی دڵخۆشی بکەم».

دوای مانەوەی محەمەد لەگەڵ منداڵەکانیدا بۆماوەی هەفتەیەک جارێکی تر دەچێتەوە بۆ بەغدادو وەک بەهاری هاوسەری دەڵێت «هەر بەبیانووی کارکردن گەڕایەوە بەغداد».

محەمەد لەماوەکانی ڕابردوودا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ هەولێرو دەچێتەوە لای ژنو منداڵەکانی، بەڵام ئەمجارە بە بەهار دەڵێت «ژنێکی تری هێناوە کەعەرەبە ژیانێکی زۆر خۆشو ئاسایی لەگەڵ ئەودا بەڕێدەکات».

**محەمەد داوا لەبەهار دەکات منداڵو خانووەکەی بۆ بەجێبهێڵێت**

بەهار دەڵێت دوای ئەوەی مێردەکەی پێیوتووە کەژنی دووەمی هێناوە، پێشی وتووە «خانووەکەو منداڵەکانی بۆ بەجێبهێڵێت، منیش کەسوکاری خۆمو کەسی مێردەکەم لەم کێشەیە ئاگادارکردەوە».

دوای ئەوەی بەهار کەسوکاریو خۆیو مێردەکەی ئاگاداردەکاتەوە، محەمەد زۆر توڕەدەبێتو بەچەقۆ پەلاماری بەهار دەدات. «بەڵام دەستی پێمنەگەیشت». بەهار وای وت.

هەروەها وتی «کەسوکاری هەردوولامان کۆدەبنەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدەن، بۆیە محەمەد ناتوانێت خانووەکە بفرۆشێت بەهۆی ئەوەی گلدانەوە (حیجز)ی بانکی خانووبەرەی لەسەرە، چونکە سلفەی عەقاری وەرگرتووە».

**براکانی بەهار ڕێگەنادەن بەهار سکاڵا لای پۆلیس بکات**

بەبیانووی ئەوەی نابێت ئافرەت بچێتە دادگاو بنکەی پۆلیسو سکاڵا تۆماربکات، براکانی بەهار ڕێگەی پێنادەن بچێتە دادگا، «براکانم نەیانهێشت سکاڵای لەسەر تۆماربکەم، ئەگینا داوای مافی خۆمم لێدەکرد».

بەهار وتی «گەیشتینە ئەو ڕێککەوتنەی کەمحەمەد وەکالەی ئەو خانووە بۆ برای مێردەکەم بکاتەوە، بۆئەوەی نەتوانێت بیفرۆشێتو ئێمە دەربەدەربکات».

**بەهار پێنج منداڵەکەی لەمحەمەد کڕییەوە**

بەهار تائێستاش وەک خێزانی محەمەد ماوەتەوەو جیانەبووەتەوە، لەبەرانبەر لێنەسەندنەوەی منداڵەکانیشی، ٢ ملیۆن دیناری عێراقی دەداتە محەمەد.

بەهار وتی «داوای بڕی ٢ ملیۆن دیناری عێراقی کرد، پێداگیری زۆری کرد یان منداڵەکان ببات یان ٢ ملیۆن دیناری پێبدەم، ناچار منیش بڕە پارەکەم لەناسیاوەکانم وەرگرت بەقەرز بەئاگاداری کەسوکاری خۆمو ئەو، پارەکەم پێیدا، ئینجا وازی لێهێنام کە لەگەڵ منداڵەکانم بژیم».

**تێبینی:** بەهۆی ئەوەی بەهار ڕێگری لەلایەن براکانیو مێردەکەی لێکراوە، کەکێشەکەی نەباتە پۆلیسو دادگاو بڵاوینەکاتەوە، بەهار ناوی خۆیو مێردەکەی بەخوازراوی وت.



براکانم نەیانهێشت سکاڵای لەسەر تۆماربکەم، ئەگینا داوای مافی خۆمم لێدەکرد

# فەرمانبەران بەیەک ملیۆن دینار دەبنە کەفیل

## کەفالەت لەپێشینەی خانووبەرەدا کێشە بۆ هاووڵاتیان دروستدەکات



مامۆستایەک: ئەگەر پارەم بدەنێ، ئامادەم ببمە کەفیل

ئاوارە محەمەد لەگەرمیان

بەهۆی ئەوەی یەکێک لەمەرجەکانی پێدانی پێشینەی خانووبەرە بوونی کەفیلێکە کەموچەیەکی زۆری هەبێت، نیگەرانی لای ئەو هاووڵاتیانە دروستدەکات کەموچەیان نییە، زۆرێک لەهاووڵاتیان لەوەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە پەشیمان بوونەتەوە، چونکە مامۆستایانو فەرمانبەران بڕیاریانداوە بەپارە ببنە کەفیل.

حکومەتی هەرێم ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٣، بەژمارە ٧٩٥٣ بڕیاری خەرجکردنی پێشینەی خانووبەرەی بۆ دانیشتووانی شارۆچکەو گوندەکان دا، کەبڕەکەی ١٥ ملیۆن دینارە، ئەو بڕیارە خۆشحاڵی لای هاووڵاتیان دروستکرد، ئەو گوندنشینانەی کە بەهۆی نەبوونییەوە گوندەکانیان چۆڵکردبوو، ئومێدی خۆیان بەپێشینەکەی حکومەتەوە گرێداو بڕیاریاندا بەپێشینەی خانووبەرە گوندەکانیان ئاوەدانبکەنەوە.

لەکاتی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەدا لەناوچەی گەرمیان مامۆستایانو فەرمانبەران بڕیاریانداوە بڕی یەک ملیۆن دینار لەو هاووڵاتیانە وەربگرن کەدەبنە کەفیلیان، لەبەرانبەردا ئەو هاووڵاتیانەی کەموچەیان نییە نیگەرانن لەو دیاردەیەو لەوەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە پاشگەزبوونەتەوە.

حەمەجان مەحمود دانیشتووی گوندی پوقەی سەر بەناحیەی ڕزگاری لەگەرمیان، کەدانیشتووانەکەی زۆرینەیان کەسوکاری ئەنفالکراوەکانن، بەدەستووری وت «پەشیمانبوومەوە لەوەرگرتنی پێشینە، چونکە دوای هێنانو بردنێکی زۆر لەم فەرمانگەیەوە بۆ ئەو فەرمانگەیە، ئینجا داوای کەفالەتم لێدەکەن، ئەوەش دەبێت فەرمانبەرێک یان مامۆستایەک ببێتە کەفیل کەمووچەکەی لە ٣٦٢ هەزار کەمتر نەبێت، زۆر گەڕام کەسم دەستنەکەوت».

ئەو هاووڵاتییە بەنیگەرانییەکەوە وتی «مامۆستا هەیە بەملیونێک دەبێت بەکەفیل، بۆیە منیش بەناچاری وازم لەمامەڵەکە هێناو ئەو پێشینەیە وەرناگرم».

عەلی محەمەد هاووڵاتێکی تری دانیشتووی گوندی زەرداوی سنووری گەرمیان بوو کە بەهۆی دەستنەکەوتنی کەفیلەوە وازی لەمامەڵەی پێشینەی خانووبەرەکەی هێنابوو. وتی «ویستم لەو پێشینەیە سوودمەندبم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەفالەتم دەستنەکەوت، وازمهێنا».

هاووڵاتیان ئاماژە بەوەدەکەن ئەگەر بێتو یەک ملیۆن دینار بدەن بەکەفیل لەگەڵ ئەو تێچوونەی کە لەکاتی مامەڵەی پێشینەکەدا خەرجی دەکەن، ئەوا لەکۆتاییدا پارەیەکی زۆریان بۆ نامێنێتەوە، بڕیارەکەی مامۆستایانو فەرمانبەران لەناوچەی گەرمیان بووەتەهۆی ئەوەی کەزۆربەی گوندنشینان لەوەرگرتنی پێشینە پەشیمانببنەوە.

عەلی وتی «بەچەند مامۆستایەکم وتووە، بەڵام داوای مەبلەغێک پارەیان لێ کردووم، ئەوکاتە ئامادەدەبن ببنە کەفیلم، بۆیە منیش وازم لەمامەڵەکەم هێنا، چونکە ئەگەر بڕێک پارە بەکەفالەت بدەم بڕێکیش بەمەسروفات، ئەوا شتێکی وام بۆ نامێنێتەوە، وەرنەگرتنی باشترە».

مامۆستایانو فەرمانبەران ئاماژە بەوەدەکەن بەهۆی ئەوەی لەکاتی مامەڵەی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەدا کاتیان دەگیرێتو لەهەمانکاتدا مەسروف دەکەن، بۆیە بەباشی دەزانن پارە لەهاووڵاتیان وەربگرن.

مامۆستا (م.ع) یەکێکە لەو مامۆستایانەی کەبڕیاریداوە بەپارە ببێتە کەفیل، وتی «ئەگەر لەبەرانبەر ئەوەی کەدەبمە کەفیلی هاووڵاتییەک مەبلەغێک پارەم پێ بدات، ئەوا ئامادەدەبم، چونکە من دەبێت کۆمەڵێک مامەڵەی بۆ بکەم، ئینجا مەسروفدەکەم لەوانەیە سبەینێ لەمووچەکەم ببڕن ئەم سەرئێشەیە تووشی خۆم ناکەم».

ئەو مامۆستایە وتی «ئەگەر پارەم پێ بدەن، ئەوا ئامادەم ببمە کەفیل، داوای یەک ملیۆن دینارم کردووە لەبەرانبەر کەفالەتێکدا، هەر من نیم چەندان مامۆستاو فەرمانبەر هەیە، ئەوانیش بڕیاریانداوە بەبێ پارە نەبنە کەفیلی کەس».

مامۆستایانی ئاینی باس لەوە دەکەن کەئەو کارەی ئەو مامۆستاو فەرمانبەرانە دەیکەن، پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامەو ئەو پارەیەش کەوەریدەگرن حەرامە.

مامۆستا مەلا ئەمین پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی شەهیدان لەشاری کەلار بەدەستووری وت «هەر مامۆستایەک یان فەرمانبەرێک ئەو پارەیە وەربگرێت، ئەوا حەرامەو دەبێتە سوو (ڕیبا)، بەڵام ئەگەر هاووڵاتییەکە کرێی ئۆتۆمبێلو نانخواردن بۆ مامۆستاکە یان فەرمانبەرەکە کەبووەتە کەفیلی بدات، ئەوا دروستەو حەرام نییە، بەڵام جگە لەوە هەر پارەیەک بەهەرناوێکەوە وەربگرێت، ئەوا حەرامە».

www.arsivakurd.org

# "لە٩٩,٩٪ی بەرپرسی رێکخراوەکان ئەمری واقیع لایان نەبات، لاناچن"

## راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ دەستوور

دانا جەمیل لەهەولێر

**فازیل عومەر راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بڕوایوایە کەبوونی دیکتاتۆریەتو بوونی خۆسەپاندنو قۆرخکاری لەلایەن تاکەکەسەوە لەرێکخراوەکاندا بووەتە هۆی ئیفلیجبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو تەسەوریشیوایە ئەگەر لە٩٩,٩٪ی بەرپرسی رێکخراوەکان ئەمری واقیع لایان نەبات، لاناچن.**

**دەستوور:** ئەو پرۆژەیەی ئێستا لەپەرلەماندایە تایبەت بەرێکخراوەکان تاچەند مۆدێلی کاری رێکخراوەیی لەکوردستاندا دەگۆڕێت؟

**فازیل عومەر:** یاسای ژمارە ١٥ کە لەساڵی ٢٠٠١دا ئامادەکراوەو تایبەت بووە بەکاری رێکخراوەیی، لەو سەردەمەدا کاری رێکخراوەی لەهەرێمی کوردستاندا لەحاڵەتێکی ساواییدا بووە، ئەزموونو شارەزاییو زیادبوونی کەناڵەکانی پەیوەندیو زیادبوونی سەرچاوەکانی دارایی لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەیکردووە، لەبەرئەوە بەبڕوای ئێمە دوای ئەم ١٠ ساڵە پێویستمان بەیاسایەکە کەبتوانێت مامەڵەیەکی شارستانیانەتر لەگەڵ رێکخراوەکاندا بکاتو پەیوەندییەکی شارستانیانەتر لەنێوان حکومەتو رێکخراوەکان لەسایەی ئەم یاسایەدا رێکبخرێت، لەرابردوودا رەچاوی باری ئەمنی کراوە لەدروستبوونی رێکخراودا، بەڵام لەئێستادا ئێمە دەزانین کەهەرێمی کوردستان پێیناوەتە قۆناغێک تا ئاستێکی زۆر سەقامگیری هەیە، لەبەرئەوە ئەم کۆنسێپتە پێویستی بەپیاداچوونەوە هەیە، ئەگەر لەدوێنێدا ترسمان لەمەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی هەبووبێت بەوەی کەرێکخراوێک دروستدەبێتو رەنگە بەئاراستەیەکی خراپ مامەڵە بکات، ئەوا لەئێستادا ئەمە رەویوەتەوە، بۆیە پێویستمان بەوەیە کە لەدەرەوەی پرۆسیجەرێکی ئەمنی، شارستانیانەترو مەدەنیانەتر مامەڵە لەگەڵ دروستکردنی رێکخراودا بکەین.

لایەنێکی تر ئەوەیە کە لەرابردوودا دەستی بەشێک لەرێکخراوەکانی گرتووەو هاوکاری مانگانەی پێشکەشکردوون بۆئەوەی بتوانن لەسەرپێی خۆیان بوەستن، لەم رێگەیەشەوە بتوانێت بەشدارییان پێبکات لەبوژاندنەوەی سەرخانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئێستا ئەو مەنتیقەش گۆڕاوە.

**دەستوور:** ئەو یارمەتیدانەی رێکخراوەکان چۆن بوو؟ بەنموونە زۆر باس لەناعەدالەتی دەکرێت؟

**فازیل عومەر:** ئەو رێکخراوانەی کەپێیان دەوترێت NGO لەسەر ئاستی دنیادا نموونەی ئەوەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، لەدنیادا نییە، حکومەت مینحەی مانگانە بدات بەرێکخراو، کاتێک کەرێکخراوی ناحکومی کەپارە وەردەگرێت، دەبێتە دامەزراوەیەکی حکومیو دەبێتە بەشێکی بچوک لەحکومەت، کەمن پێموایە هۆکاری پێدانی مینحە تەنیا بۆ دەستگرتنی رێکخراوەکان بووە بۆ بەشداریکردنیان لەپرۆسەیەکدا.

ئەو پێدانی مینحەیە لەبەرئەوەی بەیاسا رێکنەخرابوو نە لەیاسای ژمارە ١٥ نە لەهیچ کام لەیاساکانی تردا حکومەت ئیجبار نەکرابوو کەمینحە بەشێوەی مانگانە بدات بەرێکخراوەکان، لەبەرئەوەی یاسا نەبووە لەبەرئەوە بەرێنمایی کارکراوەو ئەم مەسەلەیە زۆر جار چووەتە ژێر کاریگەری بەمیزاج مامەڵەکردن، واتا لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی مامەڵە نەکراوە، بۆیە زۆر بەئاشکرا دیارە کەرێکخراوی زۆر چالاک هەیە مانگانە پارەیان وەرنەگرتووە، رێکخراویش هەیە کە لەراستیدا گومان لەبوونی هەیە، پارەی وەرگرتووە.

**دەستوور:** بڕی ئەو پارەیە چەند بووە کەدراوە بەرێکخراوەکان؟

**فازیل عومەر:** لەکۆی ١١٣٤ رێکخراو و ناوەندو تیپی میلليو گروپی رۆشنبیری لەهەرێمی کوردستاندا ٢١٤ رێکخراو لەوەزارەتی داراییو ١٨٥ سەنتەرو تیپو گروپی میللی لەوەزارەتی رۆشنبیری مینحە وەردەگرن، واتا ٢١٤ رێکخراوەکە نزیکەی ٨٨٦ ملیۆن دیناریان وەردەگرت، لەولاشەوە ١٨٥ سەنتەر بڕی ٣٩٩ ملیۆن وەردەگرن، بەوشێوەیەش نزیکەی ملیارێکو ١٨٦ ملیۆن دینار مینحەی حکومەت چووە بۆ رێکخراوەکانو ئەو سەنتەرو گروپە رۆشنبیرییانە، ئەوەی کەئێمە لەرابردوودا ئەزموونمان کردووەو لەمرۆدا بەئەنجامەکەی دەگەین، هەستدەکەین کۆمەڵگەی مەدەنی کەدەکرێت رۆڵی گەورە بگێرێت لەو رووەوە کەدەکرێت ببێتە پردی پەیوەندی نێوان خەڵکو دەسەڵاتو چاودێری دامودەزگاکان بکات، ئەم ئامانجە بەدی نەهاتووە.

**دەستوور:** هۆکاری بەئامانج نەگەیشتنی رێکخراوەکان چییە؟ ئایا پەیوەندی بەژیانی ناوخۆیی رێکخراوەکانەوە نییە؟ یان پەیوەندی بەوەوە هەیە کەرێکخراو بووەتە سەرچاوەی بژێویی بۆ کۆمەڵێک خەڵک؟

**فازیل عومەر:** ئەوەی دەبێت بەگیانی لێپرسراوێتییەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە، کەدەبێت بزانین رێکخراوەکان مامەڵە لەگەڵ شتێکدا دەکەن کەدەچێتە چوارچێوەی داهاتی گشتیو قوتی خەڵکەوە، لەناو ئەو رێکخراوانەی کەپارە وەردەگرن، هەندێک رێکخراوی کەم هەن کەپارەکە بەئاراستەی خزمەتکردن سەرفدەکەن، بەڵام بەگشتی من بڕواموایە ئەوەی کەوایکردووە نەتوانرێت ئەو ئامانجانە بەدیبێت کەرێکخراو بانگەشەی بۆ دەکات ئەوەیە کەزیاتر رێکخراوەکان بۆ ئامانجی ئابووری دروستبوون.

**دەستوور:** ئەوەی ئێستا قسەی لەسەرە ئەوەیە کەئەم رێکخراوانە گۆڕانکاریو نوێبوونەوەیان تێدا نییە، ئەو پرۆژەیەی ئێستا لەپەرلەمانە تاچەند گۆڕانکاری لەناوخۆی رێکخراودا دروستدەکات؟

**فازیل عومەر:** ئەو رەشنووسەی کە لەلایەن رێکخراوەکانەوە ئامادەکرابوو، بەڕاستی هەستت دەکرد کەمافێکی تەواو دەدات بەرێکخراوەکانو کەمترین لێپرسراوێتی دەخاتە ئەستۆیان، ئەمە خاڵی لاوازی ئەو پرۆژە یاسایە بوو، بەڵام دوای کۆنفرانسێک کە لەلایەن UNOPS ,ICNL بە بەشداری رێکخراوەکانو پەرلەمانو حکومەت رێکخرابوو، یاساکە بەشێوەیەک رێکخرا کەرێکخراوەکان حەقی تەواو نەدەن بەخۆیانو لەبەرانبەر ئەوەشدا حکومەتیش حەقی تەواو بەخۆیان نەدەن.

**دەستوور:** پێتوانییە ئەگەر یاسا، رێکخراوەکان ئیجبار نەکات بۆئەوەی گۆڕانکاری لەخۆیاندا بکەن، ئەوا ئەوان هیچ گۆڕانکاری ناکەن، ئێوە بۆ هەوڵتان نەداوە لەگەڵ پەرلەماندا ئەم بڕگانە لەپرۆژەیاساکەدا بچەسپێنن؟

**فازیل عومەر:** ئەگەر یەکێک لەئەرکەکانی رێکخراو ئەوەبێت کەکۆمەڵگەو دەسەڵات هۆشیاربکاتەوە لەوەی کەدەستاودەستکردنی دەسەڵات یەکێکە لەپرەنسیپەکانی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، بەڵام رێکخراوەکە خۆی مومارەسەی ئەو حاڵەتە نەکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو رێکخراوە بۆئەو ئامانجە دروستنەبووە کەکۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئاراستە بکات، بەڵکو وەک سەرچاوەی رزق دروستبووە، لەبەرئەوە ئێستا رێکخراوەکان پێیانوایە ئەگەر بەیاسا دەستوەردان بکرێت لەژیانی رێکخراوەییدا، ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازادییەکانیان.

**دەستوور:** زۆر قسە لەسەر ئەوەدەکرێت کەمۆڵەتپێدان بەرێکخراو دەگۆڕێت بۆ تۆمارکردن، گرەنتی ئەوە چییە کەئەم حاڵەتە لێشاوێک لەرێکخراوی هاوشێوەی ئەمەی ئێستا دروست ناکات؟

**فازیل عومەر:** دەکرێت بەمیکانیزمی جۆراوجۆر مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکرێت، ئەم فەرمانگەیە کەدروستدەبێت وەکو چۆن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری لەئەنجومەنی وەزیراندا هەن، لەناو هەیکەلی ئەنجومەنی وەزیراندا شوێنێک بۆ فەرمانگەی کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکرێتەوە، ئەم فەرمانگەیە فەرمانگەیەکی زۆر گەورەو پڕ فەرمانبەر نابێت، وەک ئەوەی قسەی لەبارەوە کراوە، هەمووی دابەشدەبێت بەسەر چەند بەشێکدا وەک هەڵسەنگاندنی پرۆژەو بەدواداچوونو پەیوەندییەکانو تۆمارکردنی رێکخراو و بەشی هاوکاری مرۆیی رێکخراو بێت، هەنگاوێکی عەمەلی بۆئەوەی کەکوردستان دووربخاتەوە لەزۆروبۆری رێکخراو ئەوەیە کەحکومەت بەشداری بەرێکخراوەکان بکات لەسەر بنەمای پرۆژە هەروەک ئەوەی لەپرۆژە یاساکەدا جێگەی بۆ کراوەتەوە، یەکێک لەکەناڵەکانی سەرچاوەی دارایی رێکخراوەکان بریتی دەبێت لەسندوقێک کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دروستدەکرێتو بەشێک لەبودجەی هەرێم دەخرێتە ناو ئەو سندوقە بۆ پرۆژەی رێکخراوەکان، من دەمەوێت بڵێم ئەگەر حکومەت بەیاسا دروستبوونی رێکخراوی ئاسانکردو پارەی مانگانە بدات بەرێکخراو، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێم کوردستان دەبێت بەرێکخراوستان، بەڵام ئەگەر لەرووی یاساییەوە مرونەتی زیاتر بۆ دروستبوونی رێکخرا دروستبکرێت، بەڵام میکانیزمێکی دانا بۆ چۆنیەتی پێدانی مینحە لەرێگەی پرۆژەوە، بەڕوای من ئەو حاڵەتە دروست نابێت.

**دەستوور:** بڕیارە تا کۆتایی ئەم ساڵ ٢١٤ رێکخراو مانگانە هەریەکە دوو ملیۆنو نیو وەربگرن، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە پەسەندکردنی پرۆژە یاسای رێکخراوەکان بکەوێتە مانگی سێی ساڵی داهاتووەوە، لەم حاڵەتەدا ئەو رێکخراوانە بەردەوام ئەو مینحەیە وەردەگرن؟

**فازیل عومەر:** نەخێر لەکۆتایی ئەم ساڵدا مینحەی رێکخراوەکان نامێنێت، لەئێستادا بەفەرمانی سەرۆکی حکومەتو بەسەرۆکایەتی د.کاوە وەزیری رۆشنبیریو ئەندامێتی منو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیو وەزارەتی دارایی لەئامادەکارییدان بۆ دانانی سندوقی هاوکاری بۆ پرۆژەی رێکخراوەکان، هەر لەئێستاوە زەمینە بۆئەوە دەسازێنین، رەنگە لەکۆتایی ئەم مانگەوە ئەمە تەواوببێت، لیژنەیەکی خۆبەخش پێکدەهێنرێت کەهەڵدەستێت بەهەڵسەنگاندنی پرۆژەی رێکخراوەکانو بەگشتی ئەو دەرگایە بۆ هەموو رێکخراوەکان دەکرێتەوە.

**دەستوور:** پێتوایە پێویستە یاساکە چەند بڕگەیەکی تێدا بچەسپێنرێت کەپەیوەندی بەمافی خۆبەخشو ژیانی ناوخۆی رێکخراوەوە ببێت؟

**فازیل عومەر:** دەبوایە ئەم خواستە لەناوخودی رێکخراوەکانەوە سەری هەڵبدایەو داوابکرایە، چونکە ئەوان دامەزراوەی کۆمەڵی مەدەنین، ئەگەر ئەوان بڕوایان بەرێزگرتنو پارێزگاریکردن لەمافی یەکتر نەبێت، بڕوایان بەدەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات نەبێتو قۆرخو قۆرخکاریو دیکتاتۆریەتو سەپاندن جێگەی ئەو شتانە بگرێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبنە مایەی ئیفلیجبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەئێستادا بەدەقیقی وایە، هیوادارم لەقۆناغەکانی داهاتووی رێکخستنەوەی ئەو پرۆژەیاسایەدا ئەم چاوپێکەوتنە هانمبدات بۆئەوەی تەرکیز بکەمە سەر ئەو لایەنە، چونکە رێکخراوەکان مافێکی زۆر بۆخۆیان داوادەکەن، بەڵام کەمتر خۆیان دەخەنە بەردەم بەرپرسیاریەتی، هەموو شتەکانیان لێدەگەڕێن بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، دەکرێت پەیڕەوی ناوخۆش بەمیزاج بنووسرێتەوە کەئەگەر بەیاسا رێکنەخرێت، رەنگە بەخەتەر بکەوێتەوە. من تەسەوردەکەم لە٩٩,٩٪ی بەرپرسی رێکخراوەکان ئەمری واقیع لایان نەبات، لاناچن. ئێستا کاتێک کەمن ئەم قسانەدەکەم رەنگە والێکبدرێتەوە کەمن لەناو دەسەڵاتدامو دەمەوێت بەمشێوەیە لەرۆڵی رێکخراوەکان کەمبکەمەوە.



> **لەناو ئەو رێکخراوانەی کەپارە وەردەگرن، هەندێک رێکخراوی کەم هەن کەپارەکە بەئاراستەی خزمەتکردن سەرفدەکەن**

# سەلامەتی هاووڵاتیان دەخەنە مەترسییەوە

## چەندان ئۆتۆمۆبێل لەپشکنین دەرناچنو بەواژۆی بەڕێوەبەر دەردەچێنرێن

رێبوار جەلال لەهەولێر

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەکاتی پشکنینی ئۆتۆمۆبێل (هەزە) لەهەولێر، چەندان ئۆتۆمۆبێل دەرچووێنراون کە بەپێی ئەنجامی پشکنینەکە دەرکەوتووە کەموکورییان هەیە، بەڕێوەبەری کۆمپانیای پشکنینەکەش دەڵێت موراعاتی بارودۆخی هەرێم دەکەن.

سیروان محەمەد بەڕێوەبەری بنکە لەکۆمپانیای PVI بۆ پشکنینی ئۆتۆمۆبێل دەڵێت ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە کەموکورییان هەبووەو دەرچووێنراون، بەهیچ شێوەیەک واسیتەیان نەبووە، وتی "بەڵکو ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆدا کۆبووینەتەوەو بڕیارمانداوە لەکارکردنماندا موراعاتی بارودۆخی هەرێم بکەین، چونکە ئەگەر لەسەر سیستمی ئەورووپی بڕۆین، ئەوا لەکوردستاندا هیچ ئۆتۆمۆبێلێک دەرناچێت".

سیروان محەمەد ئاماژە بەوە دەدات کەهۆکاری ئاسانکارییەکە بۆ ئەوەیە کە لەهەرێمی کوردستاندا کەرەستەی یەدەگی ئۆتۆمۆبێلەکان ئۆرگیناڵ نییە، هەمووی لەچینەوە دێن، دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا فیتەرەکان ئەنداریاری میکانیک نینو شارەزاییەکی زۆریشیان نییە، جیهازیشیان نییە بۆ کارکردنو هەمووی بەدەستو هێزی خۆیان دەیکەن.

کۆمپانیای پشکنینی ئۆتۆمۆبێل لەهەولێر کە بە PVI ناسراوە، کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەو لە١٥٪ی داهاتەکەی تایبەتە بەوەزارەتی ناوخۆ.

بەپێی بڕیارکی حکومەت کەساڵی ٢٠٠٩ دەرچووە، دەبێت ئۆتۆمۆبێلەکان ساڵانە پشکنین بکەن، ئەگەر لەپشکنین دەرنەچن، ئەوا ٣٠ هەزار دینار غەرامە دەکرێن. هەر ئۆتۆمۆبێلێک پشکنین نەکات، ئەوا لەکاتی فرۆشتنندا مامەڵەی یاسایی بۆ ناکرێت، یان ئەگەر مەفرەزەکانی پۆلیس بیگرن، ئەوا مۆڵەتنامەی شۆفێری لێوەردەگرنەوە.

دەستوور لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکەدا نمونەی چەند ئۆتۆمۆبێلێکی وەرگرت، کە لەپشکنین دەرنەچوونو دەرچووێنراون. بۆ نمونە مازدایەکی سپی کەپێشتر تەکسی بووە، بەڵام کراوەتەوە تایبەت کەژمارەکەی ١١٢٧٩٨ مۆدێل ١٩٨٩، لە ٢٠١٠/٤/٦ پشکنینی بۆ کراوە، فەرمانبەری پشکێنەر بۆی نووسیوە کەئەو ئۆتۆمۆبێلە مەکینەو هاندبرێکی تەواو نییە، بەڵام دواتر لەلایەن مامۆستا نەجات بەڕێوەبەری پشکێنەرەوە دەرچووێندراوە.

پاسی کۆستەری ژمارە ٣٠٠٢٢ هاندبرێکی تەواونەبووەو فسفۆڕیشی نەبووە لە ٢٠١٠/٤/٧ کاتژمێر دوو لەپشکنین دەرنەچووەو هەر ئەو رۆژە بۆی نووسراوە کەئۆتۆمۆبێلەکەی تەواوە.

مازدای تەکسی مۆدێل ٢٠٠١ لە ٢٠١٠/٩/١ ژمارە ٢٢٢٤٣ مەکینەو برێکی تەواو نەبووە، ئەویش بەهەمان شێوە دەرچووێندراوە.

ئۆپل ئۆمێگا مۆدێل ١٩٩٠ پشتێنی سەلامەتیو رۆتی خراپ بووەو لە ٢٠١٠/٨/٢٩ لەپشکنین دەرنەچووەو دواتر دەرچووێندراوە، ژمارەی فۆڕمەکەی ٠٤٢٣٩٢ .

بی ئێم مۆدێل ١٩٩١ لایتی پێشەوەو هاندبرێکو گڵۆپی پشتەوەی تەواو نەبووە، ژمارەی فۆڕمەکەی بریتییە لە ٢٠٤٢٦٠٥ لەرێکەوتی ٢٠١٠/٩/١ پشکنینی بۆ کراوەو بەهەمان شێوە دەرچووێنراوە.

سیروان محەمەد دەڵێت ئۆتۆمۆبێل بەهیچ شێوەیەک لەدەرگای دواوەی کۆمپانیا نەهاتووەتە ژوورەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ رەتکردنەوە واسیتەکاریو چاوپۆشی، وتی "راستە لەسەرەتادا فشارێکی زۆرمان لەسەربوو، بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی زۆربەی ئۆتۆمۆبێلەکان پشکنینیان بۆ کراوە، ئەو فشارە لەسەرمان کەمبووەتەوە".

سەردار جەمال بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر دەڵێت بەپێی رێنماییەکان بڕگەی سەرەکیو بڕگەی لاوەکی هەیە، ئەگەر ئۆتۆمۆبێلێک یەکێک لەبڕگە سەرەکییەکانی تێدا نەبوو، ئەوا دەرناچێت، بەڵام سەبارەت بەبڕگە لاوەکییەکان دەبێت نمرەی لە٦٥٪ی هەبێت.



بڕیارمانداوە لەکارکردنماندا موراعاتی بارودۆخی هەرێم بکەین

# ئاشوورییەکان چی دەربارەی کورد دەڵێن

ئۆرنامۆ شینایا

لەساڵی ١٩٩٢ ژمارەیەک رۆشنبیری سریان و کلدن و ئاشووری لەعێراق لەرێگەی بەیاننامەیەکەوە ترسی خۆیان لەمەڕ پرۆسەی بەکوردییکردی ناوچە ئاشووری نشینەکان نیشانداو ئەوەیان دووپاتکردەوە کەئەوەی ئێستا کوردەکان دەیکەن بریتییە لەپرۆسەی دەستبەسەراگرتن.

لەهەمان بەیاننامەدا ئەوە هاتووە "کوردەکان ئێستا سەرگەرمی پرۆسەی نیشتەجێکردنی هاوزمانەکانی خۆیانن لەگوندە ئاشووری و کلدانەکان لەناوچەکانی سەرسەنگو بەرواری باڵا، کەئەوەش لەپێناو گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکەیە".

لەبەیاننامەکەدا ئەوەش هاتووە کەسیاسەتی ئێستای پەیڕەوکراوی کوردەکان، نەک هەر بریتییە لەراگواستن و بەزۆر دەرکردنی ئاشووری و کلدان و نەتەوەکانی تر، بەڵکو هاوشێوەکردنەوەی سەدامەو لەخەونیاندایە نەتەوەیەک بۆ ئێمە لەتاراوگە دروست بکەن، چونکە تەنیا لەهەولێرو دهۆک لەماوەی دوانزە ساڵدا (١٢٠) هەزار هاووڵاتیی مەسیحیان دەرپەڕاندووەو ئاوارەی ناوچەی تریان کردوون.

**ئەنفالی زەوییەکان رابگرن**

سومانی پترۆس

دەیان خێزانی مەسیحی هاواریان لێهەڵستا، ئەوکاتەی بینیان کەگوندەکانیان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ رێژکراو لە ٣/٧/١٩٩٤ لەلایەن کوردە نزیکەکان لەحیزبی مەسعود بارزانی دەستی بەسەردا دەگیرێ، هەر ئەو رۆژە رۆژنامەی (الدیار) نووسی "رەفتاری نا ئەخلاقی گەیشتووەتە ئاستێک ئیتر جێگەی مانەوە لەو خاکە بۆ ئێمە مەیسەر نییە، چونکە ترسی داگیرکاریی هەروەک چۆن لەبەرانبەر عەرەبەکان هەیە، ئاواش لەبەرانبەر کوردەکان هەیە".

کوردەکان دڵیان رەقە، ئەوان گەلێکی بێ زەوین، ئیتر چۆن دەتوانن زەوی خەڵکی تر بکێڵن، بەشێکە لەوتەکانی خەڵکی تر، بەڵام ئاشوورییەکان لەوە گومانیان نییە کەئیدی کوردەکان گوێ لەکەمینەکان ناگرن، ئەوەشە ئەوکاتەی قوربانی دەبێت بە جەلاد.

کورد، رەفتاری وەحشییانە دەکەن

لە ٧ی ئابی ١٩٩٨ رۆژنامەی قەبەس لەسەر زاری مەسیحییەک نووسی "کوردەکان لەسەرسەنگ بەشێوەیەکی دڕندانە پەلاماری دراوسێی خۆیان دەدەن لەگوندێکی تەنیشت خۆیان، لەو گوندەی پێش دە ساڵ هیی ئاشوورییەکان بووەو ئێستا کوردەکان دەیانەوێت دەستی بەسەردا بگرن. ئەوان لەگەڵ نەتەوە ناکوردییەکان بەجۆرێک رەفتار دەکەن، کەجگە لەسوکایەتی بەسیمبولەکانیان، گوللەش تاقیدەکەنەوە.

لەو رۆژانەدا تەقەی کوردەکان، لەبەرانبەر سینگی میللەتێکی بێ چەکدا، سێ ئاشووری پێکا، یەکێکیان ئێستا چواردە ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبوو، بەڵام بۆ ئەوان کە لەسەر خاکی خەڵکی تر ویژدانیان نیشتەجێیان بکات، ئایا ناتوانن لەسەر جەستەی منداڵێکیش رۆژی ئازادی خۆیان بکەنەوە، چونکە ئازادیی گەلە ستەمدیدەکەی ئەوان ئێستا بووەتە خەمی ستەمکاری.

**ئاشووری لەئەزموونە دیموکراتییەکەی کوردەکان**

ماجید ئیشۆ

کوردەکان لەخوێنەکەیانەوە ڤایرۆسی دڵڕەقیو شەڕانگێزی بەرهەم دەهێنن و ئەو ڤایرۆسەش بەردەوام لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تر تەواو دەبێت، ئەو نەتەوەیەی کەدەستی خوێناویان لەسمکۆی شکاکەوە دەستپێدەکات کەپەترپارکی مەسیحی بنیامین شەمعون دەستپێکرد، ئەو ستەمانە تائێستا بەردەوامن و بەدرێژایی ئەو مێژووە لەچەوساندنەوەی نەتەوەکانی تر درێغیان نەکردووە. ئایا ئەوە بەس نییە کەفرانسیس یوسف شابۆی ئەندام پەرلەمان، تەنانەت بەشێوەیەکی دڕندانە بکوژەکانی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و کەسیش زاتی ئەوەی نەکرد سنوورێکی بۆ دابنێ. ئایا بیرمان دەچێتەوە چییان بە بەهێلین ساوە کردو چۆن لاقەیان کردو پاشانیش دەرخواردی سەگەکانیاندا.

**تاوانەکانتان رابگرن**

ئورنامو

لەساڵی (١٩٩١)وە لەوکاتەوەی کەکوردەکان دەستیان بەسەر ماڵو حاڵی مەسیحیو ئاشوورییەکانی باکوری عێراقدا گرت، کەوتنە وێزەی زەوییەکانی ئاشوورییەوە، ئەو برا کوردانە کەپارتە سەرەکییەکان پشتیوانیان لێدەکەن، چەوسانەوەو دڵڕەقی زۆر دەرهەق بەئێمەی نەتەوە جیاوازەکان پەیڕەو دەکەن، ئەو چەوسانەوە هیچ سنوورێکی نییەو دەبێت ئاشووری و کلدان و مەسیحییەکان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئاگابێننەوە لەو چەوسانەوەو لاقەکردنی زەوی و زارەی کەکورد ئێستا هاوشێوەی دەسەڵاتی بەعس دەرهەق بەنەتەوەکانی تر پەیوەست دەکرێت.

لەو نامەیەدا کەئاراستەی کۆمکاری عەرەبیو نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە داوادەکەن کەسنوورێک بۆ ئەو ستەمکارییە دابنرێت و نەیەڵن لەگەڵ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە لەبەرژەوەندی خۆیان، زمان و کەلتووری ئاشوورو سریان و کلدان بگۆڕن و ئەوەی ناڕازییش بوو لەناوییبەن.

**خەونی ئاشوورییەکان و چەقۆی کوردی**

سلێمان یوسف یوسف

بەداخەوەم ئەوەی دەمویست نەهاتەدی، سەرکردەی خێڵو نەتەوە سەردەستەکان، سەرکردایەتی میلیشیا دەکەن و ئەجێندای خۆیان بەسەر لاوازەکاندا جێبەجێ دەکەن و دەسەپێنن، ئەو خەڵکانە بەشێوەیەکی سەرەتایی و لەچوارچێوەی غەریزە سەرەتاییە نامەدەنییەکانەوە دەرهەق بەئێمە دەجوڵێنەوە. هەموویان بەعەرەبو کوردەوە دەیەوێت جوگرافیا سیاسییەکەی خۆیان لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تر فراوان بکەن.

لەچوارچێوەی ئەو ئەجێنداو ستراتیژەدا ئیدی نەتەوەکانی تر، کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان پەراوێز دەخرێن و ئەوەش ئەو نیشتمانە دەگەیەنێتە بنبەستێک کەهیچیان ئینتیمایەک بەخاکەکەیان نابەستێتەوە.

ئەگەر رۆژگارێک ستەمکاری ئەو جوگرافیا سیاسییەی گۆڕیبێ، ئەوە ئێستا ئەو ستراتیژەی کوردەکان پەیڕەوی دەکەن بریتییە لەراوکردنی سەرنجی ئاشووریی و کلدانەکان بەناو و پاساوی ئاساییشەوە، ئەوەش جۆرێکی تری تواندنەوەی کەمە نەتەوەییەکانە لەناو بۆتەی ئەجێندا کوردییەکەدا.

**ئێمە کوردنین، ئاشوورین سەرکردە کوردەکان**

سیپان ئایشۆ

ئەو ماوەیە لەشوێنی جیاجیاو بەئەنقەستو لەنەزانی هەندێک لەسیاسیو مێژوونووسەکانی کورد ئاماژە بەوە دەکەن کەرەگەزی نەتەوە نا کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کوردو هەموویان کوردن، ئەوە راستییەکی ترسناکە، لەپەنای جینۆسایدی خاکو زەوی ناسنامە کەلتووریو نەتەوەییو ئاینییەکەشمان لێوەربگرنەوە.

مێژووی ئاشووریو کلدانو سریان لەمێژووی هەموو نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە کۆنترە، کۆنتر زۆر لەکوردەکان، ئەوەش چیرۆکێکی هەڵبەستراو نییە، بەڵکو دۆکیۆمێنتی مێژووییەو هەموان ئەوە دەزانن. ئەوەش پەندێکە دەبێت کوردەکان بیزانن و ئەو هەڵە نەکەن، کەرێک بریتییە لەجینۆساید، ئەوان کەستەمی نەتەوەیی جۆراوجۆریان پەیڕەوکرد، ئێستا جۆری تری ستەمکاری و جینۆساید کەئەویش سەندنەوەی ناسنامە نەتەوەییەکەیە لەئێمە بستێننەوە.

# تاوانەکانی کورد، دەرهەق بەئاشوورییەکانی عێراق

ئەیاد مەحمود حسێن

بەشی دووەم

ئامانجی کورد بۆ دەستبەسەراگرتنی زەوی ئەوانی تر بوو لەرێگەی پشتیوانییەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، هەڵبەت ئەوەش بەهۆی بەکارخستنی کوردەوە بەدەستدەهات لەدژایەتی دەوڵەتی سەفەوی، ئەوەش هۆکاربوو کەوایکرد عوسمانییەکان بە بەراورد لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی تری ناوچەکە دەسەڵاتێکی زۆر بدەنە کوردەکان و ئەوەش کوردەکانی کردە کاربەدەستو کردیشییە زۆرینە لەسەر خاکی مەسیحییەکان. ئاغاو سەرۆک خێڵە کوردییەکانیش لەرێگەی بەخشینی زەوی گوێڕایەڵییەوە بوونە موڵکداری راستەقینەی ئاشوورو ئەرمەن و سریان.

سەلیم مەتەری نووسەر لەکتێبەکەی خۆیدا (سریان و کوردستانی گریمانە) ئاماژە بەو تاوانکاریی و کارەساتانە دەکات لەسەر ئەو زەوییانەی ئاشووریی و سریانەکان کەئەمڕۆ بەکوردستان ناسراوە، کەهەزارانیان کوشت، سەدان گوندیان کاولکرد، لەساڵی ١٨٤٣ بۆ ١٩٣٤ دەستیانگرت بەسەر نزیکەی سێ سەد گوندی ئاشووریی و سریانەکان. کوردەکان بوونە خەنجەری ژەهراوی یەهودییەکان بۆ تێکدانی عێراق و دابەشکردنی.

لەدوای ئەو ماوەیەو بەدیاریکراویش لەساڵی ١٨٤٣ سەرکردەیەکی تری کوردەکان دەرکەوت بەناوی بەدرخان پاشا، کەشای شانشینی بۆتان بوو، ئەویش هاوشێوەی سەرکردەکانی تری کورد کەوتە جۆرەها رێ و شوێنی ستەمکاری و چەوسانەوەی خاوەنە رەسەنەکان و بەکۆمەڵ لەناوبردن، ئەو کەسایەتییە ئاشووری و کلدانەکانی لەهەولێرو زاخۆو دهۆکو موسڵ دەرپەڕاند. تەنانەت نایف مستۆ یەک لەسەرکردە خێڵەکییەکانی کورد لەتیرەی میران دەستی چووە خوێنی زۆرینەی خەڵکی فیشخا لەساڵی ١٩١٥و هەموویانی کوشت. هەروەک قەسابخانەکانی سمکۆی شکاک. هەموویان وەک یەک دەستیان چووە خوێنی نا کوردەکانەوە.

ئالمس بیشۆب گەشتیاری ئینگلیزی لەساڵی ١٨٩٥ لەیاداشتەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە "ژیانی خێڵە کوردییەکان، لەسەر کوشتن و تالانیو دزی وەستاوە"، هەروەها د.جۆرج باسجر کاتێک لەساڵی ١٨٢٨ گەشتی بۆ ناوچەکانی باکوور کردووە دەنووسێت "کوردەکان بەهێرشی دڕندانە هەستاون بۆ سەر ناوچەکانی سریان و کوشتویانن و ماڵەکانیشیان سووتاندون". هەروەک مێژوونووس باسیل نیکتین کەپسپۆڕە لەخێڵە کوردییەکان ئەوە دەڵێت "کوردەکان کە لەسنوورەکانی ناوچەی رافیدەین دەژیان، پشتیان بەتالانیو کوشتن و رێگری دەبەست، ئەوانە تینووی خوێن بوون". هەروەها لەشوێنێکی تردا کونسوڵی بەریتانی لەنامەیەکدا کە لەساڵی ١٨٨٥ بۆ باڵیۆزەکەی نوسیوویەتی، ئاماژە بەوە دەکات "نزیکەی ٣٦٠ گوندو شاری سریانی بەتەواوی وێرانکراون، ئەوەش بەهۆی هێرشی کوردەکانەوە بەتایبەت بۆ سەر ناوچەی ماردین". هەروەک دکتۆر کراند پسپۆڕ لەگەلانی ناوچەکە، ئەوە دەنووسێت، کە "کوردەکان کاریان لەسەر چۆڵکردنی ناوچەکە لەدانیشتووانە رەسەنەکەی دەکردو بۆ ئەمەش هەموو رێگایەکیان بەکاردێنا". هەروەک فرانسیس شاپۆی ئەندامی پەرلەمانە لەباکوری عێراق کە مەسیحییە داوادەکات هەموو گوندە مەسیحییەکان بگەڕێنەوە بۆ خاوەنە رەسەنەکانی کە لەلایەن کوردەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، لەبەرانبەر ئەو خواستەدا بەشێوەیەکی ناڕەوا شەهیدکرا، لەبەرئەوەی کوردەکان ئاشوورییەکان وەک داگیرکەر تەماشا دەکەن و پێیانوایە دەبێت ئەو خاکە دەبێت چۆڵ بکەن.

بەداخەوە بەشێک لەبزووتنەوە ئاشوورییەکان چارەنووسیان پەیوەست کردووە بەچارەنووسی بزووتنەوەی کوردی وابەستە بەیەهودییەوە، ئێستاش لەچوارچێوەی ئەو ئەجێندایەدا لەبازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێنەوە، ئەو ئەجێندایەش لەبنەڕەتەوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئاشوورییەکانە، دەستبەسەراگرتنیانە، بەنمونەش بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە. ئەو بزووتنەوەیە تائێستاش بەو لۆژیکە مەستە کەپێیوایە هاووڵاتییە ئاشوورییەکان بەشێکن لەنەتەوەی کوردی، بزووتنەوەکەشیان هیچ نییە جگە لەپارتێکی کوردستانی، ئەوەیان بیرچووەتەوە کەکوردەکان بەدرێژایی مێژوو تائێستا بەهۆی دەستدرێژیو پاوانخوازییەکانی میلیشیاکانی ئەوانەوە تووشی دەردەسەری بوون، هەر ئەوان بوون بڕیاری سیاسیان دەست بەسەردا گرتووە، پێشیانوایە کوردەکان پشتیوانی راستەقینەی ئەوانن.

سیاسەتو ستراتیژی دوای قۆناغی داگیرکاریی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە کوردەکان دەیانەوێت مەسیحییە عێراقییەکان لەئاشووریو سریان و کلدان و ئەرمەن ناچاری هاتن بکەن بۆ باکووری عێراق، تا لەناوچەی موسڵدا نیشتەجێیان بکەن و پشتێنەیەکی ئاسایشی مرۆیی لەعەرەبەکانییان جیابکاتەوە، تا لەساتەوەختی جیاکردنەوەی باکووردا لەناکۆکی عەرەبەکان بەدووربن. رەنگە ئەمەش لەکۆتاییدا بەهۆی ستەم و دڵڕەقییەوە سەرەنجام ناسنامەی ئەو گەلە نا کوردییانە بگۆڕێ و هەموویان تەکرید بکرێن.

لێرەدا دەشێت چەند نمونەیەک بێنمەوە کەسەرکردە کوردەکان ئەنجامیان داوە لەنمونەی دەستبەسەراگرتنی گوندە ئاشورییەکان، بۆ نمونە گوندی ئاشووری فیشخابور کەدەکەوێتە نێوان سنووری تورکیاو سوریا لەوپەری باکووری رۆژئاوای عێراق، لەساڵی ١٩٩١ پاش ئەوەی کوردەکان دەستیان بەسەرناوچەکانی باکوردا گرت، بەهۆی پاڵپشتی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا، کوردەکان بەپشتیوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو ئەو ناوچەیە کشان و تێیدا نیشتەجێبوون، سەرەڕای ئەوەی دانیشتووانە مەسیحییەکەی هاواریان لێهەڵستا بۆ چۆڵکردنی، بەڵام شکستیان هێنا لەو داخوازییە، لەبەرئەوەی هەر بەڕاستی کوردەکان دەیانەویست زەوی زیاتریش دەستبەسەردا بگرن. هەربەوەشەوە نەوەستان، کوردەکان ئۆردوگایەکیان بەناوی ئەلمیرانییە لەدەروازەی گوندەکە دروستکردو بەمەش بووە جۆرێک لەنیشانەی بەزۆر نیشتەجێکردنی کوردانە، دوای ئەوەش زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە دابەشکران، هەرچی گوندی شرانشی ئاشورییە کە (٢٣) کیلۆمەتر لەشاری زاخۆوە دوورە شوێنەوارە ئاشورییەکانی تاڵانکراو زۆربەشی لێ فرۆشرا. ئەوەش بۆ تێکدانی شوێنەواری ئاشوورییانەی ئەو ناوچانەیە.

لەو شاڵاوە تەنیا ئەوەندە بەس نەبوو، بەڵکو ئەوجارە گوندەکانی ناوچەی دهۆکی گرتەوە، بۆ نمونە بەکوردیکردنی گوندی کەندکۆسەی دەوڵەمەند بەئاوەکەی، هەروەک گوندی مانکێشی نزیک لەدهۆک هەمان چارەنووسی هەبوو، لەراستیدا گوندی کەندەکۆسە تاکە گوندە لەناو پەنجا گوندی ئەو ناوچەیە کە بۆ کوردەکان دەگەڕێتەوە، کەدۆسکییەکانی لێ نیشتەجێبوون. سەبارەت بەخەڵکی گوندی میزێی ئاشووری کەدەکەوێتە ناوچەی بەرواری خوارەوە، ئەوا لەلایەن کوردەکانەوە گەڕانەوەو نیشتەجێبوونی مە سیحییە کا نی تێدا یاساغکرا، تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیان لەوانە کرد کەدەیانەوێت بگەڕێنەوە، لەلایەن ئەوانەی دوێنی خۆیان لاوازبوون و ئەمڕۆش نمایشی هێزی خۆیان دەکەن. هەرچەندە بیستو پێنج خانەوادە داوای دروستکردنەوەی ماڵە رماوەکانی خۆیان دەکرد، بەڵام دڵنیام ئەمڕۆش نەبێت جارێکی تر لێیان دەڕوخێننەوە.

سەرکردەکانی کورد کە لەبەرانبەر راگەیاندنی نێودەوڵەتی بۆ ستەملێکراوی خۆیان بەدەست بەعسەوە دەگرین، بۆ چۆڵکردنی گوندەکانی خۆیان دەپاڕێنەوە، بەهەمان شێوە ئێستا بەهەمان شێواز ئەو سیاسەتە دەرهەق بەنەتەوەکانی تر پیادەدەکەن. ئەو گوندانە بەهەزاران جار خەمەکانیان نارد بۆ دەسەڵاتداران، بەڵام خەمەکانیان بێ چارەسەر مانەوە.

دەسەڵاتی کوردی وابەستە بەئەجێندای دەرەکییەوە لەدوای ئەو پرۆسەی داگیرکارییە هەستا بەکردنەوەی بارەگا حیزبییەکانی لەناوچە مەسیحییەکان، هەڵبەت پاش ئەوەی ناوچەکە بەتەواوی لەناوچەکانی دهۆکو هەولێر بەکوردییکرا. ئەو بەرپرسە کوردییانە ئاشورییەکانیان ناچاری بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان کرد، کەئەو ئاڵایە تەنیا رەنگدانەوەی نەتەوەکەی خۆیانەو رەنگەکانی تریان یاساغ کرد، هەروەک زمانی کوردیان سەپاندو زمانی دایکو عەرەبییان لەکەمینە مەسیحییەکان زەوتکرد.



"نزیکبوونەوەی یەکێتی لەگۆڕان، نابێت لەسەر حیسابی پارتی بێت"
10



# تیۆرەکانی راگەیاندنو پرسی کەمینەکان

مەلا ئاریان

تیۆرەکانی راگەیاندن هەریەکەو بەپێی سروشتی ژینگە سیاسیو ئایدولۆژیاو هێڵە فکرییەکانی مامەڵەی لەگەڵ گەلانی تر یاخود کەمینە نەتەوەییەکان کردووەو ئەو مامەڵەیەش دابڕاو نەبووە لەدروشمو بانگەشە سیاسییەکانو بەکارهێنانو تەوزیفکردنی میدیا بۆ ئەو ئامانجانە، بۆیە دەشێت لەپەنای خوێندنەوەی دیدی تیۆرەکانو هەڵوەستەکردنیان لەسەر پرسە مرۆییەکان، مامەڵەی ئەو تیۆرانە لەگەڵ گەلانو کەمەنەتەوەییەکان بخوێنینەوە، چونکە لەبەشێک لەو تیۆرانەدا ئاماژەی روون بەو پرسە نەکراوەو وەک بنەمایەک، لەبنەماکانی کارکردنی ئەو تیۆرانە لەبواری میدیا هیچ هێمایەک بۆ کەمینەکان نەکراوە.

تیۆری دەسەڵات، کەمێژووەکەی بۆ سەدەی شانزەو حەڤدە دەگەڕێتەوەو پشتی بەئاراستە فکرییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە بەستووەو باوەڕی بەرەهایی دەسەڵاتی حاکم هەیەو ئەمەش لەتیۆرەکانی ئەفلاتۆنو ئەرستۆو میکاڤیلی رەنگیداوەتەوە، مامەڵەکردنی لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکان یاخود لەگەڵ گەلانی دیکەدا، لەسەر بنەمای شکۆمەندکردنی گەلی سەردەستو وێناکردنییەتی وەک نەتەوەی باڵا، ئەوە لەکاتێکدا لەپەنای ئەم لۆژیکەوە گەلانی دیکە لەکەمترین ئەگەردا پەراوێزدەخرێن، ئەگەر رووبەڕووی سەرکوتکردن نەبنەوە.

لەسەدەی بیستەمدا جارێکی دیکە ئەم تیۆرە لەرێگەی سیستمە سیاسییە سەرکوتکەرەکانەوە دێتەوە سەر شانۆی میدیای جیهانیو سیستمە دیکتاتۆرییە نوێیەکان لەفاشیو نازیو نەتەوە پەرستەکان، وەک تیۆری سەرەکی میدیا جارێکی دیکە بەکاری دێنن، خواستنی رەفتاری هەریەک لەو سیستمە سەرکوتکارانەو مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەلانی دیکە، لەژێر رۆشنایی لۆژیکی شکۆمەندکردنو باڵایی بەخشین بوو بەنەتەوەی سەردەستو سەندنەوەی مافی ژیانو ئازادی لەنەتەوەکانی دیکە.

بزوتنەوەی نازیزم بەسەرکردایەتی هیتلەر تیۆریای باڵایی ئەڵمانی نەژادەکانی وەک کەرەستەو کاڵایەک بەکاردەهێناو جەوهەری سەرەکی تیۆریەکە لەسەر بنەمای بەخشینی مافی سەرکردایەتیو گەورەیی ئەڵمان بوو بەسەر نەتەوەکانی دیکەداو لەسەر ئەو بنەمایەش بنیاتنرابوو، لەبەرئەوە میدیا لەو کۆمەڵگایەو لەکۆمەڵگاکانی تری ژێر هەژموونی تیۆری دەسەڵات جگە لەشکۆمەندکردنو بەخواکردنی سەرکردەو باڵایی بەخشین بەنەتەوەی سەردەست، رۆڵێکی تری میدیایی نەبووەو پرسی نەتەوەکانی دیکە، نەک هەرجێی خەمی میدیا نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە میدیا وەک چەکێکی کوشندە لە بە (دێو) کردنی ئەو گەلانەو هاندانو بڵاوکردنەوەی کەلتووری توندوتیژی رۆڵی باڵای بینیووە. دەشێت لەو جۆرە مامەڵەشەوە، شوناسی راستەقینەو دیدی جێگیری تیۆری دەسەڵات بۆ گەلان بخوێنینەوە.

بەرەنجامی سەرکوتکردنو بەکۆیلەکردنی تاک لەسایەی دەسەڵاتی رەهاو پەراوێزخستنی لەتیۆری دەسەڵاتدا، تیۆری ئازادی راگەیاندن، لەهەناوی ئازارەکانی چەوسانەوەو جیاکاری نەتەوەییو مەزهەبیو سیاسی لەدایکبوو، لەدایکبوونی ئەم تیۆرە دەرفەتی هەم بۆ تاکو هەمیش بۆ کۆمەڵگا رەخساند لەکۆتو بەندەکانی ستەمکاری رزگاری بیو مافە سروشتییەکان بگەڕێنەوە دۆخی راستەقینەیان. هەڵوەستەکردنی ئەم تیۆرە لەسەر پرسی تاکو پاشانیش گەڕاندنەوەی هێز بۆ گەل، لەرواڵەتە هەرە گرنگەکانی سەرهەڵدانی چەشنێکی دی لەدنیابینی بوو، کە دەرەنجام دەرفەتی بۆ گەلانو کەمینەکان رەخساند، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەئاستی ناوخۆشدا جارێکی تر دەسەڵاتی چاودێری بەگەل بەخشیەوەو شکۆمەندیو سیفەتی خودایی لەدەسەڵات سەندەوە. دەشێت دەرکەوتنو دیدی جۆن لۆک لەمبارەوە خاڵی جەوهەریی دەستپێکردنو گەڕاندنەوەی شکۆمەندی بێت بۆ گەل کاتێک دەڵێت "گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، هەرکات بیەوێت توانای وەرگرتنەوەی ئەوەی هەیە کە بەخشیویەتی"، بەو پێیەش پرسی گەل لەتەک هەڵوەستە لەسەر مافەکانی تاک گرنگترین رووخسارەکانی تیۆری ئازادییە.

یەک لەبنەماو بناغە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە لەدیدی بیرمەنداندا هەڵوەستەکردنە لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤو ئازادیو مافی چارەنووسو لەمەشدا کەمینە نەتەوەییەکان توانای دەرکەوتنو مافی ژیانیان هەیە، ئەم پرانسیپەش لە میدیادا رەنگدەداتەوە، بەڵام رەهایی لەئازادیو نەبوونی بەرپرسیاریەتی میدیا دەشێت وەک چۆن تاک تێدا ببێتە قوربانی، بەمچەشنەش کەمینە نەتەوەییو ئیتنییەکانو گەلانی تریش قوربانی بنو هۆکانی راگەیاندن زیادەڕەوی لە نیشاندانو وێناکردنی وێنەی ئەو کەمینانە بکەن، ئەم ترسەش لەئێستادا لەچەندان دەوڵەت بوونی هەیە کەسیاسەتی میدیایی خۆیان لەژێر رۆشنایی تیۆری لیبراڵیدا دادەڕێژن.

لەدەوڵەتانی لیبراڵی قەیرانی سەرەکی لەوەدایە کەئامرازەکانی راگەیاندن لەدەستی بژاردەیەکی سەرمایەدار یاخود سەرمایەدارانی لۆبیەکی نەتەوەییدایە، بەمەش نەک هەر ئەم ئامرازانە لەچوارچێوەی پرانسیپە باڵاکان بەکار نایەن، بەڵکو بۆ شێواندنو ناشیرینکردنی روخساری میللەتانی دیکەش بەکاردێن، ئەمەش لەغیابی بەرپرسیاریەتیو خراپ بەکارهێنانی ئەو ئازادییە بێ سنورەیە کە لەسایەی ئەم تیۆرەوە فەراهەمکراوە، بۆ ئەمەش هەوڵەکانی بەشێک لەمیدیای خۆرئاوا لەناشیرینکردنو وێناکردنی عەرەب وەک نەتەوەیەکی شەرانگێز دەکرێ وەک نمونە پەسەند بکرێت.

لەبەرئەوە دەشێت ئەوە بووترێت کەتیۆری لیبرالیزم لەتەک هەڵوەستەکردنی لەسەر بنەمای رێزگرتن لەکەمینەکان، بەڵام هاوکات بەهۆی رەهایی ئازادیو نەبوونی بەرپرسیاریەتی ناتوانرێت پرسی کەمینەکان، وەک هەڵوەستەو بایەخدانێکی راستەقینە تەماشا بکرێت.

هەرچی تیۆری بەرپرسیارییەتی کۆمەڵاتیشە، کەبەرەنجامی نشوستی تیۆری لیبراڵ لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئازادی رەها هێنایە ئارا، توانی گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەر میدیادا بێنێ، ئەمەش لەرێگەی بەستنەوەی چەمکی بەرپرسیاری بەئازادییەوە، یاخود پەیوەستکردنی رۆژنامەوانو دەزگای رۆژنامەگەری بەلێپرسراویەتی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەگەر تیۆری ئازادی دەرفەتی وتنی هەموو شتێکی بێ سانسور بۆ میدیا دەستەبەر کردبێت، ئەوا تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەرێگەی پەیوەستکردنی روحییەوە رۆژنامەنووس ناچاردەکات توانای وتنی هەموو شتێکی نەبێت، ئەمەش ئەگەر بەدیوێکدا سنووردانان بێت بۆ ئازادی و هەڵسوڕانی رۆژنامەوان، ئەوا بەدیوەکەی تردا ئەم رۆژنامەوانە دەخاتە بەردەم بەرپرسیاری چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادییەکەی، چونکە لەو شوێنەی ئازادی کەسێک کۆتایی دێت، ئازادی کەسێکی دیکە دەست پێدەکات، بەم پێوەرەش ئازادی رەهای بێ بەرپرسیاری لەمیدیا، بەمانایەک لەماناکان بریتی دەبێت لەفەرامۆشکردنی ئازادی خەڵکی دیو بەهەند وەرنەگرتنی مافی ئەوی تر.

ئەگەر تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ئازادی لەتەنیا مافەوە بگوازێتەوە بۆ ئەرکو بەرپرسیاری، وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا سەقامگیری سیاسیو جێگیری باردۆخەکە لەئاستی ناوخۆو هەرێمیدا بەهۆی بەخشینی زانیاری دروستەوە بەهاووڵاتی دەپارێزن. ئەمەش دەرفەتی کاریگەریو ئەگەری ناسەقامگیری لاواز دەکات، لەتەک ئەوەشدا بەهۆی زانیاری دروستەوە وێنەیەکی زەینی راستەقینەی ئەوی دی، دوور لەتایبەتمەندییە رەگەزیو ئایدۆلۆژیو ئاینییەکەی دروستدەبێت.

لیژنەی ئازادی رۆژنامەوانی لەساڵی ١٩٤٧ لەئەمریکا چەند راسپاردەیەکی سەبارەت بەپرسی بەرپرسیاری میدیا خستەڕوو، یەک لەخاڵە گرنگەکانی ئەو راسپاردە بریتییە لە "پێویستی بەخشینی وێنەیەکی رۆشن سەبارەت بەگروپە جیاوازو خاوەن ناسنامە جیاوازەکان لەریگەی میدیاوە" کەوابێت ئەم تیۆرە نە تەنیا لەئاستی ناوخۆ بەتەنگ گواستنەوەی وێنەیەکی دروستە، بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەوەش جەخت لەسەر گواستنەوەی وێنەیەکی بابەتیانەو بەرپرسانەی گەلان دەکاتەوە، بۆئەوەی ئەو وێنە زەینیانەی کە لەیادەوەری تاکدا دروستدەبن، وێنەیەکی واقیعی بنو رەنگدانەوەی رەهەندی مرۆیی بێت.

لەکتێبی (بەرپرسیاری بەرزکردنەوەی پێوەرەکان) هوگێرتسی مۆنتگری ئەکادیمی ئەمریکی دەڵێت " کاتێک میدیا ئاگاداری خەڵکی کردەوە کەپارێزگاری لەتایبەتمەندییەکانیان بکەنو بەها کەلتووریو ئیتنیەکانیان لەبەرچاو بگرن، ئەوە نیوەی بەرپرسیاریە، بەڵام نیوەکەی دیکەی بەرپرسیاری، دەربڕینی بەرپرسیاریەتی خەڵکە، لەبەرانبەر ماددەی بڵاوکراوە، نابێت ئەوەی لەمیدیا وەریدەگرن وەک ژەمە خۆراک تەماشای بکەن، بەڵکو دەبێ خۆیان بەر لەپەسەندکردن بیری لێبکەنەوەو زانیارییەکان هەڵبسەنگێنن، چونکە وێنە زەینیەکان ئەو زانیارییانە دروستدەکەن" بیرکردنەوەکانی (رۆبەرت رای) لەکتێبی (بەرپرسیاریەتی رۆژنامەکان) جەخت لەسەر هەمان بنەما دەکاتەوەو وردبینیو راستگۆییو بابەتیبوون لەگواستنەوەی ئەو زانیارییانە بەبنەما دەگرێت.

لەوانەیە ئەو حەوت بنەما سەرەکیەی کە (دینس ماکویل) بۆ تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی خستویەتیەڕوو لە هەموویان رۆشنتر بێت، بەتایبەت لەیەک لەو بنەمایانەدا بەرۆشنی پرسی کەمینەکانو بەرپرسیاریەتی میدیا دیاریدەکات و دەڵێت "دەبێت میدیا خۆی لەبڵاوکردنەوەی هەرشتێک ببوێرێ کەسەرەنجام بەرەو تاوان ئاراستەی دەکات، یاخود بەرەو توندوتیژیو ئاژاوەی کۆمەڵایەتی، یاخود لەئاراستەکردنی هەر تۆمەتو ئیهانەیەک بۆ کەمینە".

بەم پێودانگەش ماکویل ئیهانەکردن بەکەمینەکان لەگەڵ هاندان بۆ توندوتیژیو ئاراستەکردنی خەڵک بۆ تاوان یەکسان دەکات، ئەمەش وەک جەوهەریترین خاڵو بناغەی ئەم تیۆرە دەرهەق بەکەمینەکان یان گەلانی دی دەشێت لێکبدرێتەوە.

ئەو میکانیزمە مۆراڵیەی ئەم تیۆرە لەسەر میدیای داناوەو ئەو چوارچێوەش لەپرانسیبو بەرپرسیاری بەپلەی یەکەم لەخزمەت جیاوازییەکاندایەو میدیا ناچاردەکات لەچوارچێوەی ئەو بەرپرسیاریەی هێڵەکانی بۆ کێشاوە لەرێگەی پەیامەکانییەوە هۆشیاری یەکتر قەبوڵکردنو کەلتووری پێکەوە ژیانو هەڵکردن جێگەی، کەلتووری رەتکردنەوە بگرێتەوەو کۆتایی بەپرۆسەی بەرهەمهێنانی وێنە زەینیە ترسناکەکان بێنێ، لەمەشدا سەرەنجام براوە خودی مرۆڤ خۆی دەبێت، بێ ئەوەی جیاوازییە ئەتنیو ئایدولۆژیو ژینگەییەکان ببنە بەربەست. کەواتە ئەگەر لەتیۆری دەسەڵاتدا کەمەنەتەوەکان پەراوێزخرابنو زۆرجار سەرکوتیش کرابنو لەتیۆری ئازادیشدا زیادەڕەوی لەمامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوەکان بەهۆی ئازادی رەهاوە هەندێکجار وێنەکەیانی شێواندبێت، ئەوا لەتیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا رۆژنامەنووسی پەیوەست دەکرێت بەبەرسیاریەتیەوە لەمامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکانو رێی ئیهانەکردنو ناشیرینکردنی کەمینەکان بەهیچ شێوەیەک نادرێو وەک تاوان ئەژمار دەکرێت.

ئەوەی پەیوەستیشە بەپرسی کەمینەو گەلانی دیکە لەتیۆری سۆسیالیستیدا، ئەوا دەشێت لەنێوان تیڕوانینی تیۆرییانەی مارکسیزمو دەرەنجامە پراکتیکیەکانی دەوڵەتانی سۆسیالیستی سەرەنجام لەراستینەی مامەڵەکە تێبگەین. کەئایا پرسی کەمینەکان تاچەند لەفەلسەفەو ئایدولوژیای مارکسیزم — لینیزمدا جێی گرتووە؟ ئایا بوونو جێگرتنی ئەم چەمکە پەیوەستە بەباوەڕبوون بەمافی کەمینەکان وەک ئامانجێکی باڵا، یاخود تەنیا بەکارهێنانی بووە بۆ رتوشکردنی رواڵەتو خۆوێناکردن وەک بەرەیەکی میهرەبان بۆ دونیاو بەکارهێنانو مەستکردنی کەمینەکان؟ یاخود دەشێ پرسیار بکرێ کەئایا دەرەنجامەکانی کۆتاییو داڕوخانو جیابونەوەی گەلان، رەنگدانەوەی بەکارهێنانی کەمینەو سەرمەستکردنی ژێر دەستەکانە، یاخود مۆدیلی دووبارە سەرهەڵدانەوەی دەوڵەتی نەتەوەو کاریگەری هەژموونی سەرمایەدارییە بۆ پەرتکردنو بچوککردنەوی پاشماوەی دەوڵەتانی سۆسیالیستی. لەنێوان دروشمو ئایدۆلۆژیای تیۆریو دەرەنجامە مەیدانییەکان، حەقیقەت لەوەدایە کە لۆژیکی مامەڵەی سۆسیالیستەکان لەگەڵ کەمینەو گەلانی دیکەدا، لۆژیکیکی شکستخوادووە.

لینین لەگۆڤاری (هیراڵد) دەنوسێت "خەباتی ئێمە، خەباتی دەستگرتنو پشتیوانی کەمینەکانە، بەتەناوزلو لیبوردەییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، ئەمەش فاکتەرێکی بنەڕەتیە لەخەباتی یەکخستنو یەکگرتنی پرۆلیتاریا"، ئەم وتەیەی لینین ئەگەر بەدیوێکدا رەنگدانەوەی باوەڕی سۆسیالیستی بێ بەپرسی کەمینەکانو خەباتکردن لەپێناو ئەواندا، ئەوا بەدیوەکەی تردا تەماشاکردنیەتی وەک پرسێکی بەستراوە بەخەباتی چینایەتیو تێکەڵکردنی بە شۆڕشی پرۆلیتاریا، ئەوە جگە لەوەی رادەی بەرپرسیاریەتی سیستمی سۆسیالیستیو دەوڵەتی ناوەندی لەبەرانبەر کەمینەکان دیارینەکراوە.

لەباری میدیا ئەو تیۆرە لەگەڵ لەدایکبوونی بیری سۆسیالیستی لەدایکدەبێتو هێڵو ئاراستەکانی کارکردنی لەلایەن دەوڵەتو حیزبەوە بۆ دیاریدەکرێ. واتا رۆڵی میدیا وەک رۆڵی کۆی ئۆرگانەکانی دیکە لەلایەن دەوڵەتەوە دیاریدەکرێ، رەنگە دیدی مارکس رەنگدانەوەی تەواوەتی شوێنی میدیاو پەیوەستی بێت بەدەوڵەتەوە، کاتێک دەڵێت "وەزیفەی هۆکانی راگەیاندن لەکۆمەڵگەیەکی سۆسیالستیدا، هەمان وەزیفەی ئۆرگانەکانی تری حوکمڕانین، بەئامانجی فراوانکردنی سیستمی سۆسیالیستی میدیای سۆسیالیستی پێویستە ئەوەندەی بەدوای بڵاوکردنەوەی سیاسەتو هۆشیاری سۆسیالیستەوەبن، ئەوەندە بەدوای گەڕان لەراستییەوە نەبن".

بەم پێیەو لەژێر رۆشنایی بیری سۆسیالیستی کەمینە نەتەوەییەکانو گەلانی ژێردەست وەک بەشێکی دانەبڕاو لەخەباتی چینایەتیو پرۆلیتاریا جێدەگرنو بەشێکیشن لەبەدیهێنانی دیکتاتوری پرۆلیتاریا. ئەوە لەکاتێکدا پرەنسیبی مافی چارەنووسو ئازادی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەت وەک بنەڕەتیک لەبیری مارکسیزمدا شوێن دەگرێو لەسیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتو دەوڵەتانی دیکەی سۆسیالیستی بەئاراستەی دەوڵەتانی تردا رەنگیداوەتەوە.

ئەگەر ئەم پرەنسیبانە بۆ میدیای سۆسیالیستی راست بێت، ئەوا ئەم ئەزموونە شکستی خواردووە، بەتایبەت کەدوای کەوتنی یەکێتی سوڤیەتو پرۆسترۆیکا زۆربەی گەلانی ژێردەستی یەکێتی سۆڤیەتو دەوڵەتانی دیکەی سۆسیالیستی نەک هەر جیابوونەوە، بەڵکو سەرلەبەری سیستمی سیاسیو سیاسەتی میدیاییشیان گۆڕی. کەوابێت ئەم دەرەنجامە لەدوو گریمانە بەدەر نییە، یان میدیای سۆسیالیستی لەتەوزیفکردنی ئەم پرانسیبانە کورتیهێناوەو شکستی خواردووە، یان لە بنەڕەتەوە ئەم پرانسیبانە جگە لەخەونو وەهمێکی گەلانی بندەستو سیاسەتی راوکردنی کەمینەکان چیدیکە نەبووە.

پەیوەستکردنی هۆکانی میدیا بەپرسی مرۆڤو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیاریەتی راگەیاندن تا ئاستی مەسەلە جیهانییەکان، دیوێکی گرنگی تیۆری بەرپرسیاریەتی جیهانییە، کەئامانجی باڵای بەشداری پێکردنی پۆزەتیڤانەی میدیایە لەشەڕی مانەوەی مرۆڤو پاراستنی جیهانو کۆمەڵگەی مرۆیی لەو مەترسیانەی کەبەردەوام هەڕەشە لەمرۆڤ دەکەن.

پێشکەوتنی زانستیو گەشە تەکنەلۆژییەکان ئەگەر بەدیوێکدا بۆ خزمەتی مرۆڤو ئاسودەیی مرۆڤایەتی بێت، ئەوە بەدیوێکی دیکەدا بەهێزبوونی تەوژمی هەڕەشەکانو زاڵبوونی لۆژیکی بەکارهێنانی هێزە زەبەلاحەکانە. واتا جیهان لەبەردەم هێز گەلێکدایە، کەئەو هێزانە لەپێناو بەرژەوەندی ئابووریو پاوانخوازی سیاسی کۆی ئەو چەکە تەکنولۆژیە ترسناکانەی لەبەردەستیانە دەشێت بەکاربخەن، راگرتنی ئەم شەپۆلی هەڕەشە ترسناکەش، بەبەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەری ریکخراوە نێودەوڵەتیەکانو بەرزکردنەوەی میدیای دەوڵەتان بۆ ئاستی بەرپرسیاریەتی جیهانی دەبێت لەپێناو دروستکردنی رای گشتی جیهانی. ئەگەرچی ئیرادەی شەرانگێزی دەوڵەتان زۆر لەوە بەهێزترە رای گشتی جیهانی توانای وەستاندنی هەبێو مرۆڤایەتیش زۆر لەوە پەرتترە توانای گشت بوونی راکانی هەبێت.

لەم دۆخە ترسناکەدا، کەجارێکی دیکە لەتەک هەڕەشەکان چەمک گەلێکی گەردوونی وەک ئازادیو برایەتیو بەرپرسیاریەتیو سڕینەوەی جیاوازییەکان هاتوونەوە ئارا، تیۆری بەرپرسیاریەتی جیهانی میدیا وەک ریگایەک لەرێگاکانی دورخستنەوەی هەڕەشەکان سەریهەڵداوەتەوە، کە لەتەک بەرزبوونەوەی ئاستی بەرپرسیاریەتیەکەی میدیا بۆ ئاستی جیهانی، لەریگەی بەڵگەنامەو یاساکانی بواری میدیا جۆریک لەچوارچێوە بۆ مامەڵەی میدیا دیاریکراوە، بەواتایەکی تر پرۆسەی داڕشتنی ئەو بەرپرسیاریەتیە لەچوارچێوەی پەیماننامەی ئیتیکی رۆژنامەوانیو یاساکانی راگەیاندندا ریکخراوەو ئەمەش بۆ ئەوەی ئیتارێکی تاڕادەیەک یاسایی ببەخشێتە رەفتاری دەزگا راگەیاندنە جیهانییەکان.

هەڵوەستەکردنی ئەم تیۆرە لەبواری راگەیاندن لەسەر پرسی مرۆڤو سڕینەوەو کۆتاییهێنان بە جیاوازیە ئیتنیو رەگەزیو دینییەکان، لەئێستادا پێویستیەکی جیهانییە، بە تایبەت کەدابەشبوونی شوناسەکان لەسەر ئاستی جیهانیو بگرە لەئاستی ناوخۆی دەوڵەتانیش، دابەشبوونیکی ستوونیەو جیاوازییە ئیتنییو رەگەزیو دینیو مەزهەبیەکان وەک فاکتەریکی ناسەقامگیری سیاسیو دۆخی جیهانی سەریهەڵداوەو شەڕو جەنگی ترسناکیش وەک دەرەنجامو ئەگەری کۆتایی ئەم جیاوازیانە وەک ئەگەرێکی چاوەڕێکراو مەزندە دەکرێت، میدیاش بەهۆی قوڵکردنەوەی ئەو جیاوازیانەو بیرکردنەوەی لۆکاڵیانە نەک هەر توانای وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی قۆناغەکەی نییە، بەڵکو خۆی بەشێکە یا کاراکتەرێکە لەپرۆسەی دابەشکردنی جیهان لەسەر بنەمای شوناسە ستونییەکان، لەبەرانبەر ئەم مەترسیانەو خەمساردیو لۆکاڵیبوونی گوتاری میدیای جیهانیو غیابی بەرپرسیاریەتی ئەوەی وەک پێویستییەک خۆی دەسەپێنێ، تیۆری بەرپرسیاریەتی جیهانییە، وەک چوارچێوەیەک کەتوانای داڕشتنەوەی ئەرکو وەزیفەی میدیای لەبەرانبەر پرسە جیهانییەکان هەیە.

پرسی کەمینەکان بەپێی سروشتی ئەم تیۆرە، وەک پرسێکی هەستیار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەو کێشە چ لەچوارچێوەی ئاشتکردنەوەی جیهانو گەلانی ناکۆکو چ وەک کەمینەش مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ریشەی ئەو پرەنسیبانەی بە هۆیەوە مامەڵەشی پێدەکات لەریککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانو پەیماننامەکانی تایبەت بەنەتەوە یەکگرتووەکانو ریکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە وەردەگرێت. کەواتە سروشتی مامەڵەی میدیا لەسایەی تیۆری بەرپرسیاریەتی جیهانی لەگەڵ کەمینەکان، سروشتێکی مرۆییە، بەڵام ئاخۆ میدیای کوردی کامە تیۆریای کردۆتە پۆشاکی خۆی، ئەمە پرسیارێکە دۆسییەکە لەژمارەکانی داهاتووی وەڵامیدەداتەوە.

# ”لەرۆژنامەکانی ئێمە شتێک بڵاودەبێتەوە ئەگەر درۆش بێت، لەئەمریکا بەراستی وەریدەگرن“

## عەبدولسەلام بەرواری ئەندامی پەرلەمانی لیستی کوردستانی بۆ دەستوور

سازدانی: دانا جەمیل لەهەولێر

**عەبدولسەلام بەرواری ئەندامی پەرلەمانی لیستی کوردستانی لەپشکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت پارتی پاشەکشەی نەکردووە لەبەرانبەر ئازادی رادەربڕیندا، بەڵکو پێیوایە درۆی بەناوەوە کراو سومعەی لەکەداربووە، بەڕێگەی یاسا دەیەوێت رەدی ئیعتبار وەربگرێتەوە.**

**بەرواری ئاماژەی بەوەدا پرۆژە یاسای بەدەستهێنانی زانیاری لەکارنامەی پەرلەماندایە، دەڵێت نابێت تەسەوری ئەوە بکەیت کە بەدەرچوونی یاساکە ئیتر دەرگای دۆڵابەکان دەکەونە سەر پشت.**

**دەستوور:** تێگەیشتنت لەسەر ئازادی رادەربڕین لەکوردستاندا چۆنە؟ زۆر جار دەوترێت ئەم ئازادییە لەپاشەکشەکردندایە؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** کاتێک لەکوردستان دەرفەتی ئەوە هەبێت کەخەڵک رۆژنامەو گۆڤار دەربکاتو تەلەفزیۆنی هەبێت، لەسەر رووپەری ئەو کەناڵانە ئەم قسەیە بڵێت، مانای وایە ئێمە کێشەمان نییە سەبارەت بەئازادی رادەربڕین، لەوەش زیاتر توهمەکە حکومەت بەوە تۆمەتباردەکرێت، کەئازادی رادەربڕین سنووردار دەکاتو هیچ فەزایەک ناهێڵن بۆ رادەربڕین، بۆخۆی لەو سیستمانەی ئازادی رادەربڕین نییە، کەس بۆی نییە ئەو قسەیە بکات، هەروەها ئێمە دەتوانین بەپێی پێوەر بزانین ئازادی رادەربڕین هەیە یان نییە.

یەکێک لەو پێوەرانە ئەوەیە کەئایا یاسایەک هەیە کەئازادی رادەربڕین سنورداربکات، ئێمە بەشانازییەوە لەساڵی ١٩٩٢ەوە بڕیارمانداوە هیچ سانسۆرێک نەبێت لەکوردستانو سەتەلایت ئازادکراو ئینتەرنێت هاتە کوردستان.

پێوەرێکی دیکە رەفتاری دەسەڵاتە بەرانبەر ئەم کرانەوەیە چۆنە، دەبێت لەبیرمان نەچێت ئێمە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستین، بۆیە ئەگەر پۆلیسێک لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەی رەفتارێکی نەگونجاوی کرد لەگەڵ یەکێک لەرۆژنامەنووساندا، ناکرێت ئێمە بیکەینە نیشانەی ئەوەی کەشاڵاوێکی دژ بەراگەیاندن هەیە لەکوردستاندا.

واتە لەرووی تیۆریو لەپراکتیکداو لەرووی یاساییەوە هیچ نەگۆڕاوە، بەڵام ئەم قسەیە ئەو کاتە پەیدابوو کەپارتی دیموکراتی کوردستانو هەندێک هاووڵاتیش کەهەستیانکرد تۆمەتبارکراونو درۆیان لەسەر هەڵبەستراوە، مافی مەدەنیو دەستووریی خۆیان بەکارهێناو پەنایان بردە بەریاساو داوای ئەوەیان کرد قەرەبووبکرێنەوە، لەوێوە هەراکە دروستبوو.

ئێمە سێ رێگای یاساییمان هەیە، یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری، دەعوای جەزائی، هەروەها دەعوای مەدەنی هەیە، لەدەعوای مەدەنیدا من وەکو تاکێک وەکو گروپێک هەستدەکەم زیانێکم پێگەیشتووە، یاسای مەدەنی ماف بەمن دەدات کەبچم داوای قەرەبووبکەم.

**دەستوور:** باس لەوەدەکرێت ئەم دەعوا یاساییانەی پارتی لەسەر راگەیاندنەکان پاشەکشەی ئەو حیزبەیە لەهەنگاوەکانی لەمومارەسەکردنی دیموکراسیو فراوانکردنی مەودای ئازادی؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** دیموکراتیەت ئەوەنییە تۆ قبوڵی ئەوە بکەیت جنێوت پێبدرێت، ئازادی رادەربڕینیش ئەوە نیبە بڵێیت پارتی رۆژانە ٢٥٠ ملیۆن دینار دەدزێت. پارتی مافی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات، ئەگەر پارتی مەفرەزەیەکی ناردبایەتە سەر ئەو رۆژنامەیە ئەو کاتە پاشەکشێ بوو، بەپێچەوانەوە ئەمە پابەندبوونی پارتییە بەیاسای مەدەنی، مەبەستی پارتیش پارەکە نییە، مەبەستی رەدی ئیعتیبارە، رەنگە سبەینێ ئەگەر حوکمەکە دەربچێتو نەتوانن ئەوەی بڵاویانکردووەتەوە بیسەلمێنن تەنانەت ئەگەر مەحکەمەش سزاکەش بدات، لەوانەیە پارتی لێیخۆش ببێت.

**دەستوور:** دەتەوێت بڵێیت پابەند نەبوون بەئەخلاقی رۆژنامەوانیو نەبوونی دیققەت هۆکارێکبن لەم مەسەلەیەدا؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** بێگومان سەیرکە بەردەوام پێمان دەڵێن بۆچی راگەیاندن لەکوردستاندا ناتوانێت ببێت بەدەسەڵاتی چوارەم، سەرەتای پەیدابوونی رۆژنامەوانی رۆژنامە بەیەک شت پێگەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا پەیداکرد، ئێستاش لەئەمریکا کەشتێک لەرۆژنامەکانی ئێمە بڵاودەبێتەوە، ئەگەر درۆش بێت، ئەوان بەراستی وەریدەگرن، رۆژنامەی ئێمە بەراستی بایەخی بەمە نەداوە، دەتوانم زۆر نمونەت بۆ بهێنمەوە وەک ئەوەی کەتۆ بڵێیت من بەڵگەم هەیە، رۆژانە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار دەدزرێت.

**دەستوور:** بۆچی یاسای رێکخستنی رۆژنامەوانی نەیتوانیوە بواری رۆژنامەوانی رێکبخات، پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەم یاسایە بواری داوە بەرۆژنامەنووسان کەرەخنە لەدەسەڵات بگرنو رەخنەکانیان مەترسی بۆسەر دەسەڵات دروستکردووە، یان هۆکاری ترە؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** تێنەگەیشتنێک یان خۆغافڵکردنێک هەیە لەسەر ئەو یاسایە، ئەم یاسایە پیشەی رۆژنامەگەری رێکدەخات، باس لەچۆنیەتی دەرکردنو تۆمارکردنی بڵاوکراوە دەکات. ناکرێت ئێمە تەسەوری ئەوە بکەین کەئەم یاسایە دەرچوو، ئیتر لەم وڵاتە هیچ یاسایەکی تر نامێنێت، چونکە ئەم یاسایە نە یاسای جەزائی نە یاسای مەدەنی ئیلغا ناکات، ئەو شکاتانەی کەپارتی یان خەڵکی تر کردوونی، هیچ پەیوەندییان بەکاری رۆژنامەگەرییەوە نییە، تۆ رۆژنامەنووسێکیت ئێستا کە لەپەرلەمان دەرچوویت بەئۆتۆمۆبێلەکەی خۆت لەکورێکت دا، ئەگەر تۆیان گرت، ناکرێت بڵێین ئەمە تەعداکردنە لەسەر رۆژنامەنووسان، چونکە لێدانی یەکێک لەسەر شەقام رۆژنامەنووس بێت پزیشک بێت یان مامۆستای زانکۆ بێت، یاسا بەیەک چاو تەماشای ئەوانە دەکات، یاسای رۆژنامەوانی بۆ رێکخستنی پیشەکەیە، بەڵام یاسای مەدەنی بۆ بەدەستهێنانەوەی مافی هەرگروپێک یان هەرکەسێکە کەغەدری لێکراوە.

**دەستوور:** بەڵام لەیاسای رۆژنامەوانیشدا باس لەسزاو غەرامەکردن کراوە، بۆچی پارتی بەپێی ئەم یاسایە سکاڵاکانی تۆمار نەکرد؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** چونکە ئەو بابەتانەی کەبڵاوکراونەتەوە کاری رۆژنامەوانی نەبوون، پارتی دیموکراتی کوردستان نەچووە هەڵوێست وەربگرێت بەرانبەر بەیەکێک کەکاری رۆژنامەگەری دەکات، بەڵکو پارتی هەستیکرد کەدرۆیەکی لەسەر بڵاوکراوەتەوە کەسومعەکەی لەکەدار دەکات، گرنگ نییە کێ ئەو درۆیەی کردووە، پارتی دەیەوێت لەدەزگایەکی یاسایی ئیسبات بکرێت کەئایا راستە رۆژانە ٢٥٠ ملیۆن دەدزرێت یان نا.



**پارتی پاشەکشەی نەکردووە لەبەرانبەر ئازادی رادەربڕین، بەڵکو هەڵوێستی بەرانبەر تۆمەتهەڵبەستنو درۆ وەرگرتووە**

**دەستوور:** بەڵام ئەوە یەکێک بوو لەدەعواکان، ئەی دەعواکانی سەر هاوڵاتیو ئاوێنەو فشارو لڤین؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** هەمان شتن، هەموویان دەچنە خانەی تەشهیرو درۆ بڵاوکردنەوەو لەکەدارکردنو ئەمە کاری رۆژنامە نییە. رۆژنامە ئەگەر شتێک بڵاوکاتەوە بەبەڵگە بڵاویدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر رۆژنامە بێت بڵێت فڵان دزەو فڵان خراپەو فڵان خائینە ئەمانە کاری رۆژنامەنووسی نییە.

**دەستوور:** بەقسەکانتدا ئەوە دیارە ئیشکالیەت لەسەر یاسای رۆژنامەوانی نییە؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** نەخێر هیچ ئیشکالیەتێک نییە.

**دەستوور:** بەڵام پێشتر نەقیبی رۆژنامەنووسان ئەوەی راگەیاند کەپەشیمانن لەو یاسایەی کەکاریان بۆکردووە، بەپاساوی ئەوەی کەخراپ بەکارهێنراوە، هەروەها لەناو پارتیشدا دەنگۆی ئەوە هەبوو دەبێت یاساکە بگۆڕدرێت یان هەمواربکرێت؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** یەکەم، سەبارەت بەقسەکانی نەقیبی رۆژنامەنووسان دەتوانن لەخۆی بپرسن، دووەم وەک ئەندامێکی پەرلەمانو کادرێکی پێشکەوتووی پارتی دورو نزیک لەپەرلەماندا باسی ئەوە نەکراوە دەربارەی هەموارکردنی ئەم یاسایە.

**دەستوور:** تۆ کەکاری رۆژنامەنووسیت کردووە، هەم وەک پەرلەمانتارێک چۆن دەڕوانیتە مامەڵەی حکومەت لەقەزیەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** من نە یاسازانم نە لەبواری یاساییدا کاردەکەم، ئەوەی من دەزانم هەروەک تۆ لەراگەیاندنەکانەوە موتابەعەم کردووە، لیژنەیەک دروستکراوە ئەم لیژنەیە بڕیارێکی دەرکردووە زانیارییەکی هەیە، چەندەو چەند نییەو چۆنە من نایزانم، بۆیە من پێموایە هەرکەسێک لەجێگای من بێت، حەق نییە لەجێگای خۆیەوە حوکم دەربکات، وەک شتەکانی تر تۆمەت دروستبکات، جێگەی داخە گەنجێک بوو قوتابی زانکۆ بوو گەنجێکی چالاکیش بوو، بەڵام یەکەمین کەس نەبوو هەمان هەفتەی سەردەشت شەهیدکرا ئەفسەرێکی ئاسایش لەبەردەرگای دائیرەکەی خۆی شەهیدکرا، خۆزگە ئەوانەی خۆیان بەئەهلیو ئازاد لەقەڵەمدەدەن، یەک دێڕیان بنووسیایە دەربارەی ئەو کوڕە، ئەمە کوڕێک بوو ئاسایش بوو کەسی وەک ئەو شەو و رۆژ بۆ ئەوە دەژین کەژیانی خەڵک بپارێزن، بوو بەقوربانی.

بۆیە جارێکی تر ئەم هەڵوێستە سیاسییەی لەپشت کاری رۆژنامەگەرییەوەیە، بەداخەوە وادەکات کەتەماشای ئەو میدیایە نەکرێت وەکو میدیا، دیاریشە کاتێک کەوشە یان چەند کەناڵێکی تر دەرچوو وەک راگەیاندنی ئازاد، ئێستا بووە بەزمانحاڵی بزووتنەوەیەکی سیاسی، جیاوازی ئەو و راگەیاندنی فەرمی پارتیو یەکێتی نییە.

**دەستوور:** پرۆژە یاسایەک هەیە لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاری کە لەخولی دووەمدا پێشکەشی پەرلەمان کراوەو لەخولی سێیەمدا تائێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە، من دەمەوێت بپرسم ئەگەر هەنگاوەکان جدین بەرووی ئازادی رادەربڕینو دەستەبەرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری، بۆچی تائێستا ئەم پرۆژەیە نەکراوەتە یاسا؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** سەبارەت بەوەی کاری جدی نەکراوە بۆدوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم راگەیاندنی ئێمە نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەرلەماندا بکاتو کەم بایەخ دەداتە کاروباری لیژنەکان، وادەزانێت تەنیا ئیشی پەرلەمان بریتییە لەدانیشتنە فراوانەکە، دانیشتنە فراوانەکە تەنیا بریتییە لەقسەکردنو بڕیاردەدرێت لەسەرئەو کارەی لەلیژنەکان دەکرێت. ئێستا ئەم پرۆژەیە یەکێکە لەو پرۆژانەی کەخراوەتە لیستی ریزبەندی یەکەمەکان.

جارێکی تر دەمەوێت بڵێم هیچ ئازادی رەها لەدونیادا نییە. تۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاریت هەیە، چونکە ئەوە مافێکی سروشتییە کەس حەقی نییە رێگەت لێبگرێت، بەڵام ئازادی لەوێدا تەواودەبێت کەتەعدا لەئازادی کەسێکی تر بکەیت. بەڵام هەڵە دەکەین ئەگەر لەیاسای بەدەستهێنانی زانیاری تەنیا وشەکە وەربگرینو تەسەوربکەین ئیتر هەموو دەرگاو هەموو دۆڵابەکان کراوە دەبێت، چونکە یاسای بەدەستهێنانی زانیارییەکان سنووری هەیە، لەبەرئەوە لەئازادی رادەربڕیندا ئازادی لەوەی رای خۆت دەربڕیت، بەڵام قەت ئازاد نیت لەوەی رای خەڵکی ترو تایبەتمەندیەتی خەڵکی تر بشکێنیت.

**دەستوور:** بۆچی لەخولی دووەمدا رێگە بەرۆژنامەنووسان دەدرا بێنە ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بۆچی لەخولی سێیەمدا دەرگا بەڕووی رۆژنامەنووساندا داخرا؟

**عەبدولسەلام بەرواری:** لەخولی رابردوودا هەڵەیەکی گەورە کرا کەرێگەبدەن بەکامێراکان بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان، لەهیچ پەرلەمانێکی دنیادا کامێرای تەلەفزیۆن بۆی نییە بچێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، بۆیە ئەوەی کەکرا شتێکی ئاساییە، لەهەموو دنیادا تەنیا یەک کامێرا هەیە لەناو پەرلەمانداو سیستمێک هەیە یان راستەوخۆ لەکەناڵەکاندا بڵاودەکرێتەوە یان ژوورێکی تایبەت بەرۆژنامەنووسان هەیە، لەوێ بەتۆڕێکی ناوخۆ بەدەنگو وێنەوە دانیشتنەکانیان نیشاندەدرێت، دواتر دەتوانن (سی دی)یەک وەربگرن، لەکەناڵەکانی خۆیانەوە پەخشیبکەن بەبێ تەحەیوز، ئەوەی لەکوردستاندا روویدا بێجگە لەوەی کەناڵی نەورۆز راستەوخۆ بڵاویدەکردەوە، کەناڵەکانی تریش دەهاتنە ناو هۆڵەکەوەو دانیشتنەکەیان وەک خۆی بڵاونەدەکردەوەو مۆنتاژیان دەکردو بۆ مەرامی خۆیان پیشانیاندەدا، واتا تەنیا ئەندامانی خۆیان دەردەخستو تەنیا گفتوگۆو موناقەشەکانی خۆیان دەردەخست، وەڵامی بەرانبەریان بڵاو نەدەکردەوەو وێنەی ناشیرینیان بڵاودەکردەوە، لەبەرئەوە ئەو کاتە بڕیاردرا کامێراکانی تر جگە لەکامێرای رێگەپێدراوی پەرلەمان نەیەنە ناو هۆڵەکەوە. بەڵام ئێستاش رۆژنامەنووس دەتوانێت بێت دابنیشێتو تێبینییەکانی خۆی وەربگرێتو داوا لەبەشی راگەیاندنی پەرلەمان بکات سی دی کۆبوونەوەکەی بدرێتێ.

# ”پارتی پێویستی بەنوێبوونەوەو گۆڕان هەیە“

دێتەوە ناو یەکێتی نیشتمانی هەر ئەو یەکێتی نیشتیمانییەیە کەئێمە رێککەوتننامەی ستراتیژیمان هەیە لەگەڵیاندا.

**دەستوور:** ئەو متمانەیەتان بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە؟

**مەحمود محەمەد:** بەڵێ.

دەستوور: بابەتێکی تر کەئێستا باسی لێدەکرێت مەسەلەی گۆڕینەوەی سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمانە، ئەم بابەتە لەکۆنگرە بڕیارەی لێدەدرێت، یان لەمەکتەبی سیاسی یان لەلایەن سەرۆک؟

**مەحمود محەمەد:** نەخێر، ئەوە ئیشێکی رۆژانەیە لەگەڵ بڕیاری سەرکردایەتی هەردوولاو پێویستی بەبڕیاری کۆنگرە نییە، ئەو بابەتەش هێشتا نەهاتووەتە سەر مێزی گفتوگۆو هێشتا کاتێکی زۆری ماوە تا قسەی لەسەر بکرێتو جارێ زووە باسی لێبکەینو کەنزیکبووەوە ئەو کات دەتوانین قسەی لەسەر بکەین.

**دەستوور:** بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی، وتی پارتی دوای دوو ساڵ پۆستەکە لەیەکێتی وەردەگرێتەوە؟

**مەحمود محەمەد:** باس لەرێککەوتنێک دەکات کەئێمە پێشتر کردوومانە، ئەوە رێککەوتنە، جیایە کە لەمەوداو چی دەکەین.

**دەستوور:** پەیوەندییەکانتان لەگەڵ گۆڕان بەکوێ گەیشتووە، ناوە ناوە هێور دەبێتەوەو دواتریش گرژ دەبێتەوە؟

**مەحمود محەمەد:** ئێمە گرفتمان لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نییە ئەوانەی کە ئەگەر گرفتێکیشیان لەگەڵ ئێمەدا هەبێت، هەوڵمانداوە نەرمی بنوێنینو نەهێڵین بگاتە ئاستێک خەڵک ناوی لێبنێت گرژی، ئەوەی کەباسیش دەکرێت، گرفت لەنێوان پارتیو گۆڕان هەبوبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووداوانەی کەپێشتر روویدا کەئەویش لەکاتی خۆیدا چارەسەرکرا، هەموویشی لەمەسەلەی راگەیاندنەوە هات، ئەگینا هیچ کێشەیەک لەنێوان پارتیو گۆڕاندا نەبووە، چونکە کێشەیەک نەبووە تا رێکنەکەوینو هەڵوێستی لەسەر وەرگرین، تەمەنناش دەکەین لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت، لەسەر چۆنیەتی ئیشکردن، یاساداناو مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی عێراقی بەشیعەو سوننەوە هەڵوێست وەرنەگرین، بۆیە ئێمە لەگەڵ بوونی راوبۆچوونی جیاوازین، بەڵام لەگەڵ ئەوەنین هەر شتێک لەدەزگا راگەیاندنەکان بڵاوبێتەوە هەڵوێستی لەسەر وەرگرین، با بیهێڵینەوە بۆ گفتوگۆکردن.

**دەستوور:** پێتوایە گۆڕان لەسەر ئەوە هەڵوێستی وەرگرتبێت؟

**مەحمود محەمەد:** من تەسەور ناکەم، بەڵام بۆی هەیە راگەیاندنی ئەوان بەشێوازێک رەنگدانەوەی بەبابەتەکان کردبێت لەئاستی رووداوەکە نەبووبێت.

**دەستوور:** بەڵام گۆڕانیش ئەو کاتو ئێستاش دەڵێن ئیتر سیاسەتی ”بانێکەو دوو هەوا قبوڵ ناکەین“؟


**مەحمود محەمەد:** قبوڵ کردنو قبوڵ نەکردن لەسیاسەتدا نییە، لایەنێک بڵێ من ئەوەم قبوڵەو ئەوەم قبوڵ نییە، یان سفر یان سەد لەسیاسەتدا نییە، ئەمە پێویستی بەدیالۆگە لەنێوان لایەنە سیاسیەکان کە چی باشەو چی خراپە، ئەمەش لەکوێ یەکلادەبێتەوە لەپەرلەمان یەکلادەبێتەوە کەنوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی تێدایە.

**دەستوور:** کاتی ئەوە نەهاتووە کەپەیوەندی فەرمی لەگەڵ گۆڕان ببەستن وەکو ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تردا هەتانە؟

**مەحمود محەمەد:** ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوان هەبووە، بەڵام ئەگەر پەیوەندی فەرمی مەبەست ئەوەیە رێککەوتننامەیەک بکەین، مەرج نییە لایەنە سیاسییەکان هەموویان رێککەوتننامەیان هەبێت، بەڵام پەیوەندییەکان هەیە، دواتر ئەوان ئێستا خەریکی دامەزراندنو خۆڕێکخستننو هەر حیزبێکیش مەکتەبێکی پەیوەندیان هەیە ئەوانیش ئەو مەکتەبەیان نییەو تا ئێستا تەشکیلاتی ئەوان وەکو حیزب دروست نەبووە، بۆیە لەوانەیە هەموو پەیوەندییەکانیان لەرێگەی فراکسیۆنەکەی پەرلەمانو چەند کەسایەتییەکی دیاری ئەوان کەپێشتر ئەندامی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی بن، دواتر سەردانی ئێمەو سەرۆکیشیان کردووە.

**دەستوور:** پێش ئێستا باس لەبینینو دانیشتنو کۆبوونەوەی نەوشیروان مستەفاو مەسعود بارزانی دەکرا، ئایا ئێستاش ئەو هەوڵانە هەیە؟

**مەحمود محەمەد:** لای ئێمە زۆر گرنگ نییە کەبینین هەبێت یان نەبێت، چونکە کۆمەڵێک دانیشتن هەبوون دەکرا کاک نەوشیروان بچێت بەشداری تیادا بکات لەو کۆبوونەوانەدا، بۆی هەیە لەبەر هەندێک تایبەتمەندی خۆی کەسی تری کردبێتە وەکیل بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا بکات.



ئاستی زانستیی زانکۆکان لەقەیراندایە 12

# "نزیکبوونەوەی یەکێتی لەگۆڕان، نابێت لەسەر حیسابی پارتی بێت"

## مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ دەستوور

**سازدانی: بورهان قادر لەهەولێر**

**مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات لەناو پارتیشدا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام چەتری مەسعود بارزانی کۆی کردوونەتەوە، بڕوایوایە کۆنگرە هاوسەنگی لەنێوان هەر دوو ڕەوتی گەنجانو بەتەمەنەکاندا دەپارێزێت.**

**لەبارەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژییەوە، مەحمود محەمەد دەڵێت چۆن ئەو کات بەستنی ڕێککەوتننامەکە پێویست بوو، ئێستاش پاراستنو مانەوەی پێویستە. دەڵێت کۆنگرە ناتوانێت ڕێککەوتننامەکە بگۆڕێت یان هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵکو گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت.**

**دەستوور:** کادرە گەنجەکانی پارتی باس لەبوونی ململانێیەکی توند دەکەن لەگەڵ سەرکردە کۆنەکاندا، هیواو ئاواتیشیان ریفۆرمەکەی نێچیرڤانە تا لەپاڵ ئەودا لەکۆنگرە بێنە پێشەوە، ڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**مەحمود محەمەد:** ژیان خۆی هەمووی ململانێیە لەنێوان نەوەی کۆنو نوێ، دەبێت ئەو ململانێیەش هەبێت تا ژیان بەردەوامبێت، بەڵام لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا خودی بەئەزموونو بەتەمەنەکان زەمینەی ئەوە خۆشدەکەن کە لاوەکان بێنە پێش، نمونەشمان هەڵبژاردنی ئێستایە بۆ نوێنەرانی کۆنگرە دەستپێکردووە، لە زۆر شوێن گەنجە تازە پێگەیشتووەکان سەرکەوتنو دەنگی باشو متمانەی خەڵکیان بەدەستهێناوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کەئەو دوو لایەنە، واتە بەتەمەنو ئەزموونەکان لەگەڵ لاو و تازە پێگەیشتووان بەشێوازێکی نوێ دەیانەوێ ئیش بکەن، هاوفیکریو هاوکارییەکیان لەنێوانیاندا هەیە، چونکە هەردوولا بەباشی دەرچوون، بۆیە بەوشێوەیە نییە کەکەسیان ڕەفزی ئەویتریان بکات، بەڵکو هەردوولا پێکەوە پرۆسەکە تەواو بکەنو بەرەوپێش بچن، لەهەر حیزبێکیشدا پێکەوە بوونی ئەو دوو لایەنە گەورەکردنو سەرخستنی ئەو حیزبەیە.

**دەستوور:** بەڵام ئێستا گەنجەکانی پارتی باس لەوە دەکەن کەخۆیان دەدەنە پاڵ نێچیرڤان بارزانی؟

**مەحمود محەمەد:** ئەمە لەوەوە دێت کەکاک نێچیروان بەشێوازێک پشتگیری گەنجانی کردووە، نەک ئێستا، بەڵکو پێشتریش کە لەگەڵ ئەوەیە بەشێوازێکی نوێو هاوچەرخ حیزبایەتی بکرێت، بەشێوازێک کە لەگەڵ تێگەیشتنی ئێستای خەڵکی پێشکەوتوو گونجاو بێت، هەموو گەنجانیش خۆیان لەو بازنەیەدا دەبیننەوە کەئەو پشتیوانی لێدەکات، بەڵام ئەو تەوەجوهە، تەوەجوهی زۆربەی زۆری سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە، تەوەجوهی خودی سەرۆکی پارتیشە بۆ ئەم بابەتە، ئەو تەوەجوهە تازە نییە، بەڵکو دەمێکە هەیەو هەڵگری ئەو باوەڕەیە کەبەردەوامی حیزب لەهێنانی خوێنی تازەو بەشداربوونی گەنجە لەبڕیارو کارو جێبەجێکردن لەناو ڕێکخستندا.

**دەستوور:** پێتوانییە نێچیرڤان ڕووبەڕووی هەندێک ڕەتکردنەوە (ڕەفز) بێتەوە؟

**مەحمود محەمەد:** لەو بابەتانە ڕەتکردنەوە یان قەبوڵ، نییە، چونکە پارتی پێویستی بەنوێبوونەوە هەیە، پارتی پێویستی بەگۆڕانی کۆمەڵێک شتە، پارتی پێویستی بەخۆئامادەکردنە بۆ ئایندە، ئەوەی کەئایندە پێویستیەتی پارتی ئێستا دەیەوێ بیکاتو خۆی بگونجێنێتو کارا بێت لەئەمڕۆو داهاتووشدا، لەڕابردووی پارتی زۆر شت کراوە، بەڵام ئەوە هیی زەمەنێکی تربووە، ئێستاو ئایندە چی پێویستە دەبێت، ئەوە بکرێت، بۆیە گۆڕانکاری بەتەوەجوهو تێڕوانینی نوێ پێویستییەکە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆئەوەی بەگەورەیی و پێشەنگ لەناو کۆمەڵگەی کوردستانیدا بمێنێتەوە.

**دەستوور:** هەندێک ڕایانوایە نێچیرڤان دەیەوێ لەڕێی ئەو ریفۆرمەی کەباسیدەکات، پێگەی خۆی لەناوکۆمیتەی ناوەندی پارتی توندوتۆڵ بکات، هەربۆیە ئەویش پشت بەگەنجەکانو بەشێک لەئەندامانی سەرکردایەتی دەبەستێت؟

**مەحمود محەمەد:** پێگەی کاک نێچیروان لەناو پارتی قایمەو تازەش نییە، نێچیروان بارزانی تازە نەبووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیو کەسێکی دەستڕۆیشتووی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەو بەتەوەجوهێکی نوێو بەشێوازێک کەگونجاو بووبێت هەمیشە لەگەڵ ئەو سەردەمانەی کەتێیدا ژیاوەو سیاسەتی تێدا کردووە، بۆیە دەستڕۆیشتووی ئەو شتێک نییە ئەو هەوڵی بۆ بدات، چونکە خۆی دەستڕۆیشتووە، سروشتی حیزبی ئێمەش وایە کەئەو دەستڕۆیشتووە لەمەودواش دەمێنێتەوە.

**دەستوور:** ئەو لیستانە چین لەهەڵبژاردنەکانی ئەندامانی کۆنگرەدا، بەناوی ڕێکخستنی تایبەتەوە بەشدارییان کردو زۆرینەش دەرچوون؟

**مەحمود محەمەد:** من ئاگاداری لیست نیم بەڕاستی، دواتر ئێستا ڕێکخستنی تایبەت نەماوە.

**دەستوور:** بابەتەکە ئەوەیە هەندێک دەڵێن ئەوانە لەلایەن دەزگای پاراستنەوە سەرپەرشتی کراون؟

**مەحمود محەمەد:** ئەگەر ڕاستیت دەوێ تا ئێستا هیچ لیستێک ئامادە نەکراوە، چونکە هێشتا دیاریکردنی ئەندامان ماوەو ئەگەر ئێستا تەواوبووبێت، بۆیە باوەڕناکەم هیچ لیستێک هەبێت، دەبێ ئەوەش بڵێین کادری پارتی زۆر بەئاگایەو زۆر پێشکەوتوونو خوێندنەوەی بابەتیانەی بۆ هەموو مەسەلەکان هەیە، ئەوان دەزانن چۆن کەسو سەرکردایەتییەک هەڵبژێرن کەدڵنیابن لەوەی کەداهاتووی حیزبەکەیان بەرەو شوێنێکی باش دەباتو تووشی کێشەیان ناکات.

بۆیە تەسەوردەکەین لەناو کۆنگرەدا بەئەزموونەکانو ئەوانەی تازە دێنە پێش پێکەوە بەرنامەی باش دادەنێن، هەم کەسانێک هەڵدەبژێرن کەشایستەی ئەوە بێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێبکات.

**دەستوور:** ئەگەر زیاتر بچینە ناو بابەتەکە، مەسەلەکە بوونی ململانێیە لەناو خودی بنەماڵەی بارزانی؟

**مەحمود محەمەد:** هیچ ململانێیەک لەناو پارتیدا نییەو یەک سەرۆکمان هەیە ئەویش کاک مەسعودە لەژێر چەتری ئەودا هەموو خەبات دەکەین، لەلایەکی دیکەش لەناو پارتی ئەگەر بڵێین هەموومان یەک بیروبۆچوونین لەسەر هەموو بابەتێک، ڕاست نییە، چونکە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر کۆمەڵێک شت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان بۆئەوەیە کەڕێگەیەکی دروست بگرینەبەر، کەبتوانین چاکتر ئەوحیزبە بەرەو پێش بەرین، تا لەڕێگەی ئەو بەرەوپێشبردنە خزمەتی زیاتری کۆمەڵگەی کوردستانی بکەین.

**دەستوور:** بەڵام لەهەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە چەندان شەڕ ڕوویدا تەنانەت کار گەیشتە تەقەکردنیش، ئایا ئەو شەڕانە بەشێک نییە لەململانێکانی سەرەوەو هاتووەتە خوارەوە، واتە بۆ ناو کادرو ئەندامان هاتووە؟

**مەحمود محەمەد:** مەسەلەی تەقەکردن یان شەڕ لەدوو تیپی تۆپێنیشدا دروستدەبێت، زۆریش ئاساییە، بەڵام پێتدەڵێم ئەو تەوەجوهە هەیە لەوانەیە کەسێک پێی باش بێت پشتیوانی لەکاندیدێک بکاتو کەسێکی تریش لەکاندیدێکی تر، ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کەکێشە هەیە، زۆرجار لەکاتی دەربڕینی خۆشی تەقە دەکرێت، زۆر ئاساییە، بەڵام تەقەی تر نەکراوە، لە یەک دوو شوێن کەلێپرسینەوەشیان لەگەڵدا کراوە، ئەو کەسەی ئەوان پێیان باش بووە دەرچووەو تەقەی خۆشیان کردووە کەنەدەبوایە بیکەن.

**دەستوور:** بەڵام بۆچی ئێوە بەردەوام بوونی ململانێ ڕەتدەکەنەوە، ئایا نەبوونی ململانێ هۆکارێک نییە بۆ وەستانو چەقبەستنی حیزب؟

**مەحمود محەمەد:** ئاخر ئەو ململانێیەی کەئێوە وەکو ڕۆژنامەنووسەکان باسیدەکەن لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی کەئێمە باسیدەکەین زۆر لەیەکتر جیاوازە، ئێمە خۆمان دەڵێین بیروبۆچوونی جیاواز لەناو پارتیدا زۆرەو لەوانەیە لەهەموو حیزبێک زیاتر بیروبۆچوونی جیاواز لەناو پارتیدا هەبێت، بەڵام چەترێک هەموو ئێمەی کۆکردووەتەوە کەسەرۆک بارزانییە، ئەوانەی کە بەشێوازێک بیردەکەنەوە لەبوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەلسەفیو ئەوانەی دیکەش بەهەمان شێوە بەشێوازێکی دیکە بیردەکەنەوە، وەکو وتم هەمووشمان لەژێر چەتری کاک مەسعود بارزانیداین، وەکو ڕێبازێک هەمووی کۆکردووەتەوە کەپێی دەڵێن ڕێبازی بارزانی، هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانیش بۆ ئەوەیە باشترین کار بکەین.

> **بیروبۆچوونی جیاواز لەناو پارتیدا زۆرە، بەڵام چەترێک هەموو ئێمەی کۆکردووەتەوە کەسەرۆک بارزانییە**
>
> **دانەنانی جێگری سەرۆکی هەرێم پەیوەندی بەهەندێک ڕای ناو پارتی و یەکێتییەوە هەیە**



**دەستوور:** لەئێستاوە وا دەردەکەوێت ئەم کۆنگرەیەش کەس خۆی بۆ سەرۆکی پارتی کاندید نەکات جگە لەمەسعود بارزانی، ئایا ئەمە ڕاستە، هۆکاری ئەمە چییە؟

**مەحمود محەمەد:** هەموو حیزبێک بەدوای کەسێک دەگەڕێت کەباشترین خەڵک ئیدارەی بکات، ئێمەش کەسێکمان سەرۆکە کەباشترینو ئەمینترین دەستە بۆئەوەی کەحیزبێکی پێ بسپێردرێتو سەرکردایەتی بکاتو بیگەیەنێتە ئامانج، بۆیە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەگەر ڕۆژێک خۆیشی داوابکات بڵێ من سەرۆکایەتی ناکەم، لەوانەیە کەسمان لێی قبوڵ نەکەین، ئەگەر کەسمان لەقسەشی دەرنەچووبین لەوەی ئەو پێی باش بووبێت، بەڵام لەوە لەقسەی دەردەچینو قبوڵی ناکەین کەئەو سەرۆکایەتی حیزب نەکات.

**دەستوور:** هۆکارەکە ئەوەیە کەس لەو شیاوتر نییە؟

**مەحمود محەمەد:** ئێمە لەناو پارتی تا ئێستا لەو قەناعەتەداین کە ئەو لەهەموو برادەرانی ئێمە گونجاوترە بۆئەوەی بتوانێت سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات.

**دەستوور:** ئەگەر کەسێک لەپاڵ ئەو خۆی کاندید نەکات هەست ناکەی نەبوونی دیموکراسییە؟

**مەحمود محەمەد:** نا نا، ئەوە دیاریکردنێکی دروستو خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیە بۆ ناو هەناوی ئەو حیزبە کەکێ دەتوانێ ڕابەرایەتی ئەو حیزبە بکات.

**دەستوور:** ئەگەر بێینە سەر تەوەرێکی تر ئەویش بوونی پەیوەندییەکانی پارتی لەڕابردوو و داهاتوودا، پێدەچێت کۆنگرە پەیوەندییەکانی پارتی لەڕابردوو و داهاتوودا بخاتە بەرباس، لەبارەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژییەوە چی ڕوودەدات؟ پێتوایە هەڵیبوەشێنێتەوە، یان پێشنیازی گۆڕینی بکات؟

**مەحمود محەمەد:** ئەو کاتەی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە بەسترا وەکو پێویستییەکی قۆناغەکە بوو، ئەو زەمینەو هۆکارانەی ئەو کات لەباربوو بۆ بەستنی ڕێککەوتنەکە ئێستاش ماون، کەواتە ئەو کاتی ڕێککەوتن پێویست بووبێت، ئێستاش پاراستنی ڕێککەوتنەکە پێویستە تا بمێنێتەوە، بۆیە بەتەئکیدو بەهۆشیارییەوە ئەندامانی کۆنگرە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەکەنو قسەی لەسەر دەکرێت، بەتەئکیدی ئەوەی ئێمە ئێستا خوێندنەوەمان بۆی هەیە، زۆرینەی هەرە زۆری لەگەڵ ئەوەدایە کەئەو ڕێککەوتنەیە بمێنێتو پەرەی پێبدرێتو گشتگیریش بکرێت، لەگۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی لێکنزیکبوونەوەی ئەحزاب دروستبببێت لەوەی کەجیاوازو دوورەدۆنگە لەناو حیزبەکان هەبێت.

**دەستوور:** وەکو خۆت دەڵێی هەر بمێنێتەوە، بەڵام پێتوایە داوای گۆڕانکاری بکرێت؟

**مەحمود محەمەد:** کۆنگرە هەر ڕایەکی هەبێت دەبێ وەکو تەوسیە بێت، چونکە گۆڕانەکە پێویستی بەڕێککەوتنی هەردوو لاوە هەیە، پارتی ناتوانێ بەتەنیا بیگۆڕێ، چونکە ڕێککەوتنەو دەبێ هەردوولا پێکەوە دەستکاری بکەن.

**دەستوور:** ئەی ئەگەر ڕا هەبێت لەدەستکاری و هەڵوەشاندنەوەو درێژنەکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە، بەدەست کۆنگرەیە، یان لەدەسەڵاتەکانی سەرۆکو مەکتەبی سیاسی؟

**مەحمود محەمەد:** کۆنگرە هەموو دەسەڵاتێکی هەیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کەئەو دەسەڵاتە بەس لەوێ هەیە، چونکە کاتێ ئەو ڕێککەوتنە بەسترا، کۆنگرە نەبەسترا تا بڕیار لەسەر ڕێککەوتن بدرێت، ئەوە لەدەسەڵاتی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە کەئەو دەسەڵاتە لەکۆنگرە وەردەگرێت بۆ ئەو شتانەی پێویستە بڕیاری لەسەر بدات، دەسەڵاتەکان هەموو دەداتە سەرکردایەتی پارتی، پێشتریش لەسەرکردایەتی پارتی بڕیاری لەسەر دراوەو لەداهاتووشدا هەر سەرکردایەتی بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام تەرکیبەی حیزبی ئێمە ئەوەیە سەرۆک سەرکردایەتی هەموو ئۆرگانەکان دەکات.

**دەستوور:** لەکاتێکدا ئێوە زۆر بەجدی باس لەبوونی پاراستنی ئەو ڕێککەوتنە دەکەن، بەڵام بۆچی گومانو دوو دڵی لای هەر دوو حیزب هەیە، بەتایبەت کادرە ناوەندییەکانتانو ڕاگەیاندنکارانی هەردوو لا کەئەو گومانو دووڕدۆنگیانە دەخەنەڕوو؟

**مەحمود محەمەد:** لەبیرتان نەچێت ئێمە دوو حیزبی لەیەکجیاوازینو یەک حیزب نین، لەسەر کۆمەڵێک شت بیروبۆچوونی جیاوازمان هەیەو ئاساییە کەجیاوازی بۆچوونمان هەبێت، یان کادرێکی ئێمە یان هیی یەکێتی نیشتمانی لەدەربڕینێکیدا لەڕۆژنامەیەک هاوتای دەربڕینی ئەویتر نەبێت، ئێمە ڕێککەوتنمان لەسەر کۆمەڵێک بابەتی نەتەوەییو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوخۆی کوردستانو مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراقی هەیە، ئێمە ڕێککەوتنمان نەکردووە تا هەموو بیروبۆچوونێکمان وەکو یەک بێت.

**دەستوور:** بەڵام ئەو گومانانەی کە لەلایەن کادرانی پارتیو یەکێتییەوە باسدەکرێ لەسەر خودی ڕێککەوتنەکەیە؟

**مەحمود محەمەد:** لەناو سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی هەست بەدووڕدۆنگی ناکرێت، بەڵام تۆ لەبیریشت نەچێ کەئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ کێشە لەنێوانماندا هەبووەو ئەوە واقیعێکەو نکوڵی لێناکەین.

**دەستوور:** ئێوە چۆن سەیری نزیکبوونەوەی گۆڕانو یەکێتی دەکەن، پێتانوایە ئەگەر ڕێککەوتنێک بکەن لەسەر حیسابی ئێوە بێت، لەحاڵەتێکی وادا ڕێککەوتنی ستراتیژی پێداچوونەوەو دەستکاری بۆ دەکرێت؟

**مەحمود محەمەد:** ئێمە لەڕێککەوتنەکەی کەهەمانە لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کەهەر لایەنێکمان بیەوێ لەگەڵ لایەنێکی دیکە، واتە لایەنی سێیەم ڕێککەوتنی هەبێت، بەبێ پرسی ئەویتر نەیکات.

**دەستوور:** واتە یەکێتی بۆی نییە بەبێ پرسی ئێوە ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕاندا بکات؟

مەحمود محەمەد: مەسەلەی بۆ نەبوون نا، بەڵام بێ ئاگاداریو لەپشت سەری پارتی دیموکراتی کوردستان نایکات.

**دەستوور:** هەندێک ڕایانوایە کەیەکێتی هەستی بەوە کردووە، لەئەنجامی ململانێی لەگەڵ گۆڕان، پارتی زۆر مەرجی بەسەرا سەپاندووەو ڕێککەوتننامەکەی پێشێلکردووە، بۆ نمونە یەکێک لەوانە پێنەدانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێم، یان بردنی پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەبەغداد؟

**مەحمود محەمەد:** ئێمە هیچ مەرجێکمان بەسەر یەکێتیی نیشتمانی نەسەپاندووە، بەڵکو ئەو کارانەی کردوومانە بەڕێککەوتنو گفتوگۆو ڕازیبوونی هەردوولا بووە، زۆر کات پێویستی بەوە بووە کە لەبابەتێک مافی ئێمەش بووبێت، وامان بە باش زانیوە کەئەوان ئەو مافە وەربگرنو ئەوانیش بەهەمان شێوە، دیارترین شتیش لەکابینەی پێشوو دووساڵ سەرۆکایەتی حکومەت نۆرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بەڵام تەکلیفی کاک نێچیرڤانیان کرد کەئەم سەرۆکایەتی وەربگرێت بەحوکمی ئەوەی دەیانزانی کەدەتوانێت باش ئیشەکان بەڕێوەبەرێت.

**دەستوور:** ئەی مەسەلەی پێنەدانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێم؟

**مەحمود محەمەد:** مەسەلەی پێنەدانەوە نییە، ئەو بابەتە پەیوەندی بەپارتیو یەکێتی لەوە نییە کەفلان ڕازیەو فلان ڕازی نییە، بۆی هەیە هەندێک ڕا لەهەردوولا هەبێت، لەسەر ئەوە نییە کەبدرێت یان نەدرێت.

**دەستوور:** ئەی کێشەکە لەسەر ناوی کۆسرەت ڕەسول نییە؟

**مەحمود محەمەد:** نەخێر.

**دەستوور:** بۆچی دانەنراوە؟

**مەحمود محەمەد:** بابەتێکە لەگفتوگۆدایە لەناو خودی یەکێتیشدا.

**دەستوور:** لەحاڵەتێک ئەگەر یەکێتی و گۆڕان ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە ببەستن، یان وەک هەندێک کادرە پێشکەوتووەکانی پارتی پێشبینیدەکەن، ببنەوە بەیەک حیزب، پارتی چی بڕیارێک دەدات بەتایبەت لەپەرلەمان دەبنە زۆرینە؟

**مەحمود محەمەد:** تەمەننای ئەوە دەکەین کەگرژی لەنێوان هیچ لایەنو حیزبێک نەبێت، چونکە قازانجی هیچ لایەکی تێدانییە، تەمەنای ئەوە دەکەین کەپێکەوە ژیانی سیاسی لەناو کوردستان زۆر بێتو ببێتە بەرنامەیەکو ئیشی تێدا بکەین، بۆیە نزیکبوونەوەی گۆڕانو یەکێتی چ زیانێک لەکەس ناداتو کاریگەری سلبی نەکردووەتە سەر هیچ لایەنێکو پارتیش، بەتەئکید ئەو نزیکبوونەوانەش نابێت لەسەر حیسابی هیچ لایەنێکی دیکە بێت بەپارتیشەوە، بەڵکو بۆ نەهێشتنی ئەو گرفتانە بێت کە لەنێوان خۆیاندا هەیە کەهەموو لایەکمان پێیباشە. لەوانەیە سەرۆک بارزانیش بەوە ماندووبووبێت کەهەوڵیدا ئەو نزیکبوونەوەیە هەبێت.

**دەستوور:** ئەگەر ئەوان ببنە یەک حیزب، لەپەرلەمان دەبنە زۆرینە ترستان لەوە نییە ئەوان ببنە زۆرینەو ئێوەش لەبەرانبەر ئەوان ببنە کەمینەو ڕێککەوتنەکەی ئێوە لەگەڵ یەکێتی هەڵبوەشێتەوە؟

**مەحمود محەمەد:** ئەگەر یەکێتیو گۆڕان ببنەوە یەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵناوەشێتەوەو بەتەئکید گۆڕان دێتەوە ناو یەکێتی نیشتمانی، کەگۆڕانیش




# نەوەی دوای راپەڕین گەیشتە زانکۆ

## ئەو نەوەیەی ساڵانێکە لەلایەن سیاسەتمەدارەکانەوە بەلاواز هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەژماردەکران، بوون بەئەمری واقیع

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

رەوا خۆشناو لەدایکبووی ١٩٩٢، وەک ئەوەی خۆی وانیشانبدات بووە بەئەمری واقیع، داوایکرد چیتر سیاسییەکان دەستنەخەنە ناو کاروباری ژیانی ئەوانەوە، وتی "رێز لەخەباتیان دەگرین، بەڵام بەرێگەیەکی جیاوازتر درێژە بەکاروانەکانیان دەدەین".

رەوا وتی "ئەوەی لەمەیدانەکەیە ئەوە



**بۆئەوەی نەوەی نوێ موبەریر نەداتە نەوەی کۆن، دەبێت نەوەیەکی ئینقلابی نەبێت، نەوەیەک نەبێت پێشنیازەکانی لەسەر ئەساسی سڕینەوەی نەوەی پێش خۆی بێت**

بوونی هەیە، دەبێت سیاسییەکان دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخنەکەن، ئێمەش دەتوانین کاروانەکەی ئەوان درێژە پێبدەین، بەڵام بەجۆرێکی تر".

رەوا یەکێکە لەو ٢٠ هەزار خوێندکارەی کە بەنەوەی دوای راپەڕین دادەنرێن‌و ئەمساڵ دەگەنە بەرزترین ناوەندی ئەکادیمی‌و زانستی.

ئەوانەی لەساڵی لەدایکبوونەکەی رەواوە لەدایکبوون، ئەوانەن بەنەوەی دوای راپەڕین ناودەبرێن‌و زۆرترین رەخنەیان لەلایەن سیاسییەکان‌و ئەوانەی ساڵانێک لەشاخ خەباتیان کردووە، لێدەگیرێت، بەبێ تواناو بێ ئینتیماو نەبوونی هەستی بەرپرسیاریەتی تۆمەتباردەکرێن. بەڵام نەوەی دوای راپەڕین ئەوانە رەتدەکەنەوە.

### نەوەی دوای راپەڕین گەیشتە زانکۆ

بەئەژمارکردنی ساڵانی خوێندن بێت، زیاتر لە ٢٠ هەزار خوێندکار لەنەوەی دوای راپەڕین چەند هەفتەیەکی تر دەگەنە زانکۆو پەیمانگاکان، ئەوانەی سەرجەمیان سەروەرییەکانی پێش راپەڕین، بەرابردوویەکی مێژوویی دەخوێننەوە.

بۆ ئەمساڵی خوێندن لەکۆی ٤٢٤١٥ خوێندکاری دەرچووی پۆلی شەشەمی زانستی‌و وێژەیی، بڕیارە ٢٢٤٢٥ خوێندکار لەزانکۆو پەیمانگاکان وەربگیرێن، ئەژمارکردنی ساڵانەی خوێندنیش بێت، زۆرینەی ئەو خوێندکارانە لەدایکبووانی ساڵانی ١٩٩٢و ١٩٩٣ی دوای راپەڕینن.

لەساڵانی رابردوودا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەپێی پۆلینی خۆیان، ئاماژەیان بەوەدابوو کەزیاتر لە٨٥٪ی ئەو خوێندکارانەی ساڵانە لەزانکۆو پەیمانگاکان وەردەگیرێن، ئەو خوێندکارانەن بەبێ دواکەوتن‌و لەوادەی خۆیاندا گەیشتوونەتە زانکۆو پەیمانگاکان. بەو پێیەش بۆ ئەمساڵی خوێندن ئەوانەی دەگەنە زانکۆو پەیمانگاکان، لەدایکبووانی ساڵی ١٩٩٢ن، کەدەکاتە ساڵی دوای راپەڕین‌و بەنەوەی دوای راپەڕین ناو دەبرێن.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گشتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢دا ٩١ هەزارو ٤٥٣ کەس لەدایکبوون.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گشتی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٦دا ئاماری لەدایکبووانی ساڵی ١٩٩٢ی دۆزیوەتەوە.

تائێستاش لەکۆبوونەوە فەرمییەکانی نێوان سیاسەتمەداران بیگرە تا دەگاتە قسەی خەڵکی ئاسایی، ململانێیەکی تاڕادەیەک توندو دوور لەبیروبۆچوونی یەکتر لەنێوان نەوەی کۆن‌و نوێدا بەدیدەکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا بەجیاوازتر دەبینرێت، گەیشتنی نەوەی نوێیە بەناوەندێکی باڵای ئەکادیمی‌و زانستی کەزانکۆو پەیمانگاکانە.

لەئازاری ساڵی ١٩٩١ حیزبە کوردستانییەکان لەچوارچێوەی (بەرەی کوردستانی)دا بەفرسەتێک کاتێک حیزبی بەعسی رووخاو سەرقاڵی جەنگی کوەیت بوو، کوردستانی عێراقیان ئازادکرد، تائێستا ئەو رۆژە بەڕاپەڕینە گەورەکەی کورد دادەنرێت لەمێژوودا.

### ململانێیی نەوەکان

سیاسییەکان‌و ئەوانەی ساڵانێک لەشاخ شۆڕشیان کرد، بەلای نەوەی نوێوە تائێستاش دەیانەوێت لەسەر حیسابی نەوەی دوای راپەڕین لەسەر سەروەرییەکانی شاخ لەپۆست‌و کورسییەکانی دەسەڵاتدا بمێننەوە.

رەوا خۆشناو لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی ناوەکەیدا لەوەرگرتنی لەزانکۆکان، وتی "نەوەی پێش راپەڕین خزمەتیان کردووەو سوودیان هەبووە، بەڵام لەئێستادا هیچیان پێناکرێت هەموو بوارەکان کەوتوونەتە دەستی ئێمە، رێزی خەباتی ئەوان دەگرم، بەڵام دەبێت ئەوان وەکو رەمز بن نەک دەستبخەنە کاروبارەکانی ژیانی ئێمەوە".

ساڵانێکە جۆرێک لەمشتومڕ لەنێوان دوو بەرەدا لەهەرێمی کوردستان لەکۆبوونەوەو وتارە رۆژنامەوانییەکاندا بەدیدەکرێت، کەبەرەیەکیان بە بەرەی شاخ‌و بەرەیەکی تر بەنەوەی نوێ ناودەبرێن، نەوەی نوێ، بەرەی کۆن بەقۆرخکردنی دەسەڵات‌و نەوەی شاخیش بەرەی نوێ بەوە تۆمەتبار دەکات، کەئازارەکانی شاخ‌و سەردەمی رژێمی بەعسان نەبینووەو هاتوونەتە سەر حازری.

توانا عوسمان نووسەرو رۆژنامەنووس، ئامۆژگاری نەوەی نوێ دەکات، بەوەی نەوەی نوێ نابێت موبەریر بداتە دەست نەوەی کۆن، وتی "دەبێت نەوەیەکی ئینقلابی نەبێت نەوەیەک نەبێت پێشنیازەکانی لەسەر ئەساسی سڕینەوەی نەوەی پێش خۆی بێت، وابزانێت پێشکەوتن لەوەدایە ئیعتراف بەنەوەی پێش خۆی نەکات، هەموو نەوەیەک بەشێوەیەک لەشێوەکان تەواوکەری نەوەکەی پێش خۆیەتی".

فەرهاد پیربال نوسەرو رۆشنبیر، یەکێک لەو کەسانەی کەداکۆکی لەنەوەی نوێ دەکات، دەڵێت نەوەی نوێ بەچەند جەمکێک ئاشنایە کە لەژیانی دیموکراسی‌و ئازادییەوە نزیکە، راهێنرا بۆئەوەی ئازاد بژی، لەلایەکی تریشەوە لەجیهانی دەرەوەی کوردستانیش ئاگادارە بەهۆی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیاوە کە لەزەمانی پێش ئەودانەبوون، نەوەی کۆن لەو جۆرە ژیانە بێبەش بوو. پێیوایە ئەوانە سەرەتای سەرهەڵدانێکی ململانێی نەوەکانن.

نەوەی دوای راپەڕین‌و ئەو گەنجانەی کەئەمساڵ دەچنە زانکۆو پەیمانگاکان، رووداوەکانی پێش خۆیان بەرووداوی مێژوویی ناودەبەن، ئەوان سەردەم بەسەردەمی خۆیان دەزانن، دەڵێن سەردەمی شاخ رەمزێکەو بووە بەمێژوو.

ئەحمەد شوان لەدایکبووی ١٩٩٣یەو لەپۆلی شەشەمی زانستی دەرچووەو بەنمرەی تێکڕایی لە٩٤٪ چاوەڕێیە هەنگاو بەرەو زانکۆ بنێت، پێیوایە سەردەمی ئەوان سەردەمی قەڵەم‌و زانست‌و تەکنەلۆژیایە، وتی "بەقەڵەم درێژە بەو خەباتە دەدەن کەنەوەی پێش خۆیان بەچەک دەیانکرد".

ئەحمەد وتی "راستە نەوەی پێش راپەڕین خەباتیان کردووە، بەڵام من گرنگی بەداهاتوو دەدەم، رێزی خەباتەکەی ئەوانیش دەگرم، بەڵام کاتی ئەوان بەسەرچوو ئەوان بەچەک خەباتیان کردووە ئێمەش بەزانست‌و مەعریفە دەتوانین خەبات بکەین".

هەروەها وتی "زەمانی ئەوان بەسەرچووە کەهەموو شتەکان بەدەستی نەوەی پێش راپەڕین بێت، ئیتر زەمەن زەمەنی ئێمەیە".

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، یەکێک لەو سیاسییانەی ساڵانێک لەشاخ خەباتی کردووە، دەڵێت دەبێت نەوەی کۆن، نەوەی نوێ قبوڵ بکات، ئەوان بوون بەئەمری واقیع.

**هەمیشە لەکۆتاییدا نەوەی نوێ دەیباتەوە، چونکە بەردەوام نەوەی کۆن توخمی مردنی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە، پێش هەموو کەسێک لەئێستاوە من دەبێت بچم گۆڕ بۆخۆم هەڵکەنم**



وتی "هیچ دەرفەتێکی تری لەبەردەستدانییە هیچ کام لەو دوو نەوەیە ناتوانن یەکتری رەتبکەنەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا تێنەگەیشتن لەنێوان ئەوو دوو نەوەیەدا هەیە، سەرچاوەکەی ئەوەیە کەئەوەی کەخاوەنی سەروەرییە پێیوایە مادام دەستکەوتی بەدەستهێناوە، دەبێت زۆربەی شتەکان بۆ ئەوبێت، نەوەی نوێیش پێیوایە ئەو بارودۆخەی ئێستا لەئارادایە مافی ئەوەی هەیە بەدیدێکی تر سەیری رابردوو بکات".

ئەسەسەرد دەڵێت ئەگەر بەواقیع بینیانە سەیری مەسەلەکە بکرێت هەردوو نەوەکە دەتوانن بگەنە خاڵی هاوبەش.

فەرهاد پیربال ئاماژە بەوە دەدات کەنەوەی پێش راپەڕین لەدەوری چەند چەمکێک دەسوڕایەوە کەنەوەی ئێستا لێیان بێ ئاگایە.

ئەو وتی "نەوەی کۆن لەتەوەری نێوان ناسیۆنالیزم، کوردایەتی‌و مارکسیزمدا دەسوڕایەوە، ئەو ئاڵوگۆڕەی کەڕاپەڕین بەسەر کوردستانیدا هێنا ئەو دوو چەمکەی کاڵکردەوە، ئەوەش خاڵێکی جیاکەرەوەی نێوان نەوەی کۆن‌و نوێیە".

بەبڕوای نووسەران‌و رۆشنبیران‌و سیاسییەکان ململانێی نێوان نەوەکان لەهەموو سەردەمێکدا هەبووە، پێیانوایە ئەو ململانێیە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە شتێکی باشە. بەڵام داوادەکەن سیاسییەکانی سەردەمی نەوەی کۆن قەناعەت بەنەوەی دوای راپەڕین بکەن.

توانا عوسمان پێیوایە ململانێیی نەوەی کۆن‌و نوێ ململانێیەکی کۆن‌و جیهانییە، نەوەی کۆن لەکوردستاندا خۆیان بەخاوەنی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییە چەکدارییە دەزانن کەرژێمێکی لەسەردەمی سەدامەوە گۆڕیوە بەسەردەمی دوای راپەڕین.

"بەڵام ئیعترافکردن بەو نەوەیە نوێیە کەبەڕێوەیە وەکو چۆن ململانێیەکە حەتمییە ئەم جێچۆڵکردنەو ئیعترافکردنە ئەنجامێکی حەتمی ئەو ململانێیە". توانا وای وت.

بەڕای پیربال ئەو ململانێیە ئەوە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییەو تا هەتاهەتایە دەمێنێت، ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کەدونیا بەرەو پێشەوەدەچێت، ئەم ململانێیە وا دەکات ژیان بەرەو پێشەوەبچێت.

فەرید ئەسەسەرد خۆی بەنەوەی شاخ دەزانێت‌و دەڵێت قەت ناتوانین وەکو نەوەی دوای راپەڕین بیربکەینەوە.


ئەسەسەرد وتی "بیرکردنەوەی منو نەوەی کۆن سی ساڵ دواکەوتوو ترە لەنەوەی ئێستا، نەوەی ئێستا نەوەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتن، دەبێت نەوەی کۆن دان بەوەدابنێت کە بەهیچ شێوەیەک نەوەی نوێ ناتوانێت وەکو نەوەی کۆن بیربکاتەوە".

### نەوەی نوێ ژیانی جیاوازی دەوێت

بڕیار حەسەن ئەمساڵ پۆلی شەشی تەواوکردووە، بەلای ئەوەوە گرنگە چۆن درێژە بەجیهانە تایبەتییەکەی خۆی بدات، کەئەویش وەرزشکردن‌و لەبەرکردنی جوانترین جل‌و بەرگو ژیانێکی جیاوازترە لەژیانی ئەوانی پێش خۆی.

بڕیار وتی "سەروەرییەکانی نەوەی کۆنم تاڕادەیەک خوێندووەتەوە، ئەو نەوەیە شایستەی رێزن، بەڵام دەبێت مەیدانەکە چۆڵبکەن بۆ ئێمە، دەمەوێت لەزانکۆ ئەو شێوازی ژیانەی کەهەمە لەدەستی نەدەم کەخولیای لەبەرکردنی جلی جوان‌و وەرزشکردنە، نامەوێت هەمیشە سیاسییەکان من بگەڕێننەوە بۆ رابردوو باسی سەروەرییەکانی خۆیانمان بۆ بکەن".

فەرید ئەسەسەرد پێیوایە ئیتر سەردەمی تێکۆشان کۆتایی هاتووە، دەبێت بیر لەوەبکرێتەوە شێوازی خزمەتکردنی نەتەوە بگۆڕێت، وتی "بەدڵنیاییەوە نەوەی



**من لەنەوەی شاخم ناتوانم بەشێوەی نەوەی ئێستا بیربکەمەوە، چونکە بیرکردنەوەی من سی ساڵ دواکەوتووترە لەنەوەی ئێستا**

نوێ ناتوانێت سەروەری لەبابەتی ئەوانەی پێش راپەڕین تۆماربکات، چونکە ناتوانێت ببێتە پێشمەرگەو خەریکی شانەی نهێنی بێت".

فەرید وتی "نەوەیەک هەیە وەکو بەشێک لەمێژوو سەیری ئەو سەروەریانە دەکات، لەبەرئەوە دەبێت واقیع بینییەکی تر ببێتە ئاراوە کەڕێز لەسەروەرییەکان بگیرێت‌و بەچاوێکی تریش سەیری ئەو سەردەمە بکرێت، چونکە نەوەیەک لەئارادایە کەکێشەی تایبەتی هەیە کەلێپرسراوانی کۆن ئەو کێشانەیان نەبووە".

فەرهاد پیربال پێیوایە لەکۆتایدا نەوەی دوای راپەڕین یارییەکە دەباتەوە، چونکە نەوەی کۆن توخمی مردنی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.

توانا عوسمان پێیوایە ئەوەی وادەکات ئەو ململانێیی نێوان نەوەی کۆن‌و نوێ ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ وەربگرێت، ئەوەیە کەنەوەی کۆن دەبێت بزانێت جێ چۆڵکردن بۆ نەوەی نوێ زەرورییەکی حەتمییەو دەبێت شوێنەکانیان چۆڵ بکەن، بەپێچەوانەوە دەرگا داخستنی نەوەی کۆن بەرانبەر بەنەوەی نوێ دەرئەنجامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە.

ئەو وتی "مەترسییەکان ئەوەیە دەسەڵات لەکوردستاندا دەکاتە دەسەڵاتێکی پیرو رزیو لەلایەکی تریشەوە ئەمەش مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کەجۆری گۆڕانی تر بێتەئاراوە کەئەویش گۆڕانی توندوتیژیانەیە کەئەمە روویدا، ئەوا نەوەی کۆن لێی بەرپرسیارە".

توانا عوسمان دەڵێت نەوەی نوێ خاوەنی تێڕوانین‌و رۆحییەتێکی ئازادانەو سەربەستانەی خۆی نییە لەدونیادا، "چونکە ئەو نەوەیەی کەئێستا هەیە، نەوەیەکە بەمنداڵدانی نەوەی پێشوودا هاتووەتە دەرەوە".



نەژاد تەحەدای جیهانی کرد 14

# ئاستی زانستیی زانکۆکان لەقەیراندایە

## لەکۆی ١٢ زانکۆ، هیچیان توێژینەوەی زانستیان بۆ بارودۆخە جیاوازەکان نییە

عەلی بانیشاری لەهەولێر

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دانبەوەدا دەنێت کەئاستی زانستیی زانکۆکان لاوازەو لەپێنج ساڵی رابردوودا هیچ توێژینەوەیەکی زانستییان ئەنجامنەداوە، بەرپرسانی وەزارەتەکە دەڵێن پلانەکەیان زانکۆکان لەو دۆخە رزگاردەکات.

د. دلاوەر عەلادین وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی رایگەیاند کێشەی هەرە گەورەی زانکۆکان لەکوردستاندا ئەنجامنەدانو بەرهەمنەهێنانی توێژینەوەی زانستییە، وتی "لەو بوارەدا زانکۆ تووشی قەیران بووەو ئومێدێکی زۆرمان بەتوێژینەوە زانستییەکان لەدوو ساڵی داهاتوودا هەیە".

د. دلاوەر دەڵێت ئەو خشتەیەی وەزارەتەکەی ئامادەیکردووە بریتییە لەبەرهەمهێنانی توێژینەوە زانستییەکانی زانکۆکانی هەرێم. دەڵێت ئەوەش زانکۆکان لەقەیرانی بێ توێژینەوەیی رزگاردەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەهەرێمی کوردستاندا ١٢ زانکۆ هەیە، کە ٥ زانکۆیان حکومینو ٧ زانکۆیشیان ئەهلین، هەر بەپێی زانیارییەکانی دەستوور چوار زانکۆی تری حکومی لەم ساڵدا دەکرێنەوە، چەندان زانکۆی تری ئەهلیش داوای مۆڵەتیان لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کردووە.

بەڵام هێشتا ئەوانە نەبوون بەسەرچاوەی توێژینەوەی زانستی بۆ حکومەت، بەڵکو تەنیا وەک کارگەی بەرهەمهێنانی خوێندکارو بەخشینەوەی بڕوانامە وابوون.

زانکۆکان سەنتەری توێژینەوەی زانستی کارایان نییە، مامۆستایان هاننادەن بۆ توێژینەوەی زانستی زیندوو بۆ دۆخی ئێستا، بۆیە زانکۆکان نەبوون بەسەرچاوە بۆ وەزارەتەکانی حکومەتو سەرکردە سیاسییەکانی وڵات لەکێشەو قەیرانە ئابووری، ئیداری، سیاسیو نەتەوەییەکاندا.

د. ئیدریس هەرکی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند تائێستا هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا ناچار نەکراون بەئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیو هیچ رێنماییەک لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بەدەستی ئەوان نەگەیشتووە.

د. ئیدریس وتی "کاتێک مامۆستا بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا وەردەگرێتو پلەکانی زانستی دەبڕێت، هەر لەمامۆستاو تا پرۆفیسۆر دەبێت چەند توێژینەوەک ئەنجامبدات، ئەو توێژینەوەیەش تەنیا بۆ بەرزکردنەوەی پلەی خۆیەتیو هەندێک لەتوێژینەوەکان زانکۆ داوای لێدەکاتو هەندێکیش لەو توێژینەوانە بەویستی خۆی دەبێت".

هەندێک لەمامۆستایانی بیانی لەکوردستاندا بڕوایانوایە هۆکاری لاوازی زانکۆکانی کوردستانی بۆ ئاوڕنەدانەوەی حکومەت دێت لەخوێندنی باڵاو ئەنجام نەدانی ئەو گەشتە زانستییانە کەپێویستە بۆ زانکۆکان ساڵانە ئەنجامبدرێن، لەلایەکی تریشەوە هیچ وەبەرهێنێکی کوردستان تائێستا پشتی بەزانکۆ نەبەستووە.

موێدفردی مامۆستای زانکۆی کوردستان لەهەولێر لەهۆڵەنداوە هاتووە بۆ کوردستان، بۆچوونی وایە زانکۆکانی کوردستان ئاستێکی لاوازیان هەیەو پشت بەزانکۆکانی دەرەوە دەبەستن بۆ ئەنجامدانی کارە زانستییەکانیان، ئاماژەی بەوەشدا کێشەی زانکۆکان ئەوەیە نەبوونەتە شوێنێکی بەرهەمهێنان بۆ وەبەرهێنەکانی کوردستان.

موێدفردی درکی بەوە کردووە لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری زانکۆکان وەک پێویست ناکرێن لەکارە زانستییەکاندا، ئاستەنگ بۆ زانکۆ دروستدەکرێت، وتی "زانکۆکان وەک ناوەندێکی زانستی هیچ کات سەیرناکرێن، دەبوایە زانکۆکانیش هەوڵی تەواویان بدایە بۆ چارەسەرکردنو ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکان".

موێدفردی دەڵێت بەهاندانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، مامۆستا بیانییەکان هاتوون بۆ کوردستان بۆئەوەی هەوڵی تەواو بدرێت لەداهاتوودا توێژینەوەی زانستی لەزانکۆکانی کوردستاندا ئەنجامبدرێتو زانکۆ پێشبکەوێت.

دکتۆر دلاوەر عەزیز وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەڵێت کێشەی هەر گەورەی بواری خوێندنی باڵا لەکابینەکانی پێشوودا ئەوە بووە، کەسیستم "زۆر خراپ" بووەو نەتوانراوە بەرهەمهێنان بەئەنجام بگەیەنێت.

دڵشاد عەزیر زاموا مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەددین کێشەکانی زانکۆکانی کوردستانو ئەو نائومێدیەی لەلای زانکۆ دروستبووە بەپرسیارێکی گرنگ دەزانێت، دەڵێت ئەگەر زانکۆکانی کوردستان توانستی زانستی باشیان بوایە، ئەوا کوردستان باشترین شوێنە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیو سەرکەوتنیشمان مسۆگەربوو، نەک بەپێنج ساڵیش نەتوانین یەک توێژینەوە بەرهەمبهێنین.

دڵشاد زاموا وتی "هۆکاری هاتنی بەلێشاوی زانکۆکانی دەرەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خۆمان ئاستمان لاوازە، ئەوانیش هەست بەبۆشایی زانکۆ کوردستانییەکان دەکەن، ئەگینا با ئێمە خۆمان سەر مەشقی کارە زانستییەکان بوینایە نەک زانکۆکانی دەرەوە".

د. ئیدریس هەرکی وتی "نەبوونی توێژینەوەی زانستی کاریگەری خراپی لەسەر زانکۆکانی کوردستان هەبووە، چونکە زانکۆکانی جیهان توێژینەوەی زانستی ساڵانە ئەنجامدەدەنو دەبێت لەمەودواش ئەو توێژینەوانە لەلایەن مامۆستایانەوە ئەنجامبدرێن".

محەمەد سابیر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بەدەستووری وت "راستە ئێمە لەزانکۆکاندا کێشەی توێژینەوەی زانستیمان هەیەو ئەوەش گرفتێکی زۆر گەورەیە، بەڵام لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو گرفتە چارەسەردەبێت، لەم کاتەدا بیر لەبەرنامەرێژییەکی ئەوتۆ کراوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی توێژینەوە زانستییەکانو بەچاوێکی زانستییەوە سەیری زانکۆکان بکرێن".



زانکۆکان سەنتەری توێژینەوەی زانستیی کارایان نییە

هەروەها وتی "زانکۆکانی کوردستان لەڕووی ئاستی زانستییەوە لاوازنو پلەی زانستییان زۆرباش نییە".

د. سەروەر عەبدولڕەحمان ئەندامی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان، بەدەستووری وت "بڕیارمانداوە وەک لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێداچوونەوەی دروست بۆ کێشەی زانستیی زانکۆکان بکەین، چونکە بڕوامانوایە ئەوەی ئێستا زانکۆی تێکەوتووە لەدۆخێکی زۆر خراپیدایە".

سەروەر دەڵێت زانکۆکان پێویستیان بەچارەسەری زانستیو چەندان چارەسەری تریش هەیە.

---

## کچانی پەروەردەی چەمچەماڵ کێشەی بەشەناوخۆییان هەیە

سەنگەر چەمچەماڵی لەچەمچەماڵ

خوێندکارە کچەکانی کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ لەکەموکوڕییەکانی بەشەناوخۆییەکانیان نیگەرانو ئاماژەبەوەدەکەن کەبەشەناوخۆییەکانی ئەوان هیچ تایبەتمەندییەکی بەشی ناوخۆیی نییە، ئەوان داوای هاوکاری لەراگرایەتی کۆلێژەکەیان دەکەن.

نزیکەی ٢٠٠ خوێندکاری کچ کەخەڵکی دەرەوەی چەمچەماڵن لەکۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ دەخوێنن، گلەیی ئەوەدەکەن کەبەشەناوخۆییەکەیان کەموکوڕی زۆری تێدایەو لەکۆلێژەکەشیانەوە زۆر دوورە.

چنار سەعید خوێندکاری بەشی زمانی کوردی وتی «بەشەناوخۆییەکەمان هیچ مواسەفاتێکی بەشە ناوخۆیی نییە، شوقەیە کراوە بە بەشەناوخۆیی، کەموکورتی زۆری تێدایە، بەتایبەتی کێشەی ئاوەڕۆ».

ئەو خوێندکارە وتی «یەکێکی تر لەکێشەکان دەبێت ئێمە بەئۆتۆمۆبێل هاتوچۆ بکەین، چونکە بەشەناوخۆییەکەمان زۆر دوورە لەکۆلێژەکەمانەوە کەئەویش خەرجی زۆری دەوێت، دەرماڵەکەمان بەتەنیا بەشی کرێی ئۆتۆمۆبێل دەکات».

د. عادل رەشید راگری کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ سەبارەت بەکێشەی ئەو خوێندکارانە، وتی «لەبەرئەوەی بینای تایبەتی بەشەناوخۆییمان نییە، ناچاربووین شوقە بەکرێ بگرینو بیکەین بە بەشەناوخۆیی، دەزانین مواسەفاتی ناوخۆیی نییە، بەڵام ناچارین چیبکەین؟».

هەروەها وتی «لەهیچ زانکۆیەکدا پاس بۆ هاتوچۆی خوێندکاران دابیننەکراوە تا ئێمە بۆیان دابین بکەین».




---

## کەرکوک بینای خوێندنی دەوێت

نێرگز قادر لەکەرکوک

خوێندکارە کوردەکانی کەرکوک گلەیی لەنەبوونی بینای خوێندن دەکەنو داوادەکەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمو وەزارەتی پەروەردەی عێراق بینای خوێندنیان بۆ دابین بکەن.

لەنیا جەمال خوێندکار لەخوێندنگەی هەورامانی کچان لەگەڕەکی رەحیماوا، وتی «جگە لەوەی کێشەی مامۆستامان هەیە، نەبوونی بیناش کێشەیەکی تری ئێمەیە، ٥٠٠خوێندکار لەخوێندنگایەکی ٩ پۆلیدا دەخوێنین».

ئالان کەریم لەخوێندنگەی چیای گارە لەگەڕەکی فەیلەق دەخوێنێت، وتی «چەندان جار داوامان لەرێکخراوە خوێندکاریو قوتابییەکان کردووە. کەشتێکمان بۆ بکەن، بەڵام هیچیان بۆ نەکردووین، داوا لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردی کەرکوک دەکەم چارەسەری ئەم کێشەیەمان بۆ بکەن».

شێرزاد ئەکرەم بەڕێوەبەری بەشی کوردی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوک، لەبارەی نەبوونی بینای خوێندن لەشاری کەرکوک، دەڵێت راستە لەچەندان گەڕەکی شاری کەرکوک کێشەی کەمیی بینا هەیە، بەڵام ئەو بودجەیەی تایبەت بەپەروەردەی کوردی دانراوە، بەشی کردنەوەی بینا ناکات.

شێرزاد ئەکرەم وتی «چەندان جار داوامان لەوەزارەتی پەروەردەی عێراق کردووە، بەڵام گوێ بەداواکانمان نادەن، بینامان زۆر پێویستە بەتایبەت لەگەڕەکی فەیلەق، چونکە خوێندکارانی خوێندنگەی چیای گارە لەسەربازگەیەکدا دەخوێننو لەگەڕەکی پەنجاعەلیش خوێندکاران لەژێر چادردا دەخوێنن».



---

## سەنگەسەر قوتابخانەی فێرکردنی خێرای دەوێت

فەرمان چۆمانی لەسەنگەسەر

قوتابیانی دابڕاو لەخوێندن لەشارۆچکەی سەنگەسەر، داواکارن قوتابخانەی فێرکردنی خێرایان بۆ بکرێتەوە. بۆئەوەی بێبەش نەبن لەخوێندن.

چەند قوتابییەکی دابڕاوی شارۆچکەی سەنگەسەر، لەسکاڵانامەیەکدا لەرێگەی رۆژنامەی دەستوورەوە داواکارن قوتابخانەی فێرکردنی گەورەو خوێندنی خێرایان بۆ بکرێتەوە، تا بتوانن درێژە بەخوێندن بدەن.

هیوا محەمەد ٣٠ساڵ یەکێکە لەو کەسانەی کەماوەی ١٥ ساڵە لەخوێندن دابڕاوە وتی «هیوادارم خوێندنی خێرامان بۆ بکرێتەوە، ئێستا پەشیمانم کەوازم لەخوێندن هێناوە».

وتیشی «ژمارەیەکی زۆرین کە بەهۆی بارودۆخی کوردستانەوە لەخوێندن دابڕاین، ئێستا دەمانەوێت بخوێنین».

عەلی محەمەد عەلی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ سەبارەت بەداواکاری ئەو قوتابیانە بەدەستووری وت «فێرکردنی خێرا تایبەتمەندی خۆی هەیەو قوتابی بەپێی تەمەنو ساڵی وازهێنانی لەخوێندن دەیگرێتەوە، کەئەمانیش کەمیان دەیانگرێتەوە، چونکە زۆریان لەخوێنندندانو دەیانەوێت بەساڵێک دوو پۆل ببڕن، بەڵام لەشارۆچکەی ژاراوە قوتابخانەی تایبەت هەیەو ساڵی رابردوو تەنیا بۆ کچان بوو، ئەمساڵ پۆلێکیش بۆ کوڕان دەکەینەوەو دەتوانن بچنە ئەوێ».



---

## خوێندکارانی هەڵەبجە: بەردەوامدەبین لەمانگرتن

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بەهۆی دانەمەزراندنیانەوە ١٧٠ خوێندکاری دانیشتووی هەڵەبجەی شەهید کەدەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانن، لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان مانیانگرتووەو داوای دامەزاندن لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن، هەڕەشەی بەردەوامبوون بەمانگرتنەکەشیان دەکەن.

کاروان فاروق یەکێکە لەخوێندکارە مانگرتووەکانی هەڵەبجە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان وتی «دووساڵە زانکۆم تەواوکردووەو تائێستا دانەمەزراوم، ئەگەر ئێمە دانەمەزرێنن، ئەوا بەردەوامدەبین لەمانگرتنو بەردەم پەرلەمان بەرنادەین».

وەزارەتی پەروەردە ئەمساڵ بەتەنیا دەرچووانی کۆلێژی بنەڕەتیو پەیمانگاکان دادەمەزرێنێت، لابەلاش چەندان خوێندکاری بەشی تر بەواسیتەو خزمخزمێنە دامەزرێنراون.

ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «ئەو خوێندکارانە هەقی خۆیانە دابمەزرێن، بەڵام لەماوەی ئەمساڵدا تەنیا دەتوانین ٣٢٠٠ خوێندکار دابمەزرێنین، بەو مەرجەی دەبێت ئەو قوتابیانە دەرچووی کۆلێژی بنیات یان مەڵبەندی مامۆستایان بن، نەک کۆلێژیان تەواوکردبێتو داوای دامەزراندن لەئێمە بکەن».

عومەر نورەدینی سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان بەدەستووری وت «لەپەرلەمانی کوردستان کارئاسانیمان بۆ کردوونو نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتو وەزارەتی پەروەردە کردووە بۆ دامەزراندنی ئەو خوێندکارانە، بەڵێنی ئەوەمان پێداون کە لەئەمساڵدا دایانبمەزرێنین».



---

## حەوت مانگە ٥٣ مامۆستا چاوەڕوانی رێزو سوپاسێکن

فەرمان چۆمانی رانیە

بەشی چالاکی وەرزشیو دیدەوانی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیە، بەسێ نووسراوی جیا داوای رێزو سوپاسی بۆ مامۆستایانی وەرزشی سنوورەکەی کردووە، بەڵام تائێستا لەلایەن پەروەردەی سلێمانییەوە وەڵام نەدراونەتەوە.

بەشی چالاکی وەرزشیو دیدەوانی پەروەردەی رانیە بەنووسراوەکانی ژمارە ٩ و ١٠ لەبەرواری ١٨-٣-٢٠١٠ داوای رێزو سوپاسو پێشخستنی بۆ ٢٣ مامۆستاو هەروەها بەنووسراوی ژمارە ١٣ لەبەرواری ٨-٥-٢٠١٠ هەمان داوای بۆ ٣٠ مامۆستای وەرزشی کردووە، بەهۆی ماندووبوونیان لەسەرپەرشتیکردنی چالاکییە وەرزشییەکان لەسەر ئەرکی خۆیان، بەڵام تائێستا هیچ یەکێک لەو مامۆستایانە رێزو سوپاسیان وەرنەگرتووە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، لەلایەن پەروەردەی رانیە رەزامەندی لەسەر دراوەو بەسێ نووسراو بەژمارەکانی ٢٤٨٢و ٢٤٨٣ لەبەرواری ٢٤-٣-٢٠١٠، نووسراوی ژمارە ٤٣٤٤ لەبەرواری ١٠-٥-٢٠١٠ نووسراوەکان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کراوە، بەڵام لەوێ وەڵام نەدراونەتەوە.

مامۆستا جەزا بەرپرسی بەشی خۆیەتی پەروەردەی سلێمانی، بەدەستووری وت «رێزو سوپاس بەردەوام هەیەو ئەگەر لەپەروەردەی خۆیان رەزامەندی لەسەر درابێتو دەرچووبێت، ئێمە کردوومانە، بەڵام لەبەر زۆری رێژەی فەرمانبەرانی سەر بەپەروەردەکەمان رەنگە نەزانین کامانەن ئەوانە، بۆیە دەکرێت سەردانمان بکەن».

# بە بەڵێنی دەرپەڕاندنی ئەمریکا، مالیکی پشتگیری ئێرانو سوریاو حیزبوڵڵای بەدەستهێناوە

## بەرپرسانی باڵای عێراق هەوڵەکانی ئێران بەهاوکاری سوریاو حیزبوڵڵای لوبنانیو ئایەتووڵاکانی شیعە ئاشکرادەکەن، بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کەدژی ئەمریکا بێت

مارتن چۆلۆف لەبەغداد
و: مەریوان حەمەسەعید

ئێران ڕێککەوتنێکی لەگەڵ دراوسێکانیدا کردووە، بۆئەوەی دەوڵەتێکی دۆستی ئێران لەعێراقدا پێکبهێنرێت، ئەم هەنگاوەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەدەوڵەتی عێراق بەشێوەیەکی زۆر خێرا لەژێر هەژموونی ڕۆژئاوا بچێتەدەرەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، حکومەتی تاران ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەسازدانی نوری مالیکیو موقتەدا سەدردا. ئەو ڕێککەوتنە، کەهەریەک لەسوریاو حیزبوڵڵای لوبنانیو بەرزترین دەسەڵاتی شیعە تێیدا بەشداربوون، بووەتەهۆی ئەوەی کەمالیکی باشترین چانسی هەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق.

هەروەها واشدەکات کەئێران ببێتە ڕکابەرێکی بەهێزی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لەکاتێکدا کەئەمریکا چاوەڕوانە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا لەسەربازییەوە بۆ شەراکەتی مەدەنییانە بگۆڕێت.

چەندان بەرپرسی باڵای عێراق وردەکاری هەوڵەکانی پشت پەردەی ئێران ئاشکرادەکەن کە لەسەرەتای مانگی ئەیلولەوە دەستیانپێکردووە.

هەوڵەکانی ئێران لەو کاتەدا دەستیانپێکرد کەدوایەمین یەکەی شەڕکەری سەربازی ئەمریکی لەعێراقدا پاشەکشەیان دەکرد. پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا بۆشاییەکی سیاسی لەعێراقدا بەجێهێشت، کە لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئازاردا کەئەنجامەکەی نەبوونی حکومەتو پەرلەمانێکی لێکترازاوە.

بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەلێدوانیانداوە بۆ ڕۆژنامەی گاردیان، ئێرانییەکان درکییان بەو چانسە کردو قۆستییانەوە.

یەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکانی گاردیان بەڕۆژنامەکەی وتوە، "هەتا (کاتی کشانەوە) ئێرانییەکان دانیان بەخۆداگرت، بەڵام بەنیازیش بوون کەلێنەگەڕێن ئەمریکییەکان بە لەخۆڕازیبوونەوە پاشەکشەبکەن."

هەر چەند ڕۆژێک دوای کشانەوەی ئەمریکا، ئێرانییەکان بەموقتەدا سەدریان وت کە بەهەڵوێستی خۆی لەدژایەتیکردنی مالکیدا بچێتەوە. ڕەوتی سەدر نزیکەی ٤٠ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناوەو ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەپێکهێنانی هەر حکومەتێکی نوێی عێراقیدا.

یەکەم هەوڵدانیش بۆ ڕازیکردنی موقتەدا سەدر لەڕێی ئایەتوڵڵا کازمی حائیری، ڕابەری ڕۆحی سەدرییەکانەوە بوو. بەنیسبەت موقتەدا سەدرەوە، لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا ئایەتوڵڵا حائیری ڕوڵی ڕابەرو مامۆستای هەبووە بۆی.

یەکێک لەبەرپرسە ئاگادارەکان لەمەسەلەکە، وتی، "موقتەدا نەیتوانی داواکەی ئایەتوڵڵا حائیری ڕەتبکاتەوە. پاش ئەوە ئێرانییەکانیش خۆیان لەمەسەلەکەوە گلان."

چەند ڕۆژێک پاش هەوڵەکانی ئێران، لەعێراقیشدا جموجوڵ دەستیپێکرد. بەدرێژایی مانگی ئەیلول، مالیکی چەند جارێک بەرپرسی ستافەکەیو عەبدلوحەلیم زوهەیری، گەورە بەرپرسی حیزبی دەعوەی نارد بۆ قوم بۆ بینینی موقتەدا. بەپێی سەرچاوەکانی ڕۆژنامەی گاردیان، لەقوم موحەمەد کەوسەرانی، گەورە بەرپرس لەحیزبوڵڵای لوبنانو جەنەراڵ قاسم سولەیمانی، سەرکردەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران لەگەڵ وەفدەکەدا چاویان بەموقتەدا کەوتووە.

لەماوەی سێ هەفتەی دوای ئەوەشدا، مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران، لەڕێگای ڕۆشتنی بۆ نیویۆرک بۆ پێشکەشکردنی وتارێک لەنەتەوە یەکگرتووەکان، لەفڕۆکەخانەی دیمەشق لایداوەو چاوی بە بەشار ئەسەد، سەرۆکی سوریا، کەوتووە.

لەدوای کۆبوونەوەیەکی دوو سەعاتی، بەشار ئەسەد هەڵوێستی بەرانبەر بەمالیکی گۆڕاوە. نزیکەی ساڵو نیوێک بەشار ئەسەدو نوری مالیکی قسەیان لەگەڵ یەکتر نەکردبوو پاش ئەوەی کەمالیکی سوریای تاوانبارکرد بەداڵدەدانی تیرۆریستان. هەروەها هەر لەو ماوەیەشدا هەردوو وڵات باڵوێزی خۆیان کشاندەوە.

پاش ئەوانە، موقتەدا سەدر پشتگیری خۆی بۆ مالیکی ڕاگەیاندو یەک ڕۆژ دوای ئەوەش بەشار ئەسەد گەیشتە تاران. جگە لەمانەش، باوەڕوایە کەهەریەک لەئایەتوڵڵای عوزما عەلی خامنەییو حەسەن نەسروڵڵا سەرکردەی حیزبوڵڵای لوبنانی پاڵپشتیان کردبێت لەو هەنگاوەی سەدر بۆ پەسەندکردنی مالیکی بۆ گرتنەوەدەستی دەسەڵات.

بەپێی سەرچاوەکان مەسەلەی کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا لەپاش ڕێککەوتننامە ئەمنییەکەی نێوان عێراقو ئەمریکا، جێی بایەخی حەسەن نەسروڵڵا بووبێت.

یەکێک لەسەرچاوەکان وتی، "مالیکی پێیووتن کەئەو هەرگیز ڕێککەوتننامەکە نە درێژدەکاتەوە نە تازەی دەکاتەوەو هەرگیز هیچ بنکەیەکیش نادات بەئەمریکییەکان یان بەریتانییەکان لەدوای کۆتایی ساڵی داهاتوودا."

مەسەلەی شێوازی پەیوەندی ئەمریکاو عێراق لەو باسانەیە کەهێشتا جێگای دانوستاندنی نێوان عێراقو ئەمریکایە. باوەڕوایە کەحکومەتی ئەمریکا بخوازێت کە بەلایەنی کەمەوە یەک بنکەی سەربازی لەعێراقدا بهێڵێتەوە، بۆئەوەی کەبتوانێت وەک کارتێکی ستراتیژی لەناوچەکەدا بەکاریبهێنێت.

بەرپرسانی ئەمریکا ڕایانگەیاندووە کەئەگەر سەدرییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لەهەر حکومەتێکی عێراقدا، ئەوا ئەوان چاو بەپەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو حکومەتەدا دەگێڕنەوە.

ئاشکرابوونی ئەم زانیارییانە لەکاتێکدایە کەڕۆڵی دیپلۆماسییانەی ئەمریکا لەعێراقدا لەدوای هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازارەوە کەوتووەتە ژێر ڕەخنەی توندەوە. سەرەتا ئەمریکا سەرسەختانە پاڵپشتی لەمالیکی دەکرد بۆ گرتنەوەدەستی حوکم، بەڵام دواتر هەڵوێستی گۆڕیو داوای حکومەتی شەراکەتی کرد، ئەمەش بووەهۆی بەهێزکردنی ئەیاد عەلاوی کەزۆرترین کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

ئوسامە نوجەیفی، لەلیستی عەلاوی، وتی، "سیاسەتی ئەمریکا لەناو عێراقدا ڕێگەی بۆ داگیرکاری ئێران خۆشکردووە. ئێستا ئەمریکییەکان لەعێراق دەکشێنەوەو وادەردەکەوێت کەهەموو کردەوەکانیان لەسەرەتای هاویندا بۆ هێورکردنەوەی ئێران بوو. ئەمە دەبێتەهۆی دروستکردنی کارەسات لەناوچەکەدا، نەک تەنیا بۆ عێراق، بەڵکو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش. ئێستا ئێمە لەژێر داگیرکاری ئەمریکاوە دەچینە ژێر داگیرکاری ئێران."


یەکێک لەگەورە بەرپرسانی ئیدارەی ئۆباما وتی، "عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەری خۆیەتیو ئێمە نابینە بەشێک لەو گفتوگۆیانە. دەربارەی ئاستی هەوڵدانی وڵاتانی دراوسێ بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی بونیادنەر، ئەوە شتێکە ئێمە پێشوازی لێدەکەین. پێداگری دەکەم لەسەر وشەی "بونیادنەر". مەسەلەکە دەربارەی دەستوەردان لەکاروباری عێراق نییە، بەڵکو جۆری دەستوەردانەکەیە. ئەگەر ڕوخێنەربێت، ئەوا ئێمە سەرکۆنەی دەکەین."


دەربارەی چارەنووسی هێزەکانی ئەمریکا لەدوای کۆتایی ٢٠١١، بەرپرسە ئەمەریکییەکە وتی، "هەر چالاکییەک لەگەڵ عێراقدا لەبارەی هێزەکانەوە لەسەر داوای حکومەتی عێراق دەبێت. هیچ پلانێک نییە بۆ هێشتنەوەی هێز لەدوای کانوونی یەکەمی ٢٠١١دا. ئێمە هێزەکانمان کەمدەکەینەوەو هەموو هێزەکانیشمان لەعێراق دەکشێنینەوە."


بەڵام هەڵوێستی نافەرمی حکومەتی ئەمریکا جیاوازە، واشنتۆن دەیەوێت پاش کۆتایی ٢٠١١ هێزێک لەعێراق بهێڵێتەوە، ئەمە جگە لەبنکەیەکی سەربازی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی لەحاڵەتێکدا ئەگەر بارودۆخی عێراق ناجێگیربوو، هەروەها بۆ سنووردانانیش بۆ هەژموونی ئێران.

**ڕۆژنامەی گاردیان**












## پرۆفایل

ئا: هیوای سەلیمی



### ئایەتووڵڵایەک کە بەخیانەت لەشیعە تۆمەتبارکرا

### ئایەتووڵڵا سەید محەمەد حسێنی فەزلوڵڵا... بیروبۆچوونە نوێگەرییەکانی جیهانی شیعە دژی وەستانەوە

سەید محەمەد حسێنی فەزلوڵڵا ساڵی ١٩٣٥ لەبنەماڵەیەکی ئاینیی شاری نەجەف لەدایکبوو. باوکی ناوبراو سەید عەبدولرەئووفی فەزلوڵڵا لەمەرجەعە ناسراوەکانی شیعە لەعێراقو لوبنان بووەو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بنەماڵە ناسراوە شیعەکاندا هەبووە.

ئایەتووڵڵا فەزلوڵڵا لەمنداڵیدا نێردرایە قوتابخانەو دوای چەند ساڵ خوێندنی سەرەتایی لە ٩ ساڵیدا دەستیدایە خوێندنی ئاینیی. ناوبراو لەلای کۆمەڵێک مامۆستای ئاینیی ناسراوی وەک باوکی، شێخ موجتەبا لەنکەرانی، سەید ئەبولقاسمی خویی، سەید موحسینی حەکیمو سەید محەمەد باقری سەدرو چەندان مامۆستای ئاینیی دیکە خوێندنی ئاینیی درێژەپێدا.

ئایەتووڵڵا سەید محەمەد حسێنی فەزلوڵڵا لەتەمەنی گەنجیەتیدا لەپاڵ خوێندنی ئاینیی دەستیدایە چالاکی فەرهەنگیو سیاسیو تەنانەت لەبواری شیعرهۆنینەوەدا سێ دیوانی شیعری لەدوای خۆی بەجێهێشت.

هەر لەو دەورانەدا لەگەڵ سەید محەمەد باقری سەدرو چەندان کەسایەتی ئاینیی دیکە گۆڤارێکیان بەناوی جەماعەی عولەما دەرکردو دەستیاندایە چالاکی فەرهەنگیو سیاسی. لەگەڵ سەید محەمەد باقری سەدر بەردی بناغەی چەندان ڕێکخراوی سیاسیی شیعەو لەهەموویان گرنگتر حیزبی دەعوەیان دامەزراند. لەو سەردەمەدا سوننەکانی عێراق خاوەنی چەندان ڕێکخراوی وەک حیزبی تەحریرو ئیخوان بوونو لەسەردەستی محەمەد باقری سەدرو ئایەتووڵڵا فەزلوڵڵا حیزبی دەعوەیان دامەزراند کە تا ئێستاش چالاکە.

ئایەتووڵڵا فەزلوڵڵا دواتر وەک مەرجەعێکی ناسراوی شیعە ناوبانگی دەرکردو بەشێکی زۆر لەموسڵمانانی شیعەی عێراقو لوبنان ناوبراویان وەک مەرجەعی خۆیان هەڵبژارد.

سەید محەمەد حسێنی فەزلوڵڵا خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ بەرهەمی نووسراوەو گرنگترینیان بریتین لە: من وحی القران، الحوار فی القران، المسائل الفقهیه، الفتاوی الواحه، الحرکه الاسلامیه هموم و قزایا، المرجعیه و حرکه الواقع.

ئایەتووڵڵا فەزلوڵڵا بۆ جاری دووەمو لەساڵی ١٩٦٦ بۆ لوبنان گەڕایەوەو لەو وڵاتە نیشتەجێ بوو. لەلوبنان بەشێوەیەکی زۆر چالاک دەستیدایە هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتیو کلتووریو تەنانەت چەندان دامەزراوەی ئیسلامیی لەو وڵاتەدا دامەزراند. گرنگترینی ئەو ناوەندە ئاینییانە قوتابخانەی المعهد الشرعی الاسلامی بوو کە بەشێکی زۆر لەڕابەرانی ئێستای حیزبوڵڵای لوبنان لەو قوتابخانەیەدا پەروەردەبوون.

زۆربەی ئەو گەنجانەی لەبەرەنگاری باشووری لوبنان لەدژی سوپای ئیسرائیل وەستانەوە ئایەتووڵڵا فەزلوڵڵایان بەمەرجەعی ڕۆحی خۆیان دەزانی، بەڵام ناوبراو هیچ کات لەناو ڕێکخراوی حیزبووڵڵای لوبناندا بەشێوەی ڕاستەوخۆ چالاکی نەدەکرد.

لەمیانەی تەقینەوەی بنکەی فەرماندەیی سوپای ئەمریکاو فەڕەنسا لەلوبنان ئایەتووڵڵا فەزلوڵڵا وەک تۆمەتبار ناسێنرا، بەڵام ناوبراو چەندان جار ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند کەهیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە. دواتریش جارێک ڕفێنراو چوار جاریش کەوتە بەر پەلاماری تیرۆریستی، بەڵام هەموو جارێک لەمردن ڕزگاری دەبوو. ئایەتووڵڵا فەزلوڵڵا کەوتە ناو لیستی تیرۆری ئەمریکاوەو ئەویش یەکێک لەتوندترین ڕەخنەگرەکانی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بوو.

ئایەتووڵڵا سەید محەمەد حسێنی فەزلوڵڵا لەسەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ پشتیوانی لەکۆماری ئیسلامیو ئایەتووڵڵا خومەینی کرد، بەڵام لەساڵەکانی دواتر پەیوەندییەکانی ناوبراو لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی کەمتربووەوەو تەنانەت بووە ڕەخنەگرو نەیارێکی حکومەتی ئێرانو حیزبووڵڵای لوبنان.

فەزلوڵڵا پێش مردنی لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی واڵ ستریت جۆرناڵ وتی بۆچوونی ئەو لەگەڵ تیۆری ویلایەتی فەقیهدا ناتەبایە، هەربۆیە ناتوانێ لەو بارەیەوە ڕۆڵێک لەلوبناندا بگێڕێت.

ئایەتووڵڵا فەزلووڵڵا خاوەنی بیرکردنەوەیەکی جیا لەڕابەرانی دیکەی شیعە بووە، هەربۆیە زۆر لەلێدوانەکانی لەسەر ئایین هەرای لێکەوتەوە. ناسراوترینی ئەوانە ئەوەبوو کەڕایگەیاند شکاندنی پەراسوی حەزرەتی فاتیمە لەلایەن عومەری بنی خەتاب ئەفسانەیەو هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەبەشێک لەشیعەکان تەکفیری بکەنو بەخائین ناوزەندی بکەن. لەگشتییەتی خۆیدا مەرجەعێکی کراوە بووەو تەنانەت لەپرسی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو بڕوای بەتیۆرە پێشووە ئاینییەکان نەبووە.

سەرەنجام ئایەتووڵڵا سەید محەمەد حسێنی فەزلوڵڵا لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا لەساڵی ٢٠١٠ لەبەیروتی پایتەختی لوبنان بەهۆی نەخۆشی گیانی لەدەستدا.



# نەژاد تەحەدای جیهانی کرد

## پێدەچێ سەردانەکەی نەژاد بۆ لوبنان شەڕی ناوخۆیی‌و ئاڵۆزی زیاتری لێبکەوێتەوە

هیوا سەلیمی

بەدوای سەردانەکەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری ئێران کەدەنگدانەوەیەکی میدیایی بەرچاوی لێکەوتەوە، هەردوو وڵاتی ئەمریکاو ئیسرائیل نیگەرانی خۆیان لەو سەفەرە دەربڕی.

لەهەمان کاتدا باس لەوە دەکرێ نەژاد ویستی بەنیشاندانی پشتیوانی شیعەکان لەحکومەتی ئێران پرۆسەی دۆسییەی تیرۆری رەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان بەلاڕێدابەرێت کەپێدەچێ حیزبوڵڵای لوبنان وەک تۆمەتباری سەرەکی ئەو تیرۆرە دەستنیشانبکرێت.

ئەوە جگە لەوەی کەئەم سەردانەی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ لوبنان چەندان هەڕەشەی تیرۆریستی بۆ ئەو وڵاتە بەشوێنەوە بووەو کارناسانیش باس لەوە دەکەن کەدوای سەردانەکەی نەژاد پێدەچێ ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی بڕوات.

**سەفەرە دوو رۆژەکەی ئەحمەدی نەژاد چەندان کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی لێکەوتەوە**

بەیانی رۆژی چوارشەممە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری ئێران هاوڕێ لەگەڵ وەفدێکی ئێرانی کەپێکهاتبوون لەمیرتاج ئەدینی جێگری سەرۆک کۆمار، موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران، موسڵەحی وەزیری ئیتلاعاتی ئێران‌و چەندان بەرپرسی باڵای دیکەی ئێرانی گەیشتنە بەیروتی پایتەختی لوبنان‌و لەناو ئاپۆرەی جەماوەریی شیعەکانی ئەو وڵاتەدا لەفرۆکەخانەی بەیروت هاتنەدەرەوەو پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا. ئەو سەفەرە دوو رۆژە لەسەر بانگهێشتی بەرپرسانی سیاسیی حکومەتی لوبنان هاتبووەئاراوە، بەڵام شیعەکان بەردەنگی سەرەکی ئەو سەفەرە بوون.

نەژاد لەیەکەمین دیدارەکانیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان ئەنجامداو دواتر لەچەندان کۆبوونەوەی جەماوەری لەباشووری لوبناندا کەشوێنی نیشتەجێبوونی شیعەکانە، وتاری پێشکەش بەئامادەبووان کرد. سەرۆک کۆماری ئێران دیدارێکی نهێنی لەگەڵ حەسەن نەسرووڵڵا رابەری حیزبووڵڵای لوبنان پێکهێناو چەندان شوێنی دیکەی وەک زانکۆی لوبنان بەسەرکردەوە.

**دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتەوە**

سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ لوبنان وەک بۆمب تەقیەوەو دەنگدانەوەی ناوچەیی‌و جیهانی لێکەوتەوە. لەهەفتەیەک بەر لەسەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ لوبنان هەتا ئێستاش هەواڵ‌و لێکدانەوەی ئەو سەفەرە لەریزی پێشەوەی هەموو هەواڵەکانە.

ئەو بەشە لەمیدیاو ناوەندە سیاسییەکانی ناوچەکە کەدژایەتی پەرەپێدانی نفوزی ئێران لەلوبنان دەکەن، لەبەرنامەکانی سەفەری ئەحمەدی نەژاد بەتوندی رەخنەیان گرت‌و رایانگەیاند کەئەحمەدی نەژاد دەیەوێ بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی لوبنان ئاڵۆزتر بکات، هاوکات باڵیۆزخانەی ئێران لەلوبنان بەشێک لەراپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ناوچەکەی رەتکردەوەو خودی ئەحمەدی نەژادیش بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانی وڵاتانی عەرەبی بەر لەسەفەرەکەی لەرێگەی تەلەفۆنەوە گفتوگۆی لەگەڵ رابەرانی سعودییەو ئەردەن کردبوو.

تا ئێستاش لێکدانەوەی ئەو سەفەرە بەردەوامەو دەکرێ بووترێ کەسەفەرە دوو رۆژەکەی نەژاد هەرایناوەیەوە.

**ئیسرائیل‌و ئەمریکای نیگەرانکرد**

هاوکات لەگەڵ سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ لوبنان هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئێرانی لەهەرچەشنە هەوڵدانێک بۆ لەرزۆککردنی دەسەڵاتی نەتەوەیی لوبنان ئاگادارکردەوەو رایگەیاند کەئەمریکا بەتوندی دژایەتی ئەو مەسەلەیە دەکات.

لای خۆشیەوە ئیسرائیل سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژادی بۆ لوبنان بەنیشانەیەک لەگۆڕانی لوبنان بۆ وڵاتێکی توندڕەو وەسفکرد. هەروەها ئاماژەشیان بەوەکرد کەبەو سەفەرە، لوبنان گرێدراوبوون بەئێرانی پڕکردەوەو ئەوەش بۆ داهاتووی ناوچەکە مەترسیدارە.

**ئامانجەکانی سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد کامانەبوون؟**

سەردانی بەرپرسانی سیاسیی وڵاتانی جیهان بۆ لای یەکتر ئاساییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتی لوبنان‌و هەروەها بوونی باگگراوندێکی مێژوویی‌و دژایەتی دوو وڵاتی لوبنان‌و ئیسرائیل سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد هەستیارو جێگەی لێکدانەوەیە.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی هەدسۆن نیویۆرکی ئەمریکی لەسەرەتادا باس لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکانی حکومەتی ئێران‌و حیزبووڵڵا دەکات‌و لەوبڕوایەدایە کەحیزبووڵڵا ویستی لەرێگەی جۆشدانی جەماوەریی شیعەکان‌و نیشاندانی پشتیوانی شیعەکان لەحکومەتی ئێران، پرۆسەی دۆسییەی تیرۆری رەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان بەلاڕێدابەرێت.

رەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان لەساڵی ٢٠٠٥ لەرێگەی چاندنی بۆمبەوە هاوڕێ لەگەڵ ٢٠ کەسی دیکە تیرۆرکرا. رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دواتر دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆسییەیە راسپاردو پێدەچێ بەشێک لەئەندامانی حیزبووڵڵای لوبنان بەکوشتنی حەریری تۆمەتباربکرێن.

بەپێی راپۆرتەکەی ناوەندی هەدسۆن لەداهاتوویەکی نزیکدا دادگای نێودەوڵەتی حیزبووڵڵا وەک تۆمەتباری سەرەکی دەناسێنێت‌و ئێران‌و حیزبووڵڵا بەم هەرانانەوە ویستیان سیگناڵێک بۆ لایەنە رۆژئاواییەکان‌و دادگای نێودەوڵەتی بنێرن.

بەشێکی دیکە لەچاودێرانی سیاسیی ناوچەیی‌و جیهانی ئاماژەبەوەدەکەن کەیەکێکی دیکە لەئامانجە گرنگەکانی ئەو سەفەرە، بەلاڕێدابردنی رای گشتیی جیهانی لەسەر دۆسییەی ئەتۆمی ئێرانە. ئەوان پێیانوایە کەهەڵخراندنی هەستی دژایەتیکردنی ئیسرائیل لەناو شیعەکانی لوبنان‌و دروستکردنی بشێوی‌و ئاڵۆزیی لەلوبنان، دەتوانێ پرسی ئەتۆمی ئێران پەراوێزبخات‌و دەستی ئێران لەدرێژەدان بەستراتیژییە ئەتۆمییەکان ئاوەڵاتر بکات.

هاوکات سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ لوبنان‌و پێشوازیی گەرمی شیعەکانی ئەو وڵاتە لەسەرۆک کۆماری ئێران، چرکەساتێک لەنیشاندانی شەڕی ئایدۆلۆژی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لەلایەکەوە یەکگرتوویی جیهانی شیعەی بەچاوی سوننەکانی ناوچەکە دایەوەو لەلایەکیتریشەوە درێژەی شەڕی شاراوەی ئەمریکاو ئێرانی لەناوچەکە نمایشکرد. گۆشەیەکی بچوک لەشەڕ کە بەقازانجی ئێرانەو ئێران توانی لەو رێگەوە بێهودەبوونی پلانە سیاسییەکانی ئەمریکا لەلوبنان‌و بەگشتیی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشانبدات.

ئێران لەوڵاتی لوبنان نەیاریشی زۆرە، بەڵام پێشوازییەکان لەسەرۆک کۆماری ئێران هێندە بەربڵاو و شکۆدار بوو کەدەنگی ناڕازی نەیارانی شاردەوەو ئێران توانی لەو بەرەیەشدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

لەساڵی ٢٠٠٦و لەمیانەی جەنگی ئیسرائیل‌و حیزبووڵڵا حکومەتی ئەو سەردەمەی ئەمریکا مزگێنی کۆتایهاتن بەقەیرانەکان‌و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ژیان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دا، بەڵام پێدەچێ ئەمریکا زۆر سەرکەوتوو نەبووبێت. ئێستا ئێران هاوشێوەی ئەمریکا دەیەوێ لەسەر زەمینەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری زیاترو چالاکی زیاتر بکات، کارێک کە لەروانگەی دابەشکردنی ناوچەکە بەرەش‌و سپی سەرچاوەدەگرێت‌و ئەوەش خۆی لەخۆیدا قەیران‌و ئاڵۆزی زیاتر بەرهەمدێنێت.

بەبڕوای بەشێک لەپسپۆڕانی بوارەکە، ئەحمەدی نەژاد بەو سەفەرەی جیا لەشاردنەوەو دوورکەوتنەوە لەقەیرانە ناوخۆییەکانی حکومەتی ئێران، ویستی بچێتە جەنگی بەرەیەکی دیکە، کەئەویش شێواندنی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەیەو لەداهاتووشدا بەباشی کاریگەرییەکانی ئەو هەوڵە ئاشکرادەبێت. سەرۆک کۆماری ئێران لەو روانگەوە ویستی نیشانبیدات کەئێران سەرەڕای هەموو ئابڵوقە نێودەوڵەتییەکان هێشتا لەپەراوێزدا نییەو فشارە نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان دانەناوەو ئێستاش دەتوانێ لەرێگەی فاکتەری جەماوەرییەوە هاوکێشەکان بگۆڕێت.

هەوڵەکانی بەرپرسانی سیاسیی لوبنان بۆ نیشاندانی ئاساییبوونی سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد دەسکەوتێکی نەبوو، لەبەرئەوەی کەچاوپێکەوتن لەگەڵ رابەرانی حکومەتی لوبنان لەپەراوێزی سەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاددا بوو، بەردەنگی سەرەکی سەفەرەکەی نەژاد شیعەکان بوون‌و حیزبووڵڵای لوبنان.

**ترس لەدروستبوونی توندوتیژی لەمانگەکانی داهاتوودا**

سەفەرەکەی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ لوبنان هاوکات بوو لەگەڵ قەیرانە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە. لەچەند هەفتە لەوەوپێشەوە لەسەر دادگای نێودەوڵەتی رووداوی تیرۆری رەفیق حەریری لەلوبناندا مشتومڕێکی بەرفراوان لەئارادایە. چاودێران لەوبڕوایەدان کەناکۆکی نێوان لایەنەکان قۆناغێکی نوێ لەتوندوتیژی دێنێتەئاراوە. ئەو قەیرانە بۆ لوبنانییەکان بیرهێنەرەوەی رووداوە تاڵەکانی رابردووی ئەو وڵاتەیە کەجەنگی سەرشەقامی ٢٠٠٨ی لێکەوتەوە. لێکۆڵەری ناسراو پاوڵ سالم لەوبڕوایەدایە کە لەهەفتەکانی داهاتوودا قەیرانەکانی لوبنان دەتەقێنەوەو رووداوێکی دیکە بەشوێن خۆیدا دێنێت. ئەگەر حەریری لەژێر کاریگەری ئێران خواستەکانی حیزبووڵڵا لەبارەی دەستکاریکردنی بڕیارەکانی دادگا قبوڵبکات، ئەو کاتە پشتیوانی سوننەکان لەدەستدەدات.

بەوتەی زۆربەی لێکۆڵەران سەفەرەکەی سەرۆک کۆماری ئێران دەتوانێ فشارەکان بۆسەر حکومەتی سەعد حەریری بۆ پاشگەزبوونەوە لەلێکۆڵینەوەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە تیرۆری باوکی زیاتربکات.

عاش جین راوێژکاری پێشووی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلێدوانێکدا بۆ واشنتۆن تایمز وتی "بەبڕوای من بەتەواوی ئاشکرایە کەسەفەرەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ پشتیوانی لەرێکخراوی حیزبووڵڵایە بۆئەوەی لەکەمپینی حیبزووڵڵا لەدژی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان دەستێکی باڵا پەیدابکەن."

لەلایەکیترەوە ئاماژە بەوە دەکرێ، سەفەرەکەی نەژاد کەبەردەوام داوای سڕینەوەو لەناوبردنی ئیسرائیل دەکات، بەچەشنێک وروژاندن‌و گەمەکردن بەحکومەتی ئیسرائیلیش بووبێت. ئیسرائیل سنووری هاوبەشی لەگەڵ لوبناندا هەیەو تەنانەت ئەندامێکی توندڕەوی پەرلەمانی ئیسرائیل پێشنیازی کردبوو کە لەئەگەری نزیکبوونەوەی ئەحمەدی نەژاد لەسوپای ئیسرائیل لەسەر سنوور تەقەی لێبکرێت‌و لەناوببرێت.

لەساڵانی رابردوودا بەردەوام باس لەوەکراوە کەئێران لەرێگەی سوریاوە چەکو تەقەمەنی بۆ حیزبووڵڵا هەناردەکات تا شارەکانی ئیسرائیل بکاتە ئامانج. تەنانەت چەند مانگ لەمەوبەر باس لەوەکرا کەئێران لەرێگەی سوریاوە مووشەکی سکادی بۆ حیزبووڵڵا ناردووە. هەربۆیە ئێستا زۆر کەس‌و لایەن پێیانوایە کەئێران، لوبنانی کردووەتە مەترێزی سەرەتا لەئەگەری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل‌و بەو سەفەرەی ئەحمەدی نەژاد هەموو پلانەکانی حکومەتی ئێران لەوبارەیەوە یەکلاییکرایەوە.

مەترسییەکانی سەفەرەکەی سەرۆک کۆماری حکومەتی ئێران بۆ لوبنان زیاتر لەهەر لایەنێک خودی لوبنانییەکان دەگرێتەوەو سەفەرەکەی نەژاد جیاوازە لەسەفەری بەرپرسانی سیاسیی وڵاتانی دیکە. شارەکانی باشووری لوبنان لەدوای جەنگە ماڵوێرانکەرەکەی ٢٠٠٦ لەلایەن حکومەتی قەتەرەوە نۆژەنکرانەوە، رێگاوبان‌و جادەکانی ئەو ناوچەیە بەپشتیوانی کوەیتییەکان دروستکرانەوە، چەندان ملیار یارمەتی سعودییە بووە هۆکاری دانەبەزینی لیرەی لوبنانی، بەڵام حکومەتی ئێران زۆرتری سەرمایەگوزارییەکەی لەکەرتی سەربازی‌و پڕچەککردنی حیزبووڵڵای لوبنان بووە. هەربۆیە سەرۆک کۆماری ئێران لەلوبناندا بەئاشکرا وتی کەلوبنان بەرەکانی یەکەمی بەرەنگاری ئێران لەبەرانبەر ئیسرائیلە.

لوبنان بۆ چەندان ساڵە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئێران لەناوچەکەو بەتایبەت لەبەرانبەر ئیسرائیلدا دەکات، هەربۆیە سەفەرەکەی نەژاد لەهەموو سەفەرە دیپلۆماتیکەکانی دیکە جیاوازترەو گەورەترین زیانیش لەداهاتووی لوبنان‌و بەتایبەت خەڵکی باشووری ئەو وڵاتە دەدات.







سەردانەکەی نەژاد... درێژەی شەڕی شاراوەی ئەمریکاو ئێرانی لەناوچەکە نمایشکرد

# بەکارهێنانی شێوەزاری بادینی بەپێی چ بڕگەیەک نادەستوورییە؟!

## وەڵامێک بۆ پەرلەمانتاری کۆن "ڕەئووف عوسمان" و مامۆستای زانکۆ "محەمەد مەحوی"



کاتێک کەسانێکی دوژمن هەڵوێستێکی چەند توند بەرانبەر مرۆڤ بەکاربێنن، دەتوانین بەشتێکی ئاسایی لەقەڵەمبدەین‌و وەڵامیشییان نەدەینەوە، چونکە بینیاتی ئەو لایەنە لەسەر نەزانین‌و دژایەتیکرن هاتووەتە پێکهێنان، بەڵام کاتێک کەسێک لەناو میللەتەکەت هاوشێوەی دوژمنەکانت بیربکاتەوە، پێویستە لێی بێیە وەڵام.

ئەوەی جێی سەرنجە لەهەفتەنامەی دەستوور ژمارە (٥٣) دوو کورد کەیەکێکیان پەرلەمانتارە بەناوی "ڕەئووف عوسمان" و ئەوی تریان مامۆستای زانکۆیە بەناوی (محەمەد مەحوی) لەسەر بەدواداچوونێکی پەیامێنری هەفتەنامەی دەستوور، بەشێوەیەک بەکارهێنانی شێوەزاری بادینی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە بە نایاسایی داوەتە زانین کەمروڤ هەستبکات زمانی "چینی" هاتووەتە بەکارهێنان‌و تاوانێکی گەورە ئەنجامدراوە، دەمەوێ بۆ ئەو هەردوو کوردە ڕوونبکەمەوە لەسەر قسەی ئەوان کەشێوەزاری سۆرانی زمانی فەرمیی کوردستانە، تا ئێستا نە لەلایەن پەرلەمان‌و نە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بڕیارێکی فەرمی دەرنەچووە، کەزاراوەی سۆرانی زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستان بێت، بەڵکو تەنیا زاراوەیەکی باوەو بەشێوەیەکی گشتی نووسین لەم هەرێمە بەو شێوەزارەیە، بەڵام ئەمەش مانای وا نییە بەکارهێنان‌و نووسینی هەر شێوەزارێکی تر "تاوان" و بقەیە!

لەلایەکی ترەوە ئەو دوو کەسە لەبیریان چووە کە بەشێکی زۆر لەم هەرێمەی خۆمان بەشێوەزاری بادینی قسەدەکەن‌و تێدەگەن‌و دەنووسن، بەکارهێنانی شێوەزاری بادینی لەهەر کات‌و ساتێکدا بێت، بەشێکە لەزمانی کوردی وەک هەموو زاراوەکانی تر، کاتێک بیرکردنەوەی بەشێکی ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە ئەوە بێت بەکارهێنانی زاراوەیەک بەتاوان بدەنە زانین، چاوەڕێی چ پاشەڕۆژێک لەو ڕۆشنبیرانە بکەین، ئەگەر کەسی ئاسایی بەکارهێنانی شێوەزاری بادینی بە نایاسایی‌و تاوان بدەنە زانین، بەهیچ شێوەیەک بەهەندم وەرنەدەگرت‌و گوێشم پێ نەدەدا، بەڵام پەرلەمانتارێکی کورد کەوەک نوێنەری کورد چووەتە پەرلەمانی عێراق، نەک وەک پەرلەمانتارێکی سۆرانی‌و مامۆستای زانکۆیەکی کوردستان و زمانزان ئەم ڕەفتارانە بکەن، پێویستە لێیان بێینە وەڵام، نەک وەک بادینییەک، بەڵکو وەک کورد پێکەوە ئەو قسانە ڕەتبکەینەوە کەدەبنەهۆی دروستبوونی دووبەرەکی لەناو گەلەکەماندا، چونکە ئێمە نەتەوەیەکین‌و بە نایاسایی دانانی زاراوەکانی یەکتر خۆی لەخۆیدا تاوانەو پێویستە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کەئەم دووبەرەکییە دروستدەکەن.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر ئەو ڕستەیەی لەدەستەی سەرژمێری نووسراوە کەتەنیا پیتێکی بادینی کەئەویش پیتی "ڤـ" تێدا هاتووەتە بەکارهێنان، لەلایەن ئەو دوو کەسەوە تاوانە، بەڵام ئەگەر بەشێوەزاری گەڕەکی خۆیان بنووسیبایە، بەبۆچوونی ئەوان زۆر ئاسایی‌و دەستووری بوو، لەکۆتاییدا دەڵێم ئەم نووسینەم بۆیە بەسۆرانی نووسیەوە، چونکە بەلامەوە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان زاراوەکان، سەرباری ئەوەش دڵنیام کەپەرلەمانتارەکەو مامۆستا زمانزانەکە هەردووکیان ئەگەر بەبادینی بمنووسیایە لێی تێنەدەگەیشتن‌و نەیاندەخوێندەوە، نەک لەبەرئەوەی شێوەزاری بادینی بەقەد زمانی ژاپۆنی ناخۆشە، بەڵکو وا تێدەگەن ئەگەر پیتێکی "ڤـ" لەدەمییان بێتەدەرەوە، تاوانێکی دژی ناوەڕۆکی دەستووریان ئەنجامداوە، چونکە وا پێدەچێت ئەوان نانخواردنیشیان بەپێی ناوەڕۆکی دەستوور بێت.

هەڵگورد نهێلی

helgurd_86@yahoo.com

# زمانی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)، زمانی دەستوورییە

محەمەد مەحوی

پاراستنی ئەوەی هەیەو بەدەستهێنراوەو کارکردن بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی‌و گەشەکردنی لەئەستۆی هەر دڵسۆزێکدایە. پەیوەست بەزمانەوە، بەرپرسیاریەتی بەپلەی یەکەم لەئەستۆی زمانەوانانداییە لەزانکۆکانی کوردستاندا، هەم لەڕووی توانستی زمانی‌و هەم لەڕووی پەروەردەییەوە.

لەچوارچێوەی پلاندانان بۆ زمان ئەم لایەنانە هەن، لایەنی بەرنامە بۆ کۆرپەی زمان دەکرێتەوە کە بە corpus planning ناسراوە. لایەنی بڕیاردان کەبەرنامە بۆ بارو حاڵەتەو بەstatus planning ناوزەدکراوە، ئەوەش لەدەستی پەرلەمان یان دەنگی دانیشتووانداییە.

بەپێی ڕێساو مەرجەکانی پلان بۆ باروحاڵەت، پەیوەست بەخوارووی کوردستانەوە، کرمانجی ناوەڕاست (ئەو زمانەی کە لەخواروو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی پێدەکرێت‌و پێی دەنووسرێت) وەک جۆرێک لەزمانی دەستووریی لێهاتووەو بووەتە جۆرێک لەئەمری واقیع، بۆ دامودەزگاکان‌و بۆ خەڵکیش.

لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا، بەپێویستم زانیوە کەکرمانجی سەروو لەقۆناغەکانی خوێندندا بخوێنرێت، تا بەقۆناغێکی تر دەگەین.

بۆ سەرووی کوردستان، بایەخدان بەکرمانجی سەروو پشتگیریکردنیان لەپرۆژەو بەرنامەکانیاندا، ئەرکی هەموانەو سەرکەوتنی ویست‌و ئامانجیان بەشێکی پیرۆزی بەرژەوەندیی نەتەوەییمانەو بۆ داهاتووی نزیکیش چاوەڕێی هەمان بەرنامەی خوارووی کوردستانیان دەکەین، واتە زمانی دەستووریان کرمانجی سەروو لەگەڵ خوێندنی کرمانجیی ناوەڕاست لەخوێندندا.

با ئەو دوو بیرکردنەوەیە لەچێوەی پێناسەی زمانی نەتەوەیدا ڕوونبکەینەوە:

یەکەم: زمانی نەتەوەیی/ گشت زارو زارۆچکەو وەچەزارۆچکەکان بەزمانی ئاخاوتن‌و زمانی نووسینەوە دەگرێتەوە.

دووەم: زمانی باڵا/ زمانی ستانداردیش هەر بەزمانی نەتەوەیی دانراوە.

ئەگەر ناوەڕۆکی خاڵی یەکەم بۆ کورد حساب بکەین، کێشەکانمان لەبیرکردنەوەدا نییە. بەپێچەوانەوە ئەگەر واتای خاڵی دووەم وەربگرین‌و بیرکردنەوەکانی سەرەوە بۆ ئەو دوو زارو بەرنامەیە پەسەندبکەین، ئەوا نەتەوەی کورد دەکەین بەدوو لەت‌و دوو زمانی جیاوازەوە.

ڕاستی تاڵە، بەڵام ئەوەش ڕاستییەکە تا دەگەینە قۆناغێکی دیکە لەمێژووەکەماندا.

بەرپرسیاریەتی من دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندی‌و ئاسایشی نەتەوەییەوە، بۆیە دەڵێم کەئێمە لەخوارووی کوردستاندا، حکومەتی کوردیمان هەیەو دەمانەوێت دەسەڵاتی یاسایی باڵاترین دەسەڵات بێت‌و ڕێز لەیاسا بگرین.

خۆئەگەر بێت‌و بۆ نمونە هەر دەڤەرەو هەر گروپەو هەر کەسێک بەزارو زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خۆی بنووسێت، ئەوا ڕێز لەیاسای حکومەتی کوردی ناگیرێت‌و بەرەڵایی‌و بێسەرەوبەرەیی باڵ بەسەر کوردستاندا دەکێشێت، ئێمەش ئەوەمان نەویستووەو نامانەوێت.

من لەبادینی‌و سۆرانی نەدواوم، نەشموتووە دەبێت وەچەزاری هەولێر یان سلێمانی بکرێتە زمانی باڵا یان ستاندارد. من داوای فەرهەنگی یەکگرتووم بۆ هەمووان کردووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ حکومەتی یاسایی کوردی، ئەوا تاوەکو بڕیاردانی دەستووری لەسەر زمانی باڵاو دەستووری خودی حکومەتەکە، کارکردن بەکرمانجی ناوەڕاست بەشێکە لەپاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بەڵام لەسەریشمانە لەخزمەتی زارو زارۆچکەکانی دیکەدا بین‌و بەپێی بەرنامە بایەخیان پێبدەین.

**تێبینی:** بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لەژمارە ٥٣ی ڕۆژنامەی دەستووردا‌و وەرگرتنی لێدوانێک لە د. محەمەد مەحوی لەبارەی بەکارهێنانی شێوەزاری کرمانجی سەروو (بادینی) لەلۆگۆی دەستەی ئاماری عێراقیدا، بووەهۆی سەرنجدان‌و ڕەخنەگرتنی چەند کەسێک بەنووسینی وتارو وەڵامدانەوە، لەبەرئەوە د. محەمەد مەحوی پێی باش بوو بەم وتارە وەڵامی ئەو ڕەخنانە بداتەوە.

# هەر لەقوتابخانەوە حیزب لەناخماندا دەچێنرێت

بورهان حەسەن

لەهەمو وڵاتانی دنیادا، پەروەردە گرنگی تایبەتی خۆی پێدەدرێ، بۆ ئەمەیش پێویستە ئەو کەسانەی لەبواری پەروەردەدا کاردەکەن، پسپۆڕو شارەزاو خاوەن بڕوانامەی تایبەتی بوارەکەیان بن‌و لەهەوڵی پەروەردەکردنێکی ڕاست‌و دروستی نەوەی دواڕۆژدا بن‌و کارەکەی خۆیشیان لاگرنگ بێت‌و هەمو هەوڵ‌و ماندوبوونیانی بۆ تەرخانبکەن، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەوڵاتی ئێمەدا بەدیدەکرێت‌و کەمترین قسەیشی لەسەر دەکرێت، ئەو کەسانەن، کە لەبواری پەروەردەی هەرێمەکەماندا کاردەکەن‌و ئەرکی پەروەردەکردنی نەوەیەکیان لەسەر شانە، بەڵام ڕەنگە بەشێکی زۆریان نەتوانن لەم سەردەمەدا بەئەرکی پەروەردەکردنێکی نوێی سەردەمیانە هەڵبستن، بەڵکو زیاتر لەسەر ئەو شێوازی پەروەردەکردنەی سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوی عێراقدا ڕاهاتوون، بەشێکیشیان پسپۆڕی خاوەن بڕوانامەی تایبەت‌و پسپۆڕی بوارەکەی خۆیان نین، زۆر جار هەر کەسێک بڕوانامەیەکی وەکو ئامادەیی زانستی‌و ئەدەبی یان پیشەیی هەبوایەو بێکاربوایە، دەکرایە مامۆستا، نمونەیش لەچەند ساڵ لەمەوپێش ژمارەیەکی زۆری دەرچوی ئامادەییە پیشەییەکان کراونەتە مامۆستاو ئێستاش هەر مامۆستان، لەکاتێکدا دەرچووانی ئێستای ئامادەییە پیشەییەکان مافی خوێندنیان لەهیچ کۆلێژو پەیمانگایەکیش پێنادرێت‌و لەهیچ فەرمانگەیەکیش دانامەزرێن، هەر چەندە بەحسابی بەرپرسانی پەروەردە، هەوڵی گۆڕانکاری لەسیستمی خوێندنی پیشەییشدا دراوە، بەڵام نازانم جیاوازی لەنێوان دەرچووانی پیشەیی ئێستاو ئەو کاتدا چییە؟، کەئەوانەی ئێستا لەماڵەوە دادەمەزرێن‌و ئەوانەی ئەو کاتیش ئەوەندە شارەزابوون، کەبکرێنە مامۆستای قۆناغی سەرەتایی‌و ئەو کات‌و بنەڕەتی ئێستا، جگە لەوەیش جار هەبووە، بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە، خوێندکارێکی زانکۆ لەخوێندنگایەک بەمامۆستا دامەزراوە، بەتایبەتی بۆ وانە زانستییەکان. ئەمە سەرباری ئەوەی کۆنگرەی پەروەردەش گیراوەو بەحساب گۆڕانکاری لەسیستمی نوێدا کراوە، بەڵام نەتوانراوە وەکو پێویست جێبەجێبکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە دەستی حیزبە لەناخی پەروەردەدا، ئەوەش بەهۆی کەسانی بواری پەروەردەوەیە، چونکە بەشێکی زۆر لەوانەی بەرپرسیارییەتیان هەیە، ڕاهاتووی سیستمی خوێندنی سەردەمی بەعسن، ئەم سیستمەش بەشێوەیەک لەشێوەکان لەو سیستمە دەچێت، ئەوەش بەبوونی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەناخی پەروەردەدا، بەجۆرێک کەم کەسی بواری پەروەردە هەن، حیزبایەتی نەکەن، یان بەرپرس‌و ئەنداموو سەر بەو حیزبانە نەبن، هەروەک ژمارەیەک لەبەرپرسانی پەروەردەش ئەو ڕاستییە ڕەتناکەنەوە، کەهەر لەوەزیرەوە تامامۆستاو فەرمانبەرێکی خوێندنگە لەژێر کاریگەریی حیزبەکانیاندان، بێگومان ئەوەیش مافی هەمو تاکێکە، ئەندامی هەر ڕێکخراو و حیزبێک بێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، پشتگوێینەخات بۆ حیزبایەتی‌و کاری یەکەمی پەروەردەکردن بێت‌و حیزبایەتی تێکەڵ بەکارەکەی نەکات، کەخزمەتکردنی گشتییە، بەڵام بەداخەوە دەبینین، ئەوەندەی بەشێکی زۆری بەرپرسانی پەروەردەو سەرپەرشتیاران‌و مامۆستایان، خەریکی کاروباری حیزبایەتی‌و تەکەتولاتن، ئەوەندە بەپەروەردەوە خەریک نین‌و تەنانەت خوێندنگە هەیە، وەکو بارەگایەکی حیزبی دێتە پێش چاوت، یان زۆرجار لەپۆلداو لەکاتی وانەوتنەوەدا مامۆستا هەلێک دەدۆزێتەوەو باسی حیزبێک، یان لایەنێک بۆ خوێندکارەکانی دەکات، لەوانەیەکی دوای ئەویشدا، مامۆستایەکی تر باسی حیزبێکی تر، یان لایەنێکی تر دەکات، هەر بەمەیش زۆر خوێندکارەکانیان تووشی پەتای حیزبیبوون کردووەو ئەوەندەی هەوڵی ڕاکێشانیان بەلای حیزبو لایەنێکی سیاسیدا دەدرێت، ئەوەندە سەرنجیان بۆ سەر خوێندن‌و خۆشویستنی زانست‌و نیشتمان ڕاناکێشرێت. ئەمە سەرباری کاری ڕێکخراوەکانی سەر بەحیزب‌و بوونی ڕێکخستنی حیزبی لەناو خوێندنگەکاندا، کەهەر ئەمانەیش وایکردووە، لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، خوێندنگاکان، وەکو بنکەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی لێدێ‌و وێنەو پۆستەرو دروشمی لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی تێدا بڵاودەکرێتەوە، هەندێجاریش خوێندکارانی لایەنگری ئەو لایەنانە پێکداهەڵدەپژێن، ئەمەش بەتایبەت لەدوای دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان‌و ئۆپۆزیسیۆن، ململانێی سیاسیی لەخوێندنگاندا پەرەی سەندووە، لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی بەهاری ڕابردوودا، ئەوەمان بەئاشکرا دەبینی. لەدوای دەوامیش لەجیاتی ئەوەی مامۆستایان‌و ئەو کەسانەی بواری پەروەردە بەدوای زانست‌و زانیاری نوێدا بگەڕێن‌و خوێندکارانی پێ ئاشنا بکەن، لەبارەگا حیزبییەکاندا خەریکی کاروباری حیزبین، هەندێکیان کاتی دەستپێکردنی دەوام بیریان دەکەوێتەوە، کەمامۆستان‌و نەوەیەکی نوێ پەروەردەدەکەن، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین، هەر لەپەروەردەوە حیزب لەناخماندا دەچێنرێت. بۆیە پێویستە لەسیستمی نوێی پەروەردە چاوێک بەپسپۆڕی‌و بڕوانامەو شێوازی کارکردنی ئەو کەسانەدا بخشێنرێتەوە، کە لەپەروەردەدا کاردەکەن، چونکە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، گرنگی زۆر بەپەروەردەکردن دەدرێت بەتایبەت لەقۆناغی بنەڕەتیداو کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرزو پیسپۆڕ دەکرێنە مامۆستا، بەجۆرێک ئەو گرنگییەی بەقۆناغی بنەڕەتی دەدرێت، لەخوێندنی باڵا زیاترە، چونکە لەقۆناغی سەرەتایی یان بنەڕەتیدا، کەسێک پەروەردەدەکرێت، بەڵام لەقۆناغەکانی تر خوێندنی باڵا دەخوێندرێت.

# زمانی مامۆستا!

سامان ساڵح*



لەگرفتە سەرەکییەکانی دنیای ئەمڕۆی پەروەردە گرفتی مامەڵەیە، مامەڵەی نێوان خوێندکارو مامۆستا، هەڵبەت ئەم گرفتە دێرینە، بەڵام لەئێستادا گرفتەکە گەورەتربووە بەهۆیئەوەی کەئەنجامی مامەڵەی خراپی نێوان ئەم دووانە (مامۆستاو خوێندکار) لێک هەڵپژانی لێکەوتووەتەوەو گەیشتووەتە ئاستێک ئەنجامێکی باشی لێچاوەڕوان ناکرێت، ئەم دۆخە لەکاتێکدایە کەلێدان بەدارو ئامێرەکانی تر لەهەندێ قوتابخانەو خوێندنگەدا نەماوە، گرفتێکی سەرەکیی هەیە کەنابێت ئێمە پشتگوێیبخەین، ئەویش ئەوەیە لەو کاتەوەی لێدان بەدارو ئامێر کەمبووەتەوە لەناوەندەکانی خوێندندا مامۆستایان هەمیشە بەدوای بەدیلی داردا دەگەڕێن بۆ بێدەنگکردنی قوتابی و خوێندکاران، چونکە هەندێک مامۆستا بێ کەرەستەن لەڕاگرتنی خوێندکاراندا بۆئەوەی گوێیان لێبگرن، بۆ ئەمەش توندوتیژیی دەروونی بەڕێوەدەچێت، بێگومان کاریگەرییەکانی توندوتیژیی دەروونی کە لەڕێگەی زمانی مامۆستاوە بەڕێوەدەچێت، هیچی کەمتر نییە لەکاریگەرییەکانی دار.

ئەوەی جێگەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە پێویستە مامۆستایانی کوردستان کەوازیان لەلێدان بەدارو کەرەستەی تر پێهێنراوە (نەک خۆیان وازیان هێنابێت) دەبێت واز لەوبیرکردنەوەیەش بهێنن کەهەمان کرداری لێدان لەدەروونی تاک دووبارەدەکاتەوە، چونکە مرۆڤەکان لەئەنجامی ئەمجۆرە توندوتیژییەی کەمامۆستاکان لەناو ناوەندەکانی خوێندندا بەکاریدەهێنن، برینداردەبن‌و ڕاستەوخۆش دەبێتە هۆکارێک بۆ کوشتنی قسە لەناویانداو بریندارکردنی هەستیان.

لەم ڕۆژانەدا خوێندکارێکی کچ کە لەقۆناغی ناوەندییە باسی ئەوەی بۆ کردم، ڕۆژێکیان مامۆستاکەیان لەکاتێکدا لای کردووەتەوە بەلای خوێندکارانی پۆلەکەدا دوو خوێندکار پێکەنیون، مامۆستاش، وتبوی هەرکەس لەخۆوە پێبکەنێ (یان شێتە یان ...) کەئەو مامۆستا مەبەستی (بێئەخلاق) بووە. باشە من دەپرسم ئایا ئەم قسەیە، قسەی مامۆستایە؟ ئەمە توندتر نییە لەدار؟ ئەم نمونەیە بەشێکی بچوکی ئەو توندوتیژییانەیە کە لەناو ناوەندەکانی خوێندندا پەیڕەودەکرێت‌و خوێندکاری پێدەشکێنرێتەوە، بۆیە جێگەی شانازی نییە کەوەزارەتی پەروەردە بڵێت لێدان نەماوە بۆ منداڵان، لەڕاستیدا من بڕواموایە دۆخەکە ئەوە لەمامۆستا قبوڵ ناکات لەمنداڵ بدات، ئەگەرنا مامۆستا وازی لەلێدانی دار نەدەهێنا، بەڵام کەئێستا وازیان لەوە پێهێنراوە، زمانیان کردووەتە دارو لەدەروونیی منداڵان دەدەن.

*ڕۆژنامەنووسی پەروەردەیی



# "ئەگەر پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکان تێپەڕێنرێت، لەفراکسیۆنەکەی بەغداد دەکشێینەوە"

## سەلاحەدین بابەکر وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو بۆ دەستوور

دیمانە: دانا جەمیل لەهەولێر

سەلاحەدین بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت حیزبەکەی لەو هەڵوێستەی لەگەڵ گۆڕانو کۆمەڵ بەرانبەر چۆنیەتی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکان دەریبڕی، پەشیمان نەبووەتەوەو پاشگەزیشنابێتەوە.

سەلاحەدین بابەکر دەڵێت ئێستا گەیشتوونەتە رێککەوتنێک لەگەڵ دەسەڵات کە نە ٥٠+١ی ئەوان بێتو نە ٣/٢ی ئۆپۆزیسیۆن بێت، بەڵکو وەسیلەیەک بدۆزرێتەوە بەتەوافوقی سیاسیی بۆچوونی هەموو لایەک بەئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵاتەوە وەربگیرێتو ئۆپۆزیسیۆنیش ئەندامی خۆی هەبێت لەدەستەکەدا، وتی "ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن بووە".

**دەستوور:** یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان چۆن دەڕوانێتە دروستکردنی ئەم دەستەیە، پێتانوایە دامەزراندنی دەستەیەکی لەو جۆرە پێویستە؟

**سەلاحەدین بابەکر:** ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەگرنگییەوە دەڕوانینە پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، هەر لەبەرئەو گرنگییەش لەگەڵ کۆمەڵو گۆڕان داوامانکرد کەدەستەکە بەشێوەیەک پێکبهێنرێت کەرەنگدانەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بێت، هەر لەو روانگەیەشەوە داوامانکرد دەنگدان لەسەر پرۆژەکە بە ٣/٢بێت بۆئەوەی هەموو لایەک پشکیان هەبێت لەو دەستەیەدا.

**دەستوور:** ئێوە تەنیا داوای ئەوەتان کردووە کەدەنگدان بە٣/٢بێت، یان دەتانەوێت رۆڵتان هەبێت لەداڕشتنەوەی پرۆژەکەو پشکتان هەبێت لەپێکهێنانی دەستەکەدا؟

**سەلاحەدین بابەکر:** بێگومان کاتێک پرۆژەکە لەپەرلەمان دەخرێتە بەردەم گفتوگۆ، لەپەرلەمان پەرلەمانتارەکانی ئێمەو هەموو پەرلەمانتارەکانی تریش راوسەرنجی خۆیان دەڵێن لەسەری، بەڵام ئەوەی جێگای ناکۆکی بوو لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵاتدا، شێوەی دەنگدان بوو لەسەر ئەندامانی باڵای دەستەکە، ئێمە پێمان وابوو کەدەبێت دەنگدان بە ٣/٢ بێت، بەڵام ئەوان پێیان وابوو دەبێت ٥٠+١ بێت.

**دەستوور:** ئەوەی ئێوە داوایدەکەن والێکدەدرێتەوە کەدەتانەوێت پشکی سیاسیی خۆتان وەک ئۆپۆزیسیۆن بەیاسایی بکەن؟

**سەلاحەدین بابەکر:** نەخێر، تەنیا لەبەندێکی تایبەتی یاساکەدا داوای ٣/٢ دەکەین، دەنگدانەکەش بۆئەوەیە کەزەمانی بوونی هەموولایەک بکرێت تێیدا، چونکە ئێمە وەک ئۆپۆزیسیۆن کەمینەین لەپەرلەمانداو دەسەڵات زۆرینەیە، ئەگەر ٥٠+١ بێت، ئەوان دەتوانن هەموو ئەوکەسانەی خۆیان دابنێن لەدەستەکەدا لەکاتی دەنگداندا، بەڵام ئەگەر ٣/٢ بێت، ئەو کاتە ئێمە پێویستمان بەدەنگی ئەوان دەبێتو ئەوانیش پێویستیان بەدەنگی ئێمە دەبێت. سەرئەنجام بەتەفاهوم دەنگدەدرێت بەرێژەیە لەسەر ئەندامانی دەستەی باڵا ئەو کاتە زەمانی بوونی هەموو لایەک دەبێت.

**دەستوور:** دوای ئەوەی ئێوە راگەیەنراوێکی هاوبەشتان بڵاوکردەوە، دەسەڵات دەستپێشخەری کردو لەگەڵتان کۆبووەوە، دواین پێشهات چین لەوبارەوە؟

**سەلاحەدین بابەکر:** ئێمە کەبەیانەکەمان راگەیاند، بڕیاربوو ١٠/١٠ کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت بۆ دەنگدان بەپرۆژە یاساکە بە ٥٠+١ ، دوای راگەیەندراوەکە بەرەی دەسەڵات وەڵامی داواکارییەکەی ئێمەی دایەوەو دانیشتنەکە دواخراو وتیان با زەمینە فراوانتر بکەین بۆئەوەی گفتوگۆی زیاتر بکەین لەسەر یاساکە ، ئێمە ئەوەمان بەئاماژەیەکی ئیجابی وەرگرت، چونکە هەرخۆی دواخستنەکە وەڵامدەرەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن بوو، بەو شێوەیە هەردوو لایەنی پارتیو یەکێتی، نێچیرڤان بارزانییان راسپارد بەوەی کەئەم مەلەفە بگرێتە دەستو کۆبوونەوەیەک کرا لەنێوان نێچیرڤان بارزانیو هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆندا مەبدەئییەن رێککەوتن ئەو یاسایە بەرەچاوکردنی بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنو بۆچوونی دەسەڵات دەربچێت، کەواتە ئەوە دەسەڵاتە نزیکبووەتەوە لەبۆچوونی ئۆپۆزیسیۆن دەربارەی دەرچوونی ئەو یاسایە.

**دەستوور:** بەڵام گۆڕان بڕوای وایە ئامانجی سیاسی لەپشت دەرچوونی ئەو یاسایەوە هەیە بەو شێوەیەی کەویستراوە تێپەڕێنرێت، ئێوەش پێتانوایە ئامانجی سیاسی هەیە؟

**سەلاحەدین بابەکر:** ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو دەستەیە دروستبکرێت ئامانجیش لێی بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانە لەکوردستاندا، ئێمەش هەموو ئەندام بین تێیدا.

**دەستوور:** باس لەوەدەکرێت کەهێزێکی سیاسی دەیەوێت ئیحتیکاری پرۆسەی سیاسیی هەرێم بکات، ئێوە دەڵێن چی؟

**سەلاحەدین بابەکر:** ئێمە دەمانەوێت ئەم دەستەیە کەدروست دەکرێت، تەنیا دەسەڵات تێیدا بەشدار نەبێت، ئێمە لەگفتوگۆکانماندا باسی ئەوەمانکردووە ئەگەر ئەو دەستەیە پێکبهێنرێتو ئۆپۆزیسیۆن بەشدار نەبێت تێیدا، مانایەک نامێنێت بۆ ئەو دەستەیە، ئەگەر وابێت ئەم دەستەی هەڵبژاردنە سەرپەرشتی هەڵبژاردنی کێ دەکات؟ ئێمە کە لەدەستەیەکدا نەبین بۆشمان هەیە دان بەو دەستەیەدا نەنێین لەبەرئەوە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتە کەئۆپۆزیسیۆنیش ئەندام بێت لەدەستەکەدا .

**دەستوور:** ئەندام بوون وەک موحاسەسە؟

**سەلاحەدین بابەکر:** باس لەموحاسەسە نییە، هەڵبژاردن بۆ حیزبو لایەنە سیاسییەکان دەکرێت ئەو دەستەیە سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە دەکات، باشە تۆ کەبەشداری گەمەی هەڵبژاردنیت دەبێت، لەو دەستەیەش هەبیت کەسەرپەرشتی گەمەی هەڵبژاردن دەکات.

**دەستوور:** بەڵام لەپرۆژەکەدا هاتووە کەدەستەکە سەربەخۆیە؟

**سەلاحەدین بابەکر:** راستە لەیاساکەدا دەڵێت کەدەستەکە سەربەخۆیە، بەڵام هەتا دروستدەکرێت ئەوکەسانەی کەکاندید دەکرێن، هەموویان حیزبێک، لایەنێک لەپشتییەتی کەکاندیدیان دەکەن بۆئەوەی ببن بەئەندام، کەبوون بەئەندام، دەبێت بەڵێننامەیەک بدات کە بەسەربەخۆیی کاردەکات، باس لەوەنییە کەئەو کەسە هەر لەسەرەتاوە سەربەخۆ بێت، کۆمیسیۆنی بەغداد هەموو ئەوانەی کەئەندامن تێیدا، پێشتر پۆستی حیزبی دیاریان هەبووە، بەڵام کەبوونەتە ئەندام لەوێ بەڵێننامەیەک دەنووسن کەسەربەخۆنو بەسەربەخۆیی کاری دەستەی هەڵبژاردنەکە ئەنجامدەدەن.

**دەستوور:** پێتوانییە پارتێکی سیاسی هەبێت کەبیەوێت لەرێگەی ئەم دەستەیەوە ئیحتیکاری پرۆسەی سیاسی بکات؟

**سەلاحەدین بابەکر:** ئەو زەمەنە لەکوردستان بەسەرچووە کەهیچ هێزێک بتوانێت ئیحتیکاری دەسەڵات بۆخۆی بکات.

**دەستوور:** باسی ئەوەتکرد کەئۆپۆزیسیۆن نوێنەری هەبێت، بەڵام لای فراکسیۆنی کوردستانییەوە پێشنیازی ئەوەتان بۆنەکراوە کە کەسی خۆتان هەبێت لەدەستەکەدا، بەڵام یاساکە بە ٥٠+١ تێپەڕێنرێت؟

**سەلاحەدین بابەکر:** دەنگدان بە ٥٠+١ زەمان نییە، چونکە کاتێک پرۆژەکە بە ٥٠+١ تێپەڕی، دەسەڵات دەتوانێت ئەندامەکانی خۆی دابنێت، بەڵام ئێمە کە کەمینەین ٣٥ دەنگین ناتوانین. بەڵام ئێستا گەیشتووینەتە رێککەوتنێک لەگەڵ دەسەڵات کە نە ٥٠+١ی ئەوان بێتو نە ٣/٢ی ئێمە بێت، بەڵکو وەسیلەیەک بدۆزرێتەوە بەتەوافوقی سیاسی بۆچوونی هەموو لایەک بە ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵاتەوە وەربگیرێتو ئۆپۆزیسیۆنیش ئەندامی خۆی هەبێت لەدەستەکەدا، ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن بووە.

**دەستوور:** ئەوەی ئێستا باسدەکرێت ئەوەیە کەیەکگرتوو لەو هەڵوێستەی پاشگەزبووەتەوە کە لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەکشێتەوە؟

**سەلاحەدین بابەکر:** ئێمە نە پەشیمان بووینەتەوەو نە پاشگەزیش بووینەتەوە، ئەوەی راگەیاندنەکان بڵاویانکردووەتەوە دەقیق نین، ئێمە لەو بەلاغەی کەدەرمانکردووە وتومانە ئەگەر دەسەڵات لەپەرلەمانی کوردستاندا بەبێ گوێدانە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆن یاساکە دەربکات، ئێمە ناچاردەبین پێداچوونەوە بەهاوکارییمان بکەین لەگەڵ دەسەڵاتدا هەتا کشانەوەمان لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێک دەسەڵات وەڵامی ئێمەی دایەوەو وتی بەڵێ من لەبۆچوونی خۆم پاشگەزبوومەتەوە وەرن باگفتوگۆ بکەین، بە بەڵگەی ئەوەی کۆبوونەوەی ١٠ی مانگی دواخست کەبڕیاربوو دەنگدان بکرێت بە ٥٠+١ ئەوەش ئاماژەیەکی ئیجابییە، ئەگەر نا ئێستاش ئێمە دەڵێین ئەگەر ئەم یاسایە دەربچێت بەبێ گوێدانە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆن ئێمە هەمان هەڵوێستی جارانمان هەیە .

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن دواخستنی پرۆژەکە بۆ ئەوەیە، مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت لەبەغداد تەواوببێت، تا ئەو کاتە ئێوە لەئیئتیلافەکە نەکشێنەوە، دوای ئەوەش کشانەوەتان رەنگە قورساییەکی ئەو تۆی نەبێت؟

**سەلاحەدین بابەکر:** ئێمەش ئاگاداری ئەو یارییەین، ئەگەر هەستمانکرد ئەوە یارییە، ئەوکاتە هەر سێ لامان وەک ئۆپۆزیسیۆن کۆدەبینەوەو گفتوگۆ دەکەین لەسەر ئەو بابەتەو هەڵوێستی پێویستی لەسەر وەردەگرین، ئێمە تا زەمەنێکی دوورو کراوە بەدیار ئەم بابەتەوە راناوەستین ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەیەک کراوەو دەبێت لەهەفتەکانی داهاتوودا ئەم مەلەفە کۆتایی پێبێت.

# شەڕی راگەیاندنی پارتیو ئێران دەستیپێکرد

## ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی: ئێران بە بەرنامە دژایەتی پارتی دەکاتو دەیانەوێت مێژووی بارزانی بشێوێنن

کاروخ نامیق

چەند هەفتەیەکە پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو حکومەتی ئێران ئاڵۆزی تێکەوتووەو شەڕێکی گەرمی راگەیاندنیان دەستپێکردووە.

پارتی ئێران بەشێواندنی مێژووی حیزبەکەیو مستەفا بارزانی تۆمەتبار دەکاتو ئێرانیش پارتی بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا تۆمەتبار دەکات.

لەماوەی رابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو پارتی گرژبوونێکی توندی بەخۆییەوە بینیوە، ئێران بەشێوازی جیاجیا هەڕەشە لەپارتی دەکات، پارتیش دووشەممەی رابردوو لەرێگەی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆسەوە کەسەر بەحیزبەکەیە بەجۆشەوە وتارێکی رەخنەئامێزی لەدژی ئێران خوێندەوەو ئەو خۆپیشاندانو ناڕەزاییەی دووساڵی رابردووی ئێرانی نیشاندەدا.

رۆژی ١٠ ئەم مانگە ئاژانسی پاراستن لەبەیاننامەیەکدا هۆشداریدایە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەڕەشە بۆ سەر بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستانو ئاماژەیان بەوەدا کەپلانەکە لەدەرەوەی هەرێمە بۆ تێکدانی باری ئاسایش.

بەبڕوای بەشی زۆری چاودێران ئەو بەیاننامەی ئاژانسی پاراستن ئاماژەیەکە بۆ ئەو شەڕەی لەنێوان پارتیو ئێران دەستپێکردووە. چونکە بەپێی هەواڵێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی شەرقییە لەزاری رۆژنامەی زەمانەوە بڵاویکردووەتەوە ئێران لەکەرکوکو هەولێر تەقینەوە ئەنجامدەدات.

بەپێی هەواڵەکەی ئەو رۆژنامەیە کۆماری ئیسلامی ئێران چەندان ئەندامی ئەنسارو ئیسلامی لەزیندانەکانیدا ئازادکردووە بەو مەرجەی لەشارەکانی کەرکوکو هەولێر کاری تەقاندنەوەو ئاژاوەگێڕی ئەنجامبدەن.

بەپێی رۆژنامەکە ئەو ئەندامانەی ئەنسار ئیسلام لەئێران زیندانیبوونو ئێستا لەبەرانبەر ئازادکردنیاندا داوایان لێکراوە پلانەکانی حکومەتی ئێران لەناو خاکی عێراق جێبەجێبکەن.

پێشتر بەدران حەبیب سەرۆکی دەزگای ئاراسو کادری پێشکەوتووی پارتی لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ژمارەی پێشووی رۆژنامەی دەستوور باسی لەهەڕەشەکانی ئێران کرد، وتی "ئەرکی سەرشانمە خەڵک ئاگاداربکەمەوە لەو مەترسییانەی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستبووە".

هەروەها دەڵێت "ئێران وڵاتێکە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوینی کردووە بەگۆڕەپانی گەمەکانی خۆی".

ماوەی چەند رۆژێکە تۆڕی هەواڵی تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران، زنجیرەیەک بەرنامەی سیاسی لەسەر پارتیو ژیانی مستەفا بارزانی بڵاودەکاتەوەو مەلا مستەفا بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا تۆمەتبار دەکات.

ئەو زنجیرە بەرنامە سیاسییە پارتی توڕەکردووەو چەند رۆژێکە لەرێگەی راگەیاندنەکانیانەوە بەتوندی وەڵامی ئێران دەدەنەوەو بەمەترسی بۆ سەر هەرێمو عێراقی دادەنێن.

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "ئەوەی ئێران دەیکات سیاسەتێکە دژی پارتی کەدەیەوێت مێژووی پارتی بشێوێنێت، راگەیاندن لەئێران ئاراستەدەکرێتو لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدان، بۆیە بە بەرنامە دژایەتیی پارتی دەکەن، دەیانەوێت مێژووی بارزانی بشێوێنن".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەوەشی وت "ئێران خۆی کێشەی هەیە لەگەڵ خۆی، لەگەڵ جیهان، کەچی دژیەتی پارتی دەکات".

بەپێی وتەی محەمەدی مەلا قادر بێت چەندانجار کادیرانی راگەیاندنی حیزبەکەی ویستوویانە وەڵامی ئێران بدەنەوە، بەڵام سەرکردایەتیی پارتی رێگەی نەداوە.

مەلا قادر وتی "بەڵام ئەمجارە رێگەیان پێدراوە وەڵامبدەنەوە".

لەوتارێکی ئاگرینی رۆژنامەی خەباتدا، کە لەژمارە (٣٦٠٢)دا لەرۆژی دووشەممە، بڵاوکراوەتە هاتووە "خەڵکی ئێران لەئێمە باشتر دەزانن کەدامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئازادی رادەربڕین بەکەس رەوانابینن، بەڵکو هەر هەواڵو پڕوپاگەندەیەک بۆ مەبەستێکی تایبەتی سیاسی حکومەت ئاراستەدەکرێت، کەواتە شەبەکەی خەبەر بەم جۆرە بەرنامانە تەنیاو تەنیا بیروڕای خەڵکی خۆیان بەرەو شتی دیکە چەواشە دەکات، لەکاتێکدا دەبێت شەبەکەی خەبەرو میدیاو رۆژنامەکانی ئێران بەتەنگ باری شپرزەی خەڵکی خۆیانەوە بچنو بەتەنگ دەیان گرفتی ناوخۆوە بن".

هەروەها هاتووە "شەبەکەی خەبەر لەجیاتی ئەوەی بەدەردوو گرفتو کێشەکانی ناو خەڵکی ئێراندا بگات، هاتووە پڕوپاگەندەی کۆنی دۆڕاو دەوروژێنێت، جا دەبێت لەخودی ئەو شەبەکەیە بپرسین بۆچی؟ لەمێژیشە وتراوە ئەوەی ماڵی لەشوشە بێت نابێت بەرد لەماڵی خەڵک بگرێت".

ئاماژە بەوەشکراوە کەحکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ناودەنگی باش نییەو جێگەی متمانەو بڕوای کەس نییەو، هاتووە "لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا گۆشەگیرکراوەو گەمارۆی ئابووری دراوەو هەمیشە رەخنەی لێدەگرن لەبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ئازادییەکان".

زاگرۆس خوسرەوی چاودێری سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت کێشەی حکومەتی ئێران لەگەڵ پارتی کێشەیەکی زۆر کۆن نییە، لەو کاتەوەی کەحکومەتی هەرێم شکڵو شێوەی وەک حکومەتی وەرگرت ئەو کێشە دەستیانپێکرد.

خوسرەوی وتی "دوای ئەوەی دەسەڵاتی بەعس لەکوردستان نەما، ئێران نیگەرانیی هەرێمی کوردستان بوون بەهەرشێوەیەک دەیانەوێت نفوزی خۆیان لەکوردستان زۆربکەنو دەستی بەسەردا بگرن".

خوسرەوی پێیوایە ئەو سەقامیگرییەی کەتارادەیەک لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، وڵاتەکانی دراوسێ پێیان ناخۆشە، لەبەرئەوەی کوردستان ئێستا رووبەڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێتەوە، رووی لەدنیایەکی ئازدکردووە، بەڕەسمی بانگدەکرێن بۆ وڵاتان هەموو ئەمانە ئێرانیان نیگەرانکردووە، بەهەر شێوەیەک دەیەوێت دەستێک بەسەر کوردستاندا بهێنێت.

محەمەدی مەلا قادر وتی "هەڕەشەی ئەمنی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، کەدەزگا هەواڵگیرییەکانی وڵاتانی دراوسێ سەرقاڵی پلاندانانن بۆ تێکدانی بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دەبێت وریابینو رێگە لەو پلانانە بگرین".

چەند رۆژێک لەمەوبەر ئاسایشی هەولێر سەنتەری بازرگانیی ئێرانیان داخست، بەبیانووی نەبوونی مۆڵەتەوە، بەڵام سەنتەرەکە لەگەڵ کردنەوەی بنکەیاندا لەهەولێر سەرقاڵی دەرهێنانی مۆڵەت بوون.

نەقیب ئاشتی بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاسایشی هەولێر، وتی "داخستنەکەی پەیوەندی بەتەواونەبوونی کاری یاسایی سەنتەرەکەوە هەیە، ئێمە بەشێوەیەکی کاتی ئەو سەنتەرەمان داختسووە".

هەروەها وتی "داخستنی ئەو سەنتەرە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەئەو ئاڵۆزییەوە نییە، کە لەنێوان هەرێمی کوردستانو ئێران دروستبووە".

رێبوار کەریم وەلی رۆژنامەنووسی نزیک لەپارتی لەوتارێکدا کە لەژمارەی رۆژی ١٠/١٨ ژمارە ١٣٤ رۆژنامەی رووداو بڵاوکراوەتەوە دەڵێت "ئامانجی هەڕەشەی ئەمنی ئێران زیاتر هەولێرە نەک شوێنەکانی دیکە، راستە لەقەڵادزێ رووداوێک روویدا، بەڵام ئەگەر ئاوا بڕواتو هەرێمی کوردستان هیچ کارتێکی پێنەبێت لەدژی ئێران بەکاریبێنێ، بێگومان بۆمبی گەورەی ئێران لەهەولێر دەتەقێتەوە".

بەڕای رێبوار ئەوەی لەقەڵادزێو رانیە روودەدات سەرەتایی سیناریۆکەیە.

لەرۆژنامەی ئاوێنەش ئاماژە بەوەدراوە کەماوەیەکە ئەنسار ئیسلام لەدیوی ئێران کەوتوونەتە جموجۆڵو ئێرانیش کارئاسانیان بۆ دەکاتو بەنیازە ١٥٠ چەکداریان بنێرێتە کوردستان.

خوسرەوی پێیوایە کەهۆکاری ئابووری یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی هەڕەشەی ئێران بۆ سەر پارتی، وتی "پێیاناخۆشە حکومەتی هەرێم پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا زۆر بکات بەتایبەت پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو تورکیا، چونکە ناوچەکانی هەولێرو ژێردەسەڵاتی پارتی لەژێر کاریگەری تورکیادایە، تورکیا دەستیگرتووە بەسەر ئابووریی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی، ئێران کاریگەری زیاتر لەسەر سلێمانیو ناوچەکانی یەکێتی هەیە، بۆیە ئەوان نیگەرانن لەو بارودۆخە".

ترسی ئێرانیشی لەوە خستەڕوو کەهەرێمی کوردستان زیاتر بەڕووی یەکێتیی ئەورووپا بکرێتەوە.

هەروەها وتی "باوەڕی تەواوم بەوە هەیە ئەو تەقینەوانەی لەماوەی رابردوودا لەسنەو مەهاباد روویدا، بۆ ئەوەبوو رێگە خۆشبکات بیخاتەسەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی رۆژێک دوای تەقینەوەکەی مەهاباد، وتیان ٣٠ کەسمان دەستگیرکردووە بەرەو سنوور دەڕۆین، واتا ئەوانە هەرێمی کوردستان ناردوویانەنە تەقینەوە بکەن".

# ژنێکی مەکسیکی دوای سەد ساڵ مانەوە رەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت

دەستوور



ژنێکی مەکسیکی ماوەی ١٠٠ ساڵە لەئەمریکا نیشتەجێیەو رۆژی سێشەممەی رابردوو وەک هاووڵاتییەکی ئەمریکی سوێندی یاسایی خواردو رەگەزنامەی ئەمریکی پێدرا.
ئۆلیڤیا گارسیا رێکەوتی ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٠٩و لەتەمەنی یەک ساڵیدا، لەگەڵ دایکی لەشاری رِیوگراندی مەکسیکەوە رووبانکردووەتە ئەمریکا.
گارسیا رایگەیاند یەکەمین کاری دوای وەرگرتنی رەگەزنامەی ئەمەریکی، بەشداریکردنە لەهەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا کە لەمانگی تشرینی دووەمی داهاتوو ئەنجامدەدرێت.
رۆژی سێشەممەی رابردوو گارسیا لەدادگای براونزڤیلی ویلایەتی تەکساس رەگەزنامەی ئەمریکای پێدرا.
بەرێوەبەرایەتیی کۆچبەرانی ئەمەریکا رایگەیاند ئەو ژنە پانزەیەمین کەسە لەسەروو تەمەنی ١٠٠ ساڵییەوە رەگەزنامەی ئەمەریکی پێدەدرێت.
لەساڵی ١٩٠٩واتە ئەو کاتەی دایکی گارسیا کۆچیکرد بۆ تەکساس، سنووری نێوان مەکسیکو ئەمریکا کراوە بووەو یاسایەک بۆ هاتوچۆی نێوان خەڵکی ئەو دوو وڵاتە نەبوو.
لەساڵی ١٩٤٠ کۆنگرێسی ئەمریکا یاسایەکی پەسەندکردو بەپێی ئەو یاسایە هەموو کۆچبەرەکانی نیشتەجێی ئەمەریکا دەبێت ناویان لەنووسینگەکانی حکومەت تۆماربکەن بۆ ئەوەی لەئەمریکا دەرنەکرێن.
بەوپێیە گارسیا لەساڵی ١٩٤١ وەک چەند ملیۆنێک مەکسیکیی دیکە، مافی مانەوەیان لەحکومەتی ئەمریکای وەرگرتو رۆژی سێشەممەش لەتەمەنی ١٠١ ساڵیدا رەگەزنامەی ئەمریکی پێدرا.

# ژنێکی ١٠١ ساڵەی چینی دەچێتە ژیانی هاوسەرییەوە



دەستوور

لەئاهەنگێکی قەشەنگدا ژنێکی ١٠١ ساڵەی چینی چووە ژیانی هاوسەرییەوە.
ئاژانسەکانی هەواڵی چین بڵاویانکردەوە ئەو ژنە ناوی چین لیاکانگەو لەپارێزگای تیان جینی باکوری چین نیشتەجێیە.
دوێنێ هەینی چین لیاکانگ بەپۆشینی جلوبەرگی سپیو بەشداریکردن لەفێستیڤاڵی رێزگرتن لەبەساڵاچوواندا ئاهەنگی پێکهێنانی هاوسەری ئەنجامدا.

# چۆپی think of me لەلوبنان کلیپدەکات



موحسین یاسین

خاتوونە گۆرانیبێژ چۆپی، سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبومێکی نوێیە کە نۆ مەقامی لەخۆگرتووەو هەروەها گۆرانیی think of me لەلوبنان کلیپکردووە.
چۆپی بەدەستووری وت سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبومێکی نوێیە کە ٩ مەقامی کوردی لەخۆگرتووە.
چۆپی وتی گۆرانییەکان لەستۆدیۆی میلۆدی تۆماردەکاتو کاری دابەشکردنی میوزیکی لەلایەن هێمن حسێنەوە بۆ ئەنجامدەدرێت.
ئاماژەی بەوەشدا ئەلبومە ئینگلیزییەکەی تەواوبووەو حەوت گۆرانی لەخۆگرتووەو گۆرانیی think ofی me لەلوبنان کلیپکردووە.

# خێزانێکی لوبنانی منداڵەکەیان ناودەنێن ئەحمەدی نەژاد



دەستوور

خێزانێکی لوبنانی هاوکات لەگەڵ گەیشتنی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری ئێران بەلوبنان، منداڵەکەیان لەدایکبووو ناویان نا ئەحمەدی نەژاد.
کەناڵی تەلەفزیۆنی مەنار بڵاویکردەوە ئەو منداڵە چوارشەممەی رابردوو لەنەخۆشخانەی بەهمەنی ناوچەی حەریکی لوبنان لەدایکبووە.
دایکو باوکی منداڵەکە رایانگەیاند ئەوان بەناونانی کورەکەیان، ویستوویانە لەلایەکەوە دیارییەک بۆ میوانەکەیان پێشکەشبکەنو لەلایەکی ترەوە لەورێگەیەوە سوپاسی ئەحمەدی نەژاد بکەن بۆ پشتگیرییەکانی لەخەڵکی لوبنان.
دایکی ئەحمەدی نەژادی بچوک بەکەناڵی مەناری وت "منو کورپەلەکەم بەخێرهاتنی سەرۆک کۆماری ئێران دەکەین".

# نازێ عەزیزی: هێشتا برینەکانم چاکنەبوونەتەوە

سازدانی: شیلان حەمە نەجم

هونەرمەند نازێ عەزیزی ئاشکرایکرد تائێستا ٣٨ هەزار دۆلاری لەئەلبومە نوێیەکەیدا خەرجکردووەو پێشبینیدەکات ٣٠٠ هەزار دانە لەئەلبومەکەی بفرۆشرێتو ئاشکرایدەکات بیر لەژیانی هاوسەری ناکاتەوە، چونکە هێشتا برینەکانی رابردووی چاکنەبوونەتەوە.
**دەستوور:** ئەلبومە نوێکەتان گەیشتە کوێو لەچ قۆناغێکدایە؟
**نازێ عەزیزی:** ئەلبومەکەم ناوی گۆرانییەکانی دڵتەنگییەو هەشت گۆرانی لەخۆگرتووە، ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە. کاری تۆمارکردنی دەنگیشم لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان ئەنجامداوە.
**دەستوور:** خەرجی ئەلبومەکەت لەئەستۆی کێدایە؟
**نازێ عەزیزی:** تائێستا ئەلبومەکەم ٣٨ هەزار دۆلاری تێچووەو خەرجی ئەلبومەکەشم لەئەستۆی خۆمە.
**دەستوور:** پێشوازی گوێگران لەئەلبومەکەت چۆن دەبینیت؟
**نازێ عەزیزی:** هیوادارم ئەلبومەکەم کۆپی نەکەن، بۆئەوەی بتوانم بەخەرجیو داهاتی ئەلبومەکەم، خزمەتی منداڵانو ژنانی ناو زیندانەکانی کوردستان بکەمو کۆمپانیاکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن زیاتر لە٣٠٠ هەزار دانە لەئەلبومەکەم دەفرۆشرێت.
**دەستوور:** کۆنسێرت سازدەکەیت؟
**نازێ عەزیزی:** لەکوردستان زۆر بەکەمی کۆنسرێتم سازکردووە، خەڵکی کوردستان زۆر بەکەمی دەچن بۆ کۆنسێرت، زیاتر دەچن بۆ ئاهەنگەکان، منیش گۆرانیبێژی ئاهەنگەکان نیم.
**دەستوور:** بۆچی گۆرانیبێژە کچەکان غیرە لەیەکتر دەکەن، کەس غیرەی لەتۆ کردووە؟
**نازێ عەزیزی:** هەموو گۆرانیبێژە کچەکانم خۆشدەوێتو غیرە لەکەسیان ناکەم. دەنگو شێوەم لەهیچ گۆرانیبێژێک ناچێت، بۆیە غیرەم نییە. بەڵام حەزدەکەم پێمبڵێن نازێ لەهەموو کەسێک جوانترە.
**دەستوور:** شێوازی فارسی بەسەر کارەکانتدا زاڵە؟
**نازێ عەزیزی:** سەرەتا بەگۆرانی فارسی دەستمپێکرد، ئێستاش بووەتە ستایلی من. چوومە زانکۆیەکی هونەری لەرِوسیاو هەزاران کەس گوێیان لەدەنگم بوو، سەریان سورِماو وتیان دەنگت کلاسیکی جیهانییە.
**دەستوور:** عاشقیت؟ مەرجت بۆ هاوسەری چییە؟
**نازێ عەزیزی:** عەشقو خۆشەویستی جیاوازن، عەشق یەکجار لەژیاندا سەردانتدەکات، بەڵام خۆشەویستی چەندانجار دێت. هەمیشە خۆشەویستی سەرکەوتووترو پیرۆزترە لەلای من، چونکە ژیان بەخۆشەویستییەوە جوانە. هێشتا بیر لەژیانی هاوسەری ناکەمەوە، چونکە هێشتا برینەکانم چاکنەبووەتەوە، بەڵام زۆر حەزم لەخۆشەویستییە.





**تەرازوو** (٢٣ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

هەندێک هەستی گەرمت بۆ کەسێک هەیە، بەڵام ئەو بەو جۆرە نییە بەرانبەرت، کارێک مەکە هەستەکان بەسەرتدا زاڵببنو بیرکردنەوەت وەلا بنێیت. هەستو سۆزەکانت رابەرێکی باش نین بۆت ئەم ماوەیە.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

بیرۆکەیەکی باشە ئەگەر بڕیارەکانت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرتدا هاوبەشی پێبکەیت، ئاکاداری دەوروبەرت بەو لایەنی تەندروستیت فەرامۆش مەکە، لەوانەیە کەمێک نەخۆشبکەویت.




**کەوان** (٢٢ ت. دووم - ٢٠ ک. یەکەم)

لەکۆبوونەوەیەکدا بەشداریدەکەیت کە زۆر دەمێکە چاوەڕوانیت، ئەم کۆبوونەوەیە کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانت دەبێت. هەوڵبدە کەسەکان وەک ئەوەی هەن قبوڵبکەیت نەک بەجۆرێکی تر.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

پێویست ناکات خۆت لەو هاوکارانەت تورە بکەیت کە بۆچوونەکانیان لەگەڵت یەکناگرێتەوە، سەربەخۆییت لەوانەیە تووشی کێشەی زۆرت بکات لەگەڵ ئەو کەسەی لەگەڵیدا دەژیت. ئاگات لەقسەکانت بێت.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٧ شوبات)

زۆر نزیکیت لەئاگرەکەو پێویستە ئاگاداربیت پەنجەکانت نەسوتێن، ئەم هەفتەیە فشارێکی ئەرێنی زۆرت لەسەر دەبێت. تێبینی رووداوەکانی دەوروبەرت بکەو سوودیان لێ وەربگرە.



**نەهەنگ** (١٨ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەوڵبدە زیاتر لەبارەی هەستەکانتەوە قسەبکەیت لەماوەی ئەم هەفتەیەدا، ئەگەر واتکرد ئەوا بۆت دەردەکەوێت قوڵترین هەستەکانت کامانەن. باشترین رۆژن لەرِووی هاورِێیەتییەوە یەکشەممەیە.

www.kurdipedia.org

# گووگڵ: ساڵی دوو جار پاسۆردی ئیمەیلەکانتان بگۆڕن

دەستوور

کۆمپانیای گووگڵ بۆ پارێزگاریکردنی زیاتری زانیاریی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت داوا لەبەکارهێنەران دەکات ساڵی دوو جار وشەی نهێنیی پۆستی ئەلکترۆنیان بگۆڕن.
کۆمپیوتەر وۆرڵد بڵاویکردەوە گرنگترین ئامۆژگاری بۆ بەکارهێنەرانی ماسنجەرو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕینی وشەی نهێنییە.
لەدرێژەی داواکارییەکەی گووگڵدا هاتووە هاککەرەکان حەزێکی تایبەتیان لەدزینی وشە نهێنییەکانەو باشترین ڕێگە دووجار گۆڕینی پاسۆردە لەماوە ساڵێکدا.
ئامۆژگارییەکی دیکەی گووگڵ ئەوەیە زانیارییەکانی خۆتان لەبەشێک لەسایتەکاندا تۆمارمەکەن، بۆئەوەی لەڕێگەی ئەو زانیاریانەوە تووشی زیان نەبن.
هەروەها گووگڵ داوادەکات وشەی ئاسایی وەک ڕێکەوتی لەدایکبوونو ناوی بچوکو ژمارە بۆ دەشتنیشانکردنی پاسۆرد بەکارنەهێنرێت.



# یانەی سمێڵ زلان لەمیسر دادەمەزرێت



دەستوور

لەوڵاتی میسر پیاوێک بەهۆی سمێڵ درێژییەوە چەند خەڵاتێکی بردووەتەوەو یانەی سمێڵ زلانیشی دامەزراند.
بەپێی هەواڵێکی کەناڵی ئەلعەرەبییە فەتحی ئەحمەد مەحمودی ناسراو بەفەتحی سمێڵ درێژ، لەساڵی ١٩٨٧ەوە سەرگەرمی دامەزراندنی ئەو یانەیەیەو چەندانجار سەردانی لایەنی پەیوەندیداری کردووە بۆ وەرگتنی مۆڵەتی کردنەوەی یانەکە، سەرئەنجام بەمزوانە لەژێر دروشمی «پیاوی بێ سمێڵ دیمەنێکی ناشیرینی هەیە»دا توانی مۆڵەتەکە وەربگرێتو یانەکەی بکاتەوە.
مەرجی بوونە ئەندام لەو یانەیە ئەوەیە، پێویستە سمێڵی ئەندام لە٢٠ سانتیمەتر کورتتر نەبێتو دەستەی دامەزرێنەرانی بریتییە لە٢٤ کەس، لەماوەیەکی کەمیشدا ژمارەی ئەندامانی گەیشتووەتە ٢٠٠ کەس.
لەنێو ئەندامانی یانەکەدا کەسانی نێو سوپاو پۆلیسو سیاسەتمەدارانو پارێزەرانو ئەندازیارو دکتۆرو چەندان خاوەن پیشەی دیکەی تێدایە.

# دەشنێ گۆرانی بۆ دایکو باوکی دەڵێت



موحسین یاسین

گۆرانیبێژی ناودار دەشنێ سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئەلبومێکی نوێو لەو ئەلبومەدا گۆرانییەکی بۆ دایکو باوکی وتووە.
دەشنێ لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئەلبومە نوێیەکەی، کە گۆرانییەکانی بەزمانی کوردیو عەرەبی تۆماردەکاتو ئاوازەکانی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە دانراوە.
دەشنێ ئەوەشی وت یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەلبومە نوێیەکی، بۆ دایکو باوکی وتووە.
ئاشکرایکرد کەگۆرانییە عەرەبییەکانی لەهۆنراوەی شاعیری میسری هانی سەغیرە.

# ژنان لە٣٤ کاتژمێر زیاتر ناتوانن نهێنییەکان بپارێزن



دەستوور

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی دەرکەوتووە ژنان لە٣٤ کاتژمێر زیاتر ناتوانن نهێنییەکان لای خۆیان بپارێزنو لەو کاتە بەدواوە لای کەسێک دەیدرکێنن.
دەیلی ئیکسپرێس بڵاویکردەوە تیمێکی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی ڕاپرسی لە٤٠٠٠ ژن بەو ئەنجامە گەیشتوونو ئەنجامە کۆتاییەکان نیشانیدا تەنانەت ئەو ژنانەی سوێنددەخۆن نهێنییەکان نەدرکێنن، دوای چەند کاتژمێرێک سوێندەکەیان لەبیردەبەنەوەو نهێنییەکە دەدرکێنن.
هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ژنان لەهەر ٤١ خولەک جارێکدا هەواڵی ناڕاست بڵاودەکەنەوە.
دەیلی ئیکسپرێس ئامارەی بەوەشداوە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوە لەساڵی ٢٠٠٩ لەسەر ٣٠٠٠ ژنی تەمەن ١٨ بۆ ٦٥ ساڵ نیشانیدا مانەوەی نهێنییەک لەلای ژن لە٤٧ کاتژمێر زیاتر تێپەڕنابێت.
ئەوەش نیشاندەدات نهێنیپارێزی ژنان بەبەراورد بەساڵی رابردوو ١٣ کاتژمێر کەمیکردووە.

# پێشانگەی یادگارەکانی هیتلەر دەکرێتەوە



دەستوور

لەمۆزەخانەی مێژوویی شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا پێشانگەی یادگارەکانی سەردەمی ئادۆلف هیتلەر کرایەوەو لەو پێشانگەیەدا کاریگەرییەکانی بانگەشەو کەسایەتیی هیتلەر لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەڵمانیا پیشاندرا.
ناوی ئەو پێشانگەیە "هیتلەرو خەڵکی ئەڵمانیا"یەو یەکەمین پێشانگایە لەناسراوترین مۆزەخانەی ئەو وڵاتە پەیوەندییەکانی نێوان هیتلەرو خەڵک پیشاندەدات.
لەسەرەتای هۆڵی پێشانگەکەدا پەیکەرێکی هیتلەرو نیشانەکانی دیکەی ئەڵمانیای سەردەمی هیتلەر دانراوە.
هەروەها تابلۆیەک نمایشکراوە کە باس ڕێزگرتنی خەڵکی دەکات لەهیتلەر لەپێش وەرگرتنی دەسەڵاتو بەڕێوەبەرانی پێشانگەکەش ئامارە بەوەدەدەن ئەو وێنەیە لەسەردەمی خۆیدا پێشبینیی سەرۆکی داهاتووی ئەڵمانیای کردووە.
پێشانگەی هیتلەرو خەڵکی ئەڵمانیا لەکاتێکدایە ئەو هێمایانەی گوزارشت لەهیتلەر دەکەن، لەشوێنە گشتییەکانی ئەڵمانیادا قەدەغەکراون.




## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

بیروڕات لەبارەی بابەتێکەوە کە پەیوەندی بەکارەکەتەوە هەیە دەگۆڕیت، ئەم مانگە چەند ڕۆژێکی خۆشی تێدایە بۆت. هەوڵبدە بەباشی بەکاریبهێنیتو بەخۆشییەکی زیاترەوە بەسەری ببەیت.



## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

هەندێک کەس دەیانەوێت ئازادیت لێ سنوردار بکەن، لەکارەکەتدا زۆر گونجاویت لەگەڵ دووان لەهاوکارەکانت. تاکە هۆکاری ئەمەش بریتییە لەوەی کە تۆ حەزەکانی ئەوان دەخەیتە پێش حەزەکانی خۆتەوە.




## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ئەم هەفتەیە زۆر گونجاوە بۆ تاوتوێکردنی چەند بۆچوونێک لەگەڵ کەسانی دەورووبەت، بەڵام پێویستە تۆ بەدەنگی بەرز بیروبۆچوونەکانی خۆت دەرببڕیت. باوەڕت بەخۆت لەجاران زیاتردەبێت.



## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

سەرڕای ئەوەی کە زۆر سەرقاڵیت، بەڵام کاروبارەکانت بەباشی بەڕێوە دەبەیتو رایاندەپەڕێنیت. بیرتنەچێت ئەم قۆناغە زۆر گرنگە لەژیانی تایبەتیو گشتی تۆدا. تواناکانت دەبێتە هۆی ئەوەی هیوات بەداهاتووت زۆر بێت.



## شێر (٢٣ تەموز - ٢٢ ئاب)

روانگەیەکی نوێت بۆ ژیان بۆ دروستبووە، ئەمەش دوای ئەو زنجیرە ڕووداوەی لەژیانتدا ڕوویان دا. ئێستا بەباشی لێت ڕوونە کە لەچیدا باشیت. بەباشی لەفێڵەکانی یارییەکە گەیشتوویت.



## فەریک (٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە شتێکی هاوبەشی لەگەڵ کەسی بەرانبەرتدا تێدایە. هەردووکتان خۆتان لەشتە بچووکەکانی ڕۆژانە بەدووردەگرن، تا ڕووبەڕووی کێشەو گرفت نەبنەوە.

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر





## لەچاوەڕوانی هاتنەوەی ناوەکاندا

# خوێندکارێک: گەر ناوم نەیەتەوە، شێت دەبم

ژینۆ عەلی

خوێندکارە دەرچووەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئاماژە بەوەدەکەن بەهۆی درەنگ هاتنەوەی ناوەکانیانو نەزانینی ئەو بەشو کۆلێژەی کە لەزانکۆو پەیمانگاکاندا وەریاندەگرێت، لەحاڵەتێکی دەروونی نالەباردانو بەوهۆیەوە دڵەڕاوکێو ترس بێتاقەتی کردوون.

بەهۆی ئەوەی لەکوردستاندا وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی زانستیو وێژەیی لەزانکۆو پەیمانگاکاندا بەپێی سیستمی قبوڵ مەرکەزیەو لەوەرگرتنی خوێندکاراندا رەچاوی خواستو نمرەی خوێندکار ناکرێت.

بۆیە تا رۆژی هاتنەوەی ناوەکانیان، خوێندکاران نازانن چ بەشو کۆلێژێک وەریاندەگرێت، خوێندکاران دەڵێن بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەچاوەڕوانیو دڵەڕاوکێداینو نازانین کاتەکانمان چۆن دەڕۆن.

تائێستا وەزارەتی پەروەردە رۆژی هاتنەوەی ناوەکەی دیارینەکردووەو خوێندکاران نازانن کەی ناوەکانیان دێتەوە.

پشکۆ عەلی، یەکێکە لەو خوێندکارانەی کۆ نمرەکەی ٦٧ە، ترس لەنەهاتنەوەی ناو ژیانی لێ تاڵکردووە، وتی" لەهەموو ساڵەکانی خوێندنمدا وەک ئەمساڵ تووشی حاڵەتی دەروونی ناخۆشی وانەبوومەتەوە، بەتایبەت لەناو هاتنەوەدا بەردەوام لایەنی دەروونیم زۆر ماندووە، خەمی ئەوەمە ناوەکەم نەیەتەوە، یان ئەو بەشەی کەمن دەمەوێت نەیەتەوە گەر وانەبێت شێت دەبم ".

ئەمساڵ ٤٢٤١٥ خوێندکار لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی دەرچوونو بڕیارە لەو رێژە ٢٢٤٢٥ خوێندکار لەزانکۆو پەیمانگاکان وەربگیرێن، کەئەوانیش ئەو خوێندکارانەن کە نمرەکانیان بەرزە، نزیکەی ٢٢ هەزار خوێندکاری دیکەش بۆ ئەمساڵی خوێندن وەرناگیرێن، ئەو خوێندکارانەی، کە نمرەی کەمیان هێناوە، لەئێستاوە توشی دڵەڕاوکێ بوونو لەبڕیارەکەی وەزارەتیش نیگەرانن.

شەهێن ئەکرەم نمرەکەی٦١ە لەشەشی زانستی، وتی "بوونی ئەم جۆرە سیستمە لەکوردستاندا بەهەزاران خوێندکاری وەک منی تووشی دڵەڕاوکێو خەمۆکی کردووە، بەردەوام بیرکردنەوەم بۆ ناو هاتنەوە تەرخانکردووە، دەترسم یەکێکبم لەو خوێندکارانەی کە ناویان نایەتەوە بەر ئەو شاڵاوی مەرگە بکەوم".

کانی عومەر نمرەکەی ٧٤ە، خوێندکاری زانستییە، دەڵێت "تووشبوونمان بەنەخۆشییەکانی دوودڵی لەدواکەوتنی ناوەکانمان، زیاتر لەدەروونی ئەو جەنگاوەرە ئاڵۆزترە، کە بۆ یەکەمجار دەچێتە مەیدانی جەنگەوە".

توێژەرێکی دەروونی پێیوایە درەنگ هاتنەوەی ناوی خوێندکارانو نەزانی شوێنی وەرگرتنیان شڵەژانو فشاری دەروونی بۆ خوێندکار دروستدەکات.

سامان سیوەیلی مامۆستای زانکۆی سلێمانی بەدەستووری وت "لەم ساتەدا کەخوێندکار لەچاوەڕوانی هاتنەوەی ناوەکەیەتی، تووشی شڵەژان یان فشارێکی دەروونی دەبێت، بەتایبەت ئەو خوێندکارانەی کەکۆی نمرەکانیان کەمترە، رەنگدانەوەی زۆری دەبێت لەسەر خوێندکار".

سیوەیلی وتی "کەناڵەکانی راگەیاندن هۆکارن بۆ ئەم فشارە دەروونییە، کە هەریەکەیان بەپێی بیستنی هەواڵێک، هەواڵی وەرگرتنی خوێندکار یان وەرنەگرتنیان بڵاودەکەنەوە، ئەگەر بەشی راگەیاندنی وەزارەت ئەم کارە ئەنجامبدات، خوێندکارەکانمان لەو حاڵەتە دەروونییە رزگاردەکەن".

کۆمپانیای سولی تێلیگراف

بۆ رۆژنامەوانیو چاپو بڵاوکردنەوە




بەردەوام ئاگاداری هەواڵو گۆڕانکارییەکان بە لەهەرکوێییەک بیت